


خودایە تۆ بەتەنها چیاکانت خەڵات
نەکردووین بەڵکو بابی چیاکانیش
بارزانی پتەوتر و سەختر و باڵاترت
لە چیاکانت پێ بەخشیوین



# کاتێ بارزانی نەمر لە دایکبوو ئازادی چاوی هەڵهێنا

ئەحمەد سالار


تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

ساڵەهای ساڵ بوو، دنیایەکی ئەنگوستەچاوبوو، شەوگار کۆتی ئەوق بوون بوو، هەرخۆی دەکێشایەوە و باری گرانی قورستر دەبوو، خۆر جام ببوو لەو دیو ئاسۆکانەوە گیری خواردبوو. ئاسمانی ئاسمان ئاسا، بە شێوەیەك هاتبوویەوە یەك، دەتگوت چەرمە چولەکەی وشکهەڵهاتووی بە چرچ و لۆچ تەنراوە. ئەو کێوە بەژن باڵایانەی هەور لەدامێنیاندا پەنگی خواردبوویەوە، کە سەریان لە سەری کەشکەڵانی فەلەك دەسوو، سەریان بە سەری یەکدییەوە نابوو، دیارە سەرقاڵی مشتومڕ و را و تەگبیرێك بوون، هەموویان قەتیسی وەرامی تاکە پرسیارێك بوون: داخۆ کەی بێ بەیان بدات ؟ خودایە کەنگێ رۆژ دەبێتەوە؟

کاروان چاوی لە گۆنای ئاسۆ هەرە دوورەکان بڕیبوو، چاوەچاوی دەرکەوتنی گزنگێ بوو، بەڵکە خوایە ملی رێگاکەی بگرێتەوەبەر، ئەوە شەوگاریش هەر درێژەی بە یەڵدای نابڕێتەوەی خۆی دەدات. عەرد و ئاسمانی لە سای قورسایی تاریکیدا، ناڵە و نرکەیان گوێی گەردوونی کەڕ دەکرد.

کات لە بزواندن کەوتبوو، شتەکان ملیان لە وادەی سڕینەوە دەسوو.. ئاهو نرولەی نزاکاران دار و بەردیان هێنابووە شەقە شەق، ژان، ژانی وا بەسۆ نەبینراو بوو، دێو و درنجانی پشت کێوانی جیهانی ئەفسانەکان لە هەر چوار قوڕنەی ئەم جیهانە بەربەرینەوە، چووبوونە قەڵاندۆشکانی دۆندە هەر باڵاکانی ئەم هەوارە پارە پارە کراوە، بە دەم هاوار و پاڕانەوە، بەدەم شەرای هاڵاوی کڵوڵانەی ئەو خەڵکەوە چواردەوری هەڵئەپڕووسکان و هەڵئەقرچان.

هاوار هاوار بوو، لەو هاوارەدا سۆراغ سۆراغی خۆر بوو. بروسکەیەك، چەخماخەیەك، ئەما چەخماخە، رۆژهەڵات و رۆژئاوای نەك هەر بەئاگا هێنا، بەڵکو هەژاندی و رایچڵەکاند.. دەنگێ لە قوڵایی دواپەردەکانی ئەو دیو بوونەوە هات و دەنگدانەوەی کێوە دۆش داماوەکانی خستبووە جلوەی سەمای گیان و ژیان و دڕی



**کاتێ بارزانی نەمر، چاوی هەڵهێنا، لە خۆشیاندا خۆر سەرلەنوێ لەدایک بوو، کوردستان سەرلەنوێ تەمەنی نووسرایەوە، گوێ لە زایەڵەی زکر و تەهلیلە بگرن .. ئەڵڵا ئەڵڵا .. دیاری خوداییە بۆ ئەم گەلە پێشێلکراوە، خودایە سوپاس بۆ پاداشتت، خودایە تۆ بە تەنها چیاکانت خەڵات نەکردووین، بەڵکو بابی چیاکانیش، بارزانی پتەوتر و سەختر و باڵاتر لە چیاکانت پێ بەخشیوین**

**جەژنەو کۆڕ و گۆڤەند گەرمە و بڕوانن کاوەی ئاسەنگەرە، ئەمان شەدەی لارە و دەسماڵێکی ئاڵ ئاڵی بەدەستەوەیە و سەرچۆپی ئەم ئاهەنگەی گرتووە، ئەوەتا ئەستێرە شاباشی پێ و قدومی پیرۆزی دەکرێ و، وڵات بۆتە مێرگوڵانی گوڵە هیوا، گوڵە خۆر، گوڵە ئەستێرە، گوڵە روومانگ ...**

بە زەریای بەستەڵەکی چاوەڕوانی دەدا، بارانێ باری لە تەك هەر تنۆکێکا چراخانی رۆشنی دەهاتە خوارێ و ئاسمان ساماڵ بوو، هەتا چاوان بڕ کا دەشت و سارا پەڵکەزێڕینەبەند بوو، سۆزەی، ئای خودایە، ئۆخەی خودایە ئارامپژێنی گیانە پەرۆشەکانی دەکرد. ئەوا جەژنە و مزگێنی بێ و ئەوا جەژنە جەژنی کوردانە...

سەرجەم دەر و دەرگا و پەنجەرەکان بلورینی گوڵ گوڵی بوون، دەروازەی پەردە پەردە باڵاکانی دیوانی پەروەردگار خرانە سەر پشت...

ئەوا گزنگی خۆری نەورۆزییە، نوقڵانە بەخشە و گوێزەبانە دەبەخشێتەوە، بە ماڵە و ماڵی ئەم هەوارە هەواڵ گوڵاوپژێنی کوچە و کۆڵان و دەر و دەشتی دەکرد، مزگێنی هەڵئەکشاو سینە و بەرۆك و گۆنای ئاسمانی چراخانی ماچ دەکرد.

خەڵکینە سەدەی ستەم رەوایەوە، بارزانی لە دایکبوو، بڕوانن ئەها چۆن چۆنی کانیاوەکانی بیری کوردایەتی، بیر ئازادی و سەرفرازی تەقینەوە و تاڤگەی جوان هەڵچوونیان هەتا کوێ بڵندە و بڕدەکات.. ئەوەتا کێو بە کێو، بەڵێ، ئەوەتا هەڵگورد و ئەڕاڕات و زاگرۆس و هەورامان لە خۆشییاندا چوونە کێشی پەپوولەی نازەنینەوە و هەواڵی لەدایکبوونەکە بە گوێی یەکدیدا رادەگەیێنن، ئەوا یەکەم ئاگری نەورۆزی سەرەتای ساڵی ژیانی کوردانە و بانگ رادەگەیێنێ...

بڕوانن ئەوە دیجلە و فورات بەر لە جێهێشتنی خاکی پیرۆزی کوردستان، زۆر نەچۆتە خوارێ و هەڵوێستەیان کرد و بەدەم قاقالێدانی شەپۆلە سەرهەڵگرتووەکانیانەوە دەستەملانی یەکدی بوون و پیرۆزییان لە خاك دەکرد ...

کاتێ بارزانی نەمر، چاوی هەڵهێنا، لە خۆشیاندا خۆر سەرلەنوێ لەدایك بوو، کوردستان سەرلەنوێ تەمەنی نووسرایەوە و، وەرزەکانی ساڵ کەوتنەخۆ، بوونە یەك وەرز، وەرزی نەورۆز و گوڵان و کردیانە وەرزی سەرانسەری کوردستان، جەژنە و کۆڕ و گۆڤەند گەرمە و بڕوانن کاوەی ئاسەنگەرە، ئەمان شەدەی لارە و دەسماڵێکی ئاڵ ئاڵی بەدەستەوەیە و سەرچۆپی ئەم ئاهەنگەی گرتووە.. ئەوەتا ئەستێرە شاباشی پێ و قدومی پیرۆزی دەکرێ و، وڵات بۆتە مێرگوڵانی گوڵە هیوا، گوڵە خۆر، گوڵە ئەستێرە، گوڵە روومانگ...

گوێ لە زایەڵەی زکر و تەهلیلە بگرن .. ئەڵڵا ئەڵڵا .. دیاری خوداییە بۆ ئەم گەلە پێشێلکراوە، خودایە سوپاس بۆ پاداشتت، خودایە تۆ بە تەنها چیاکانت خەڵات نەکردووین، بەڵکو بابی چیاکانیش، بارزانی پتەوتر و سەختر و باڵاتر لە چیاکانت پێ بەخشیوین.

بەو دیارییەت دەستی پیرۆزت دایەوە دەستی شکستەمان و چاومانت بە کلچووکی خۆر رۆشنکرد و، ئارامت خەڵاتی بێ ئارامان و ئومێد بۆ بێ ئومیدان و پشت و پەنا بۆ بێ پشتیوانان... دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و دەستەکوڵەیت بۆ گۆڕین بە سەقامگیر و هەستانەوە بەرەنگاربوونەوە و چاونەترسی...

بەڵێ، بەڵێ. خوداکەم، بەدەست و خامەی پیرۆزتان بۆ لەدایکبوونی بارزانی نەمر، لەسەر لەوحی سەنگینی هەمیشەیی و هەرمان نووسیتان ((بارزانی هاتە بوونەوە ژیانی ئازادیتان لە دایك بوو)).

دەسا پیرۆزبێ و یادبەخێر باوکە گەورەکەی هەمیشەیی کوردان...

ئەدهەم بارزانی بۆ گوڵان:

# ڕێبازی بارزانی واتە خواناسین، کوردپەروەری، دادپەروەری، خەبات و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**ئەم ڕێبازە لە سەر بنەمای هەق هاتووە، هەقیش زۆر جار ڕووبەڕووی موسیبەت و دەردەسەریی ناوخۆ دەبێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ئەم ڕێبازەیە**





**فیکر و ڕێبازی بارزانیی نەمر بۆ هەموو سەردەمێك ڕێگەپیشاندەری خەبات و قوربانیدانە، ئیرادەیەکە بۆ چوونەوە بە گژ ڕۆژەسەختەکان و ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەبنەوە. لە ئێستادا کە کوردستان بە قۆناخێکی سەخت و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و ناوچەکە سەرتاسەری لە سەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورەدایە، کورد جارێکی دیکە پێویستی بەوەیە بگەڕێتەوە بۆ فیکر و ڕێبازی بارزانیی نەمر، کە واتای پێکەوەژیان و یەکتری قبووڵکردن و نەهێشتنی کێشە و ناکۆکییەکانە لە نێوان سەرجەم حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، لەمەش زیاتر ئەم ڕێبازە ئیرادەیەکە بۆ چوونەوە بە گژ گەندەڵی و یەکخستنەوەی تواناکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە ئێستا کوردستان ڕووبەڕووی بۆتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم ڕێبازە و چۆنیەتی سوودلێوەرگرتنی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ ئەدهەم بارزانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە باسی لە گرنگیی ڕێبازی بارزانی کرد.**

**لەو کاتەوەی مستەفا بارزانی هاتۆتە ناو خەبات و تێکۆشان، ئیرادەیەک دروست بووە، ئەم ئیرادەیە ئەوەیە کە دەڵێت: بەڵێ، کورد تۆ دەتوانی لە سەر پێی خۆت بوەستیت، تۆ دەتوانی ئەو زوڵمە مێژووییەی لێتکراوە قبووڵی نەکەیت، ئەو نەتەوەیەی کە پارچە پارچە کراویت و مافت نییە باسی کوردستان بکەی، ئێستا دەتوانی بەگژ هەموو -سایکس پیکۆ- کاندا بچیتەوە**

*** دیارە ئەم ژمارەیەی گوڵان هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر، بۆیە لە دەستپێکدا دەمانەوێت لەو خاڵەوە دەستپێبکەین، ئایا ڕۆژی ١٤ی ئادار کە ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانیی نەمرە، لای ئێوە چ مانایەکی هەیە؟**

- حەزدەکەم لەم بۆنەیەدا ئەوە بڵێم، پێش هەموو شت ژمارەی ١٤ لە ژیانی مندا بۆتە شتێکی تایبەتی، بەڵام حەزناکەم هۆیەکەی بڵێم، ئەوجا سەبارەت بە ڕۆژی ١٤ی ئادار کە ڕۆژی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی-یە، لای من ئەو ڕۆژە هەڵهاتنی ڕۆژێکە لەناو هەورێکی ڕەش کە هەموو کوردستانی داگیرکردبوو و کوردستانی پارچە پارچە کردبوو. بۆیە لەو کاتەوەی مستەفا بارزانی هاتۆتە ناو خەبات و تێکۆشان، ئەوا ئەگەر لە هەموو شت گەڕێین، ئەوا ئەم ڕێبەرە و ئەم ڕێبازە، یەك ئیرادەی گرنگی دروست کردووە، ئەم ئیرادەیەش ئەوەیە: بەڵێ، کورد تۆ دەتوانی لەسەر پێی خۆت بوەستیت، تۆ دەتوانی ئەو زوڵمە مێژووییەی لێتکراوە، قبووڵی نەکەیت، ئەو نەتەوەیەی کە پارچە پارچەکراویت و مافت نییە باسی کوردستان بکەی، کە وڵاتی خۆتە و بە ناو کوردەوە ناوە نراوە، کوردستانی سووریا و عێراق و ئێران و تورکیا هەیە، بەڵام تۆ خۆت کوردستانت نییە، ئەوا لەو ڕۆژەوەی مستەفا بارزانی دەستی کرد بە خەبات، بە کورد گوترا تۆ ئیرادەت هەیە و دەتوانی بەرامبەر هەموو -سایکس پیکۆ-کان ڕابوەستیت و داوای خاکی خۆت بکەیت و بە ناوی کوردستان و بە سەربەرزی لە سەر ئەم خاکە بژیت.

*** ئاماژەتان بە ڕێبازی بارزانیی نەمر کرد، ئایا ئەم ڕێبازە چی دەگەیەنێت و چۆن بۆ ئێستا و نەوەکانی داهاتوو باسی بکەین؟**

- ڕێبازی بارزانی پێش هەموو شت، واتە خوناسینە، ئەمەش بەو مانا بەرفراوانەی کە دەڵێت: (من عرف نفسه فقد عرف ربه)، واتە ئەوەی خۆی ناسی، خوای خۆیشی دەناسێت، ئەوەی خۆی ناسی مرۆڤایەتی دەناسێت، ئەوەی خۆی ناسی دەزانێت بۆچی هاتۆتە دنیا و ئەرکی چییە و تا کۆتاییش لە سەری ڕادەوەستێت و بێجگە لە جوانی و پاکی و دادپەروەری شتێکی دیکە پێشکەش ناکات، خاڵێکی دیکەی ڕێبازی بارزانی، کوردپەروەرییە، دیارە مستەفا بارزانی لە شوێنێك بە ناوی بارزان پێی ناوەتە خەباتی کوردایەتی، لێرەدا مەبەستمە بڵێم بارزان بە مانای گوندی بارزان، لەم گوندەدا عەشیرەتێکمان نییە بە ناوی عەشیرەتی بارزان، بۆیە

کە لە ڕاگەیاندن بە عەشیرەت باس دەکرێت، ئەوە هەڵەبوونە و دەبێت ڕاست بکرێتەوە، لە بەر ئەوەی بیروباوەڕێك، یان عەقیدەیەك بە ناوی بارزان هەیە کە سەرچاوەکەی تەریقەتی نەقشبەندییە، شێخەکانی بارزان کە پێڕەوی تەریقەتی نەقشبەندی بوون، پێنج کەسن کە بریتین لە:(١- شێخ عەبدولڕەحمان،٢- شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، ٣- شێخ محەمەد، ٤- شێخ عەبدولسەلامی دووەم، ٥- شێخ ئەحمەد)، ئەمانە لە بارزان پێگە و ژینگەیەکیان دروستکرد کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ بگیرێت و بەهاکان بۆ مرۆڤ بگەڕێتەوە، ژینگەیەك مرۆڤی بەو جۆرە پەروەردە کرد، چۆن لەم دنیایە دەژیت و کە دەچیت بۆ ئەو دنیا چی لەگەڵ خۆت دەبەیت، بۆ ئەوەی لەم دنیا و لەو دنیاش سەرفراز بیت، ئەم ژینگەیەی لە سەر دەستی ئەم شێخانە دروستکرا، خەڵکانی دیکەش بوونە پێڕەوی ئەو ڕێبازە کە بریتین لە ٧ عەشیرەت، ئەمانە بوونە پێڕەوانی ڕێبازی بارزان، یان ملەتی بارزان، دیارە دەزانن بە زمانی عەرەبی ملەت واتە ئەو کۆمەڵە کەسەی شوێن فیکرێك، یان بیروباوەڕێك دەکەون. لەم ژینگەیەدا مستەفا بارزانی فێری یەك پرسی گرنگ بوو کە پەیوەست بوو هەم بە لایەنە دنیاوییەکەی، هەمیش پەیوەست بوو بە لایەنی ڕۆژی دواییش، ئەو بیروباوەڕەش ئەوە بوو کە دەبێت بەرگری لە هەر مەزڵوومێك بکرێت، لە دیدی مستەفا بارزانی-یەوە نەتەوەکەی گەورەترین مەزڵووم بوو کە خاکەکەی داگیرکرابوو و بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرابوو، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مستەفا بارزانی وەك سەرکردە و ڕێبەرێك پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی، ئیدی وەك کەسێکی چەکدار بە هەموو بابەتە فیکرییە جوانەکان، چەکدار بە مقاوەمەت و خۆڕاگری، وەك قەڵایەك کە قابیلی شکست نەبێت، دەستی پێکرد، بۆیە ئەو هێزەش کە لە دەوری مستەفا بارزانی بوون، هێزێکی خاوەن بیروباوەڕ بوون، بە جۆرێك ئامادەی قوربانیدان بوون، ئەگەر ١٠٠ ڕۆحشیان هەبوایە، ٩٩ یان بکردایە قوربانی، ئەوا بۆ ١٠٠میشیان دوودڵییان نەدەکرد. ئەوان بەمجۆرە توانییان ئەم ڕێبازە بگەیەننە ئێرە، بەڵام من ئێستا دەڵێم: بەداخەوە نەمانتوانی بە تەواوەتی نوێنەری ڕاستەقینە و ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو ڕێبازە بین و وەك خۆی پیشانی نەوە و گەنجەکانی ئێستای وڵاتەکەمانی بدەین، هەندێك هەڵەمان کردووە کە نەدەبوو ئەو هەڵانە بکەین، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش من مزگێنییەك دەدەم، ئەم ڕێبازە لە بەر ئەوەی لەسەر هەق هاتووە، هەقیش زۆر جار بەرگەی موسیبەت و دەردەسەری ناوخۆ دەگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ئەم ڕێبازەیە، چونکە هەقە.

*** ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکی هەستیار و پڕ تەحەددییە، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکێکی زۆر گەورەی کەوتۆتە سەرشان، ئایا لە هیچ قۆناخێکدا پێشتر بارودۆخی کوردستان ئاوا هەستیار و مەترسیدار بووە؟ هەروەها ئایا لە هیچ قۆناخێکدا وەك ئێستا ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان قورس بووە؟**

- پرسیارەکەتان دوو بەشە، سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان، لەوانەیە زۆر بارودۆخی لەمەی ئێستا سەختتر بەسەر کوردستاندا تێپەڕ بووبێت، لە قۆناخە جیاوازەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا کارەساتی زۆر گەورە بە سەر میللەتی ئێمەدا هاتووە، لەوانە پرۆسەکانی ئەنفال، کیمیاباران، کۆمەڵکوژی، کاولکردنی زیاتر لە ٤٠٠٠ گوندی کوردستان، بۆیە بەڵێ قۆناخی سەختتر لەمەی ئێستا بە سەر میللەتەکەماندا هاتووە، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەش کە تایبەتە بە ئەرکی پارتی لەم قۆناخەدا، لەمەیاندا دەڵێم: لە هیچ قۆناخێکدا ئەرکی سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ئێستا قورس نەبووە، من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پارتی وەك حزبێکی خاوەن پرۆگرامێکی دیاریکراو سەیر ناکەم، بەڵکو وەك بزاڤێکی مێژوویی و جەماوەری و وەك ڕێبازی مەلا مستەفای بارزانی باسی دەکەم، ئەوجا لێرەوە ئەوە ڕاستە بە درێژایی مێژوو و لە تەواوی قۆناخە جیاوازەکاندا ئەرکی ئەم بزاڤە جەماوەرییە قورس بووە، بەڵام لەم قۆناخەدا وێڕای سەختیی ئەرکەکەی، دەبینین ئەرکەکەی مەترسیداریشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوژمنان لە هەموو لایەکەوە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە و ئامانجە بڵند و گەورەیەی ئەم بزاڤە جەماوەرییە بە درێژایی مێژوو خەباتی بۆ کردووە، لەم قۆناخەدا نەهێڵن ئەو ئامانجە بۆ کوردو کوردستان بێتەدی، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی پارتی وەك بزاڤێکی جەماوەری لەم قۆناخەدا زۆر بە سەخت دەزانم.

*** ئەگەر کوردستان وەك کەشتییەك لەناو ئەم گێژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنا بکەین، دیارە کاپتنی ئەو کەشتییە ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی-یە، ئایا چۆن لەم قۆناخە هاوکاری بین**

**مستەفا بارزانی وەک سەرکردە و ڕێبەرێک، پەروەردەی ژینگەی بارزان و چەکدار بە هەموو بابەتە فیکرییە جوانەکان، چەکدار بە مقاوەمەت و خۆراگڕی، وەک قەڵایەک کە قابیلی شکست نەبێت، دەستی پێکرد و پێی نایە قۆناخێکی نوێی خەباتی کوردایەتی**

**بەداخەوە نەمانتوانی بە تەواوەتی نوێنەری ڕاستەقینە و ڕەنگدانەوەی تەواوی ئەو ڕێبازە بین و وەک خۆی پیشانی نەوە و گەنجەکانی ئێستای وڵاتەکەمانی بدەین، هەندێک هەڵەمان کردووە کە نەدەبوو ئەو هەڵانە بکەین**

**راستە بە درێژایی مێژوو و لە تەواوی قۆناخە جیاوازەکاندا ئەرکی پارتی وەک بزاڤێکی جەماوەری قورس بووە، بەڵام لەم قۆناخەدا وێڕای سەختی ئەرکەکەی، دەبینین ئەرکەکەی مەترسیداریشە، دوژمنان لە هەموو لایەکەوە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئامانجی سەربەخۆیی بۆ کورد و کوردستان بێتەدی**

**ئەرکی سەرشانی مسعود بارزانی لەم قۆناخەدا زۆر گرانە، هەموو کورد لە هەر چوار پارچە و لە جیهانیش چاوی لە بڕیارەکانی ئەم سەرۆکەیە و ئەو ئێستا وەک ڕێبەرێک نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات و تەنیا ئومێدیشە بۆ کورد و بزاڤە ڕەواکەی**

**بەشێک لە ئێمەش وەک ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەمانتوانیوە وەک پێویست پشتگیری سەرۆک بارزانی بکەین و لەگەڵی ڕابوەستین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکات، بە پێچەوانەوە خۆمان کردووە بە بەشێک لە بەربەستەکان**

**بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم کەشتییە بگەیەنێتە کەناری ئارامی؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەرکی بەڕێز مسعود بارزانی تەنیا لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیشدا قەتیس ناکرێت. مسعود بارزانی وەک خەباتکارێک ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە چەکی پێشمەرگایەتی لەشانە و کوڕی مەلا مستەفا بارزانی-یە، هەروەها مسعود بارزانی نوێنەری پڕ لە سەروەریی خەباتی زیاتر لە ١٢٠- ١٣٠ ساڵی شۆڕشەکانی کوردستان و بارزانە، هەتاکو دەگاتە ئێستا. بۆیە ئەرکی سەرشانی مسعود بارزانی لەم قۆناخەدا زۆر گرانە، هەموو کورد لەهەر چوار پارچە و لە جیهانیش چاوی لە دەست و بڕیارەکانی ئەم سەرۆکەیە و ئەو ئێستا وەک ڕێبەرێک نوێنەرایەتی هەموو کورد دەکات و تەنیا ئومێدە بۆ کورد و بزاڤە ڕەواکەی، بۆیە زۆر ڕاستە منیش دەڵێم: ئێستا مسعود بارزانی کاپتنی ئەو کەشتییەیە و سوکانی ئەم کەشتیە بە دەستی ئەوەوەیە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە کەناری ئارامی و سەربەخۆیی رابگەیەنێت، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان و هەرکەسێکە کە خۆی بە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەزانێت، لەم قۆناخە پشتگیری ئەم سەرۆکە بکات، بەبێ ئەوەی ئەو کەسە سەیری ئەوە بکات، ئەم کەسایەتییە سەرۆکی حزبێکە، یان سەرۆکی بەشێکە لە بەشەکانی کوردستان.

*** بەڵام ئەو کەشتییەی مسعود بارزانی کاپتنەکەیەتی، شەپۆلی زۆر دژ و ئاڵۆزی لەسەر ئاستی ناوچەکە و نێوماڵی کوردیش ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەپێش هەموویانەوە نێوماڵی کوردستان ڕێک نییە، قەیرانی ئابووری و حکومەت و پەرلەمان هەیە، ئایا ئەم بارودۆخە ئەرکەکانی چەند قورستر کردووە؟**

- لێرەدا دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی قسە بکەم، بۆیە دەڵێم: نەک تەنیا لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، یان هەندێک لە بەرپرسانی حکومەت، یان هەندێک لە دەوڵەتان هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی بەربەربەست لە بەردەم ئەم کەسایەتییە دروست بکەن و نەهێڵن وەک ئەوەی ئەو ئامانجیەتی کوردستان بەرەو پێشەوە بچێت، بەڵکو بەشێک لە ئێمەش وەک ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان نەمانتوانیوە وەک پێویست پشتگیری بکەین و لەگەڵی ڕابوەستین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرۆک بارزانی خەباتیان بۆ دەکات، بە پێچەوانەوە ئێمەش خۆمان کردووە بە بەشێک لە بەربەستەکان و وەک پێویست پشتیوانیمان نەکردووە، دیارە ئەو بەشەش بە هەڵەداچووین و خەریکە بەرەو لادانێکی تەواو لە ڕێبازەکە دەچین، بۆیە کاتێک سەرۆک بارزانی لەناو ئەو هەموو شەپۆلە دژانە کاپتنی ئەو کەشتییەیە، ئێمە وەک پێویست نەبووینە هاوکار و پشتیوان بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە سەختە بە سەرکەوتوویی دەرباز بکەین.

*** مەبەستت چییە لەوەی کە بەشێک لە ئەندامانی پارتیش هاوکاری سەرۆک بارزانی نەبوون؟ ئایا کەمتەرخەمیی ئەو بەشە لە بوون بە پشتیوان و هاوکاری سەرۆک بارزانی چییە؟**

- کەمتەرخەمی ئێمە بریتییە لە لادان لە شتە جوانەکانی ڕێبازی بارزانی، وەک ڕێباز و بیروباوەڕ و تێکۆشانی دەیان ساڵەی ئەم بزاڤە، ڕێبازی بارزانی واتای (دوورکەوتنەوە لە ماددییات و بابەتە فیزیکییەکان و خۆپەرستی) بووە و بە درێژایی مێژوو ئەم بابەتانە لە چەمکی ڕێبازی بارزانی-دا بوونی نەبووە و تەنیا هێمای خۆنەویستی بووە، واتە ئەندامانی ئەم ڕێبازە بە سەر و ماڵ و هەرچی هەیانبووە ئامادە بوون قوربانی بدەن بۆ ئەوەی خزمەتی کوردایەتی بکەن، بەڵام بەداخەوە ئێستا لای هەندێک، بابەتەکان پێچەوانە بوونەتەوە، بە شێوەیەک بیریان کردۆتەوە کە ئیتر قۆناخی خەبات و تێکۆشانیان بەرەو کۆتایی دەچێت و پێمان ناوەتە قۆناخی بیرکردنەوە لە خۆشگوزەرانی و کۆکردنەوەی ماددە و پارە و پوول، بەڵام ئەو بەشەمان بەهەڵەدا چووین، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستاش لە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانیدان و ئەم قۆناخە بە کۆتا نەهاتووە و پیرۆزیی گەورەمان بەدەست نەهێناوە، تاکو ئێستاش باشووری کوردستان لە چوارچێوەی فیدراڵییەتێکدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە حکومەتی عێراق بڕوای بەو فیدراڵییەتەش نییە، ئا لەمەدا تووشی هەڵە بووین کە نەدەبوو ئەو هەڵەیە ڕووبدات.

*** ئایا کاری بازرگانی و سیاسەت دوو شتن کە پێکەوە کۆناکرێنەوە، یان بە دیوکی دیکەدا ئایا بازرگانی بە حەرام دەزانیت؟**

- کاری بازرگانی بۆ بازرگانەکانە نەک بۆ سیاسەتمەداران، ئەو کەسەی لە خزمەتدایە و بەرپرسە و لە ناو خەڵکدایە و خۆی بە سەرکردەیەک دەزانێت،

بۆی نییە ببێتە بازرگان، بۆیە راستە بازرگانی بەپێی یاسا ئاسمانی و دانراوەکانی دەستی مرۆڤیش حەرام نییە، بەڵام بۆ کەسێك کە لە پێگەیەکی سیاسیدا بێت، یان لە سەرکردایەتی ئەم بزاڤەدا بێت، بەڵێ حەرامە، بۆیە بە راشکاوی دەڵێم ئەوەی بازرگانیی بکات، ناشێت لە سەرکردایەتی ئەم بزاڤەدا بێت، ئەمە بۆچوونی منە و هەر ئەمەش بە رێگە دروستەکە دەزانم.

*** جەنابی سەرۆك بارزانی هەستی بەم حاڵەتە کردووە، بۆیە کۆمەڵێك بریاری بەتایبەتی بۆ ناوخۆی پارتی دەرکردووە. ئایا هۆکاری ئەو بریارانەی سەرۆك بۆ ناو پارتی چی دیکە لەخۆ دەگرێت و چۆن هاوکاری دەکەن بۆ ئەوەی ئەو بریارانە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێن؟**

- هۆکاری بریارەکانی جەنابی سەرۆك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بابەتەکان زۆر گەورە بوون، بە رای من لە گەندەڵیش دەرچووە، ئەم پرسانە دەبوو لە رۆژی یەکەمەوە بە سیستم رێگەی لێبگیرایە، دیارە مەبەستم لە سیستمیش چ وەك حکومەت هەر لە ساڵی ١٩٩٢ ـەوە، چ سیستم وەك پارتی، بۆیە ئەگەر لە یەکەم دیاردەوە رێگەی لێبگیرایە، ئەوانی دیکە بە دوایدا نەدەهاتن، مەبەستم لەم دەستنیشانکردنە بۆ ئەوەیە بڵێم، ئەرکی سەرشانی جەنابی سەرۆك بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارانە زۆر قورسە و پێویستی بە هاوکاریی جددی هەمووومانە وەك ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەبەستیشم لە هاوکاری جددی، لێدوانی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس نییە کە لە راگەیاندنەکانەوە دەریدەبڕن، مەبەستم لە هاوکاری جددی ئەوەیە، ئەگەر هەڵەشمان کردبێت، گرنگە دان بە هەڵەکانی خۆماندا بنێین و پاشگەز ببینەوە و بریار بدەین دووبارە نەبنەوە، بۆیە لەم حاڵەتە هەرچی جەنابی سەرۆك و یاسا و دادوەرەکان بریاری لەسەر دەدەن، دەبێت بە سنگێکی فراوانەوە قبووڵی بکەین، ئەگەر بەمجۆرە هاوکاریی سەرۆك بکەین، کارێکی ئەقڵانی دەکەین، لەوانەیە هەندێك وا مەزندە بکەن، لە جێبەجێکردنی ئەم بریارانە شتێك لە بابەتە ماددییەکان لەدەست دەدات، بەڵام دەبێت خۆی لەوە دڵنیا بێت، لە بری ئەو زیانە ماددییانە شتێکی گەورەتر بەدەست دەهێنێتەوە، ئەو شتە گەورەیەش ئایندەی ئەم وڵاتەیە، هەروەها ئایندەی کوڕ و کچ و نەوەکانی ئایندەی خۆشیەتی، دەبێت هەموومان هەست بەو راستییە بکەین، ئەگەر ئایندەی ئەم وڵاتە بکەوێتە مەترسییەوە، ئایندەی هەموومان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی دووربینانە سەیری ئەم پرسە بکەین و هاوکار و پشتیوانی جەنابی سەرۆك بین بۆ ئەوەی ئایندەی ئەم وڵاتە لە مەترسی بپارێزین، بەپێچەوانەوەشەوە ئەگەر هاوکاری نەبین بۆ جێبەجێکردنی ئەم بریارانە، بێگومان بارودۆخەکەمان بەرەو مەترسی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش نەك تەنیا بۆ حزبێك، بەڵکو بەرژەوەندی هەموو حزب و سەرکردەکانی ئەم وڵاتە و تا دەگاتە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی هەمووی رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە.

*** دەنگۆیاسێك بڵاوبۆتەوە بەوەی گوایە دەبنە بەرپرسی حزب لە دەڤەری سلێمانی، دیارە لە دەڤەری سلێمانیش لە رێگەی هەندێك میدیا و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە گوێبیستی ئەوە دەبین، خەڵکانێك هەن دژی سەربەخۆیی قسە دەکەن، ئایا پێتوایە ئەمە رای خەڵکی سلێمانییە؟ یان بۆچی ئەم دەنگۆیانە لەم شارە قارەمانە جێگەیان بۆتەوە؟**

- سەرەتا با وەڵامی ئەو هەواڵەت بدەمەوە سەبارەت بە چوونم بۆ سلێمانی، بەڕاستی دەڵێم هەتا ئێستا سەبارەت بە چوونم بۆ سلێمانی ئەمە بابەتێکە لەوانەیە زیاتر لە راگەیاندنەکان باس کرابێت، بۆیە لە رێگەی گوڵانەوە رایدەگەیەنم بە هیچ شێوەیەك لە رێگەی منەوە ئەم بابەتە باس نەکراوە. من ناڵێم هیچ لەسەر ئەم پرسە باس نەکراوە، بەڵام لەئاستی قسەکردن بووە و نەبۆتە بریار، بۆیە نەدەبوو بەمشێوەیە راگەیاندنەکان ئەم بابەتە بڵاو بکەنەوە، سەبارەت بەو قسە و باسانەشی بە ناوی خەڵکی سلێمانییەوە دەکرێن و لەم دەڤەرە گوێبیستی دەبین، من دەڵێم زۆر بەداخم بۆ ئەم شارە قارەمان و تێکۆشەر و کوردپەروەرە و هەروەها بۆ ئەو قارەمان و تێکۆشەرانەش لەم شارە دەژین، کە زۆر شت بە ناوی شاری سلێمانی و خەڵکە کوردپەروەرەکەی دەگوترێت، زۆر بریار بە ناوی ئەم شارە جوامێر و پڕ قوربانییەوە دەدرێت، بەڵام خەڵکی سلێمانی لێی بێبەرین، سلێمانی و خەڵکەی، شارێك و کەسانێکن هەموو کات بە درێژایی قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستان هەمیشە خاوەنی رای تایبەتی و هەڵوێستی خۆیان بوون، ئەم شارە خاوەنی شەهید و قوربانییەکی زۆر گەورەیە لە بزاڤی رزگاریخوازیماندا، بۆیە کە هەندێك قسەمان گوێ لێدەبێت، بە راستی وەك خۆم ئەو قسانە لە ئاستی کەسایەتی و خەڵکی کوردپەروەری ئەو شارە نابینم، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە، ئایا کێ گوتوویەتی،

**ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان و هەرکەسێکە کە خۆی بە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەزانێت، دەبێت لەم قۆناخە پشتگیری سەرۆك بارزانی بکات، بە بێ ئەوەی ئەو کەسە سەیری ئەوە بکات کە ئەم کەسایەتییە سەرۆکی حزبێکە، یان سەرۆکی بەشێکە لە بەشەکانی کوردستان**

**ئەو کەسەی لە خزمەتدایە و بەرپرسە و لەناو خەڵکدایە و خۆی بە سەرکردەیەک دەزانێت، بۆی نییە ببێتە بازرگان، راستە بازرگانی حەرام نییە، بەڵام بۆ کەسێک لە سەرکردایەتی ئەم بزاڤەدا بێت، حەرامە، ئەمە بۆچوونی منە و هەر ئەمەش بە رێگە دروستەکە دەزانم**

**گرنگە دان بە هەڵەکانی خۆماندا بنێین و پاشگەز بینەوە و بریاربدەین دووبارە نەبنەوە، بۆیە لەم حاڵەتە هەرچی جەنابی سەرۆک و یاسا و دادوەرەکان بریاری لەسەر دەدەن، دەبێت بە سنگێکی فراوانەوە قبووڵی بکەین، ئەگەر بەمجۆرە هاوکاری سەرۆک بکەین، کارێکی ئەقڵانی دەکەین**

**خەڵكی سلێمانی دەریایەك خوێنیان بۆ سەربەخۆیی رشتووە، رۆڵی سەرەكییان هەبووە لە خەبات و تێكۆشاندا، لە ساڵی ١٩٤٣ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و پێی نایە قۆناخێكی تازەی خەبات و تێكۆشان، لە ساڵی ١٩٦٣ و لە سەردەمی بەعسییەكاندا، زیاتر لە ١٣٠ تێكۆشەری شاری سلێمانی زیندەبەچاڵكردنیان هەڵبژارد و ئامادە نەبوون بێڕێزی بە وێنەكەی بارزانی نەمر بكەن**

**هەموو لایەنە سیاسییەكان بەوانەشی كە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی پارتی دەزانن، هەموو كەمتەرخەم بووین بەرامبەر سلێمانی، بەداخەوە هەندێك لەلایەنەكان بەوجۆرە سیاسەتیان كردووە كە رووە جوانەكانی سلێمانی دەشارنەوە**

یان چۆن گوتراوە، خەڵكانێك هەبن لە سلێمانی دژی سەربەخۆیی بن؟ خەڵكی سلێمانی دەریایەك خوێنیان بۆ سەربەخۆیی رشتووە، رۆڵی سەرەكییان هەبووە لە خەبات و تێكۆشاندا، تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٣ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و پێی نایە قۆناخێكی تازەی خەبات و تێكۆشان، لە ساڵی ١٩٦٣ و لە سەردەمی بەعسییەكاندا، هەموو خەڵكی سلێمانی ئامادە نەبوون بچووكترین بێڕێزی بە سەرۆكی نەتەوەیی خۆیان بكەن، كە مەلامستەفا بارزانی-یە، هەر لەو ساڵەدا و لە ناو بەندیخانەكانی بەعس لە سلێمانی، وێنەیەكی مەلا مستەفا بارزانی-یان هێنابوو بۆ ئەوەی بەندكراوەكان بێڕێزی بە وێنەكەی بارزانیی نەمر بكەن، پێیانگوتبوون، هەر كەس سووكایەتی بەو وێنەیە بكات، ئازادی دەكەین و هەر كەسیش ئامادە نەبێت سووكایەتی پێبكات، زیندەبەچاڵی دەكەین، زیاتر لە ١٣٠ تێكۆشەری شاری سلێمانی زیندەبەچاڵكردنیان هەڵبژارد و ئامادە نەبوون سووكایەتی بە وێنەكەی بارزانی نەمر بكەن. لێرەدا من پێموایە هەموو لایەنە سیاسییەكان بە وانەشی كە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی پارتیش دەزانن، هەموو كەمتەرخەم بووین بەرامبەر سلێمانی، بەداخەوە هەندێك لە لایەنەكان رووە جوانەكانی سلێمانی دەشارنەوە، ئایا هەندێك لایەنی سیاسی بۆ ئەوە لە سلێمانی كاری سیاسییان كردووە كە بەشێك لە مێژووی كورد ناشیرین بكەن؟ توخوا چۆن دڵیان هات و مافیان بە خۆیان دا، كۆمەڵێكی كەم لە گەنج و هەرزەكار و كۆمەڵێكی كەم لە پێنووس بەدەستەكان فێربكەن وشەی ناشیرین بەكار بهێنن، پاشانیش وا پیشان بدرێت ئەم وشە ناشیرینانە لە گەنجێكەوە لە سلێمانییەوە گوێمان لێی بووە، بەڵام دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەكان ئەو راستییە بزانن، كە هەر لایەنێك، یان كەسێك لە پێناوی كوردایەتی و شتە جوانەكان خەباتی كردبێت، مێژوویەكی پڕسەروەری تۆمار كردووە و ئەو مێژووە بە هیچ كەسێك ناسڕدرێتەوە، دەبێت ئەو مێژووە جێگەی رێز و تەقدیر بێت. با پرسیار لە خۆمان بكەین، ئایا ئێمە دەتوانین كام لایەن بسڕینەوە، ئەسڵەن ئەم بۆچوونە دژی رێبازەكەی منە و لێم قبووڵ ناكات. ئێمە لە چوارچێوەی رێبازی بارزانی فێری ئەوە بووین، چۆن پێكەوە بژین، چۆن بیروبۆچوونە جیاوازەكان لە بازنەیەكدا پێكەوە كۆبكەینەوە بۆ ئەوەی كارێكی گەورەتر ئەنجام بدەین، بەداخەوە هەندێ جار ئەم شتە جوانانە وای لێهاتووە، مەسەلەكە دەگاتە ئەوەی نەك لە سەر بڕیاری سیاسی لێكجیاواز بین، خەریكە جیابوونەوەی كۆمەڵایەتیش لە نێوان هەولێر و سلێمانی و دهۆك و سلێمانی، لە نێوان دەڤەری بارزان و دەڤەری هەڵەبجە و راپەڕین و گەرمیان دروست دەكەن، توخوا ئەمە سیاسەتە؟ ئایا كێ ئەم سیاسەتە بەڕێوەدەبات؟ من وەك كوردێك كە پەروەردەی رێبازی بارزانیم، ئەگەر راپەڕین و پیرەمەگروون و هەڵەبجە و گەرمیان وەك بارزان سەیر نەكەم، من كورد نیم، ئێمە وا فێر كراوین كە دەبێت سەیری مەزڵوومییەتی ئەم میللەتە بكەین، بەرگری لە مەزڵوومییەتی ئەم میللەتە دژی زاڵمان بكەین، ئەوجا زاڵمەكە هەر كەس و دەوڵەتێك بێت.

*** دیارە مێژووی بارزانیی نەمر پێش پارتی و دواتریش دوای دامەزراندنی پارتیش، واتە مێژووی پارتی و بارزانی تێكەڵی مێژووی سلێمانی بووە، پێتوا نییە ئێستا لە نێوان سلێمانی و پارتی جۆرێك لە تۆران هەیە؟**

- من ناڵێم تۆران، بەڵكو دەڵێم لە بەشێك لە قۆناخی خەباتی رزگاری نیشتمانیمان بەتایبەتی دوای نسكۆی ١٩٧٥، فرسەتێك بۆ هەندێك لایەن دروست بوو كە بە شێوەیەك كار لەسەر دەڤەری سلێمانی بكرێت كە پارتی بە نامۆ پیشان بدرێت، لەمەشدا كارێكی بەرفراوان لەسەر ئەم بابەتە كراوە، سەبارەت بەمە دەڵێم: بەداخەوە كارێكی ناتەندروست كراوە، كارێك كراوە كە نە لە خزمەتی كوردایەتی بووە، نە لە خزمەتی پێكەوەژیان، كارێك كراوە كە بەرگەی جیاوازیی بیروبۆچوونەكان نەگرێت، ئەگەرنا دەڤەری سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و راپەرین، پێگەی هەرە تەندروست و هەرە بەهێزی پارتی دیموكراتی كوردستان بوون، پارتی خاوەنی گەورەترین قوربانییە لەو دەڤەرە، ئەوجا با هەمووشی نەخەینە ئەستۆی لایەنە سیاسییەكانی دیكە، بەشێكی هەرە گەورەی ئەم پرسەش دەكەوێتە ئەستۆی خودی پارتی دیموكراتی كوردستان، وەك پێویست كار لەسەر ئەم دەڤەرە نەكراوە. وەك پێویست لەگەڵ پارتییەكانی ئەم دەڤەرە رانەوەستاوە، بۆیە من پێموایە پارتی وەك پێویست نەیتوانیوە لەو دەڤەرە رۆڵی خۆی بگێڕێت.

*** ئایا چۆن پارتی و سلێمانی ئاشت دەكرێنەوە؟**

- مەسەلەكە ئاشتكردنەوە نییە، خەڵكی سلێمانی

لە پارتی توورە نییە، بەڵکو لە بەرپرسەکانی پارتی نیگەرانە، بۆیە دەبێت خەڵکانی پارتی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان ڕێزیان لێبگیرێت و ئەوانەی خاوەن پێگە و شوێن بوون لەم ڕێبازەدا، دانی پێدابنرێت و بایەخیان پێبدرێت، دەبێت بەرپرسانی پارتی لەو دەڤەرە ئەوجا من بم، یان هەر کەسێکی دیکە، نابێت وا سەیری خۆی بکات خۆی بەرپرسی پلە یەکە، ئەو خەڵکە لە شوێنی خۆیان قوربانی گەورەیان داوە، بەشێکیان زۆر پێش من لە ناو ڕێبازی بارزانی خەباتیان کردووە، بۆیە من ناتوانم ڕۆڵێك بدەم بەوان، یان ڕۆڵێك بۆ ئەوان دیاری بکەم، بەڵکو دەبێت زەمینەیەك دروست بکەین ئەوان بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان هەستن. من ناچم کار بۆ ئەوان دیاری بکەم، هەتا کارێك بۆ پارتی بکەن، ئەوان خۆیان ئەهلی کارن و خاوەنی ماڵ و خاوەنی پارتین، خاوەنی تیکۆشان و قوربانیدانن، بۆیە دەبێت ئەوان ڕێنیشاندەری ئێمە بن، ئێمە چۆن کار بکەین، دەبێت ئەو ڕێزەیان بۆ بگێڕینەوە بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان نوێنەرایەتی پارتی بکەن.

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ سەر ماڵی کورد، دیارە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد لە هەموو شتێك گرنگترە، ئایا چۆن بتوانین ئەم یەکڕیزییە دروست بکەینەوە؟**

- دەبێت هەموومان، واتە هەموو حزبە سیاسییەکان ئامادە بن دەستبەردای ئیمتیازە حزبییەکانیان بن، هەموو پێکەوە لە سەر هێڵ و خاڵ و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی کۆببینەوە، خاڵە هاوبەشەکانی خۆمان دیاری بکەین و لەسەری ڕێکبکەوین، بەپێچەوانەوە ئەگەر دوای بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی بکەوین، ئەوا لە خاڵێکیشدا بە یەك ناگەین.

*** بەڵام ئێستا پارتی و گۆڕان گەیشتوونەتە دەرگایەکی داخراو، ئایا تاچەند دەتوانرێت لەگەڵ یەکێتی پێکەوە ئەم قۆناخە دەرباز بکەن؟**

- من پێموایە دوورخستنەوە، یان پەراوێزخستنی لایەنێك لە لایەنەکان لە بەرژەوەندی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا نییە، بۆیە دەبێت هەموو لایەنەکان پێکەوە لە ژوورێکدا و لەسەر یەك مێزی گفتوگۆ کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، دەبێت لانیکەم لەو ئاستەدا بین کە بتوانین لەسەر یەك مێز کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

*** هەندێك عینادی، یان پێداگری هەیە لەوانەیە بەردەوامی پێبدرێت، ئایا ئەگەر ئەم پێداگرییە هەر بەردەوام بوو، مەخرەجێك بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە دەبێت؟**

- بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە چارەسەر بکەین، من ئومێد دەخوازم ئەو لایەنانەی کە پێداگری دەکەن و پێیانوایە بەو ڕێگەیە کارەکان بەرەو پێشەوە دەبەن، لەو پێداگیری و عینادیە پاشگەزببنەوە، لەبەر ئەوەی بە پێداگری هیچ بەدەست نایەت، بۆیە لە حاڵەتێکدا ئەم پێداگرییە بەردەوامی هەبێت، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، کە هەردوولا پارتی و یەکێتی، لەسەر ئەرزی واقیع، لە بڕیاری سیاسیدا، لە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد، بۆ خۆئامادەکردن بۆ پرسە گەورەکان، بۆ ئەوەی درز نەکەوێتە سنوورەکانی باشووری کوردستان و لەو درزەوە هەڕەشە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان دروست بێت، ئەوا ئەرکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر شانی پارتی و یەکێتی-یە، دیارە بڕیاری ئەم دوو لایەنە پێکەوە بڕیارێکی گرنگە، پێکەوەبوونیان هێزێکی گەورەیە بۆ پاراستنی سنوورەکان، بۆیە ئەگەر هەردوولا پارتی و یەکێتی بگەنە ڕێککەوتنێکی دروست، ئەوا دەبێت هێچ دەنگ و ڕەنگێك لەبیر نەکەن، هەر کەس لە پەرلەمان نوێنەری هەبێت، ئەوا میللەت دەنگی پێداوە و نابێت ئەو دەنگانە نادیدە بگیرێن، دەبێت بە هاوکاریی هەموو لایەك ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن.

*** بەڵام ئێستا مەسەلەی پەکەکە-شی هاتۆتەسەر و ئەویش دەستێوەردان و هەڕەشە دەکات، پرسیار ئەوەیە پەکەکە لەم کاتەدا بۆ وادەکات؟**

- لە هەر بارودۆخێکدا کە شڵەژان دروست بوو، ئیتر کەسانێك هەن حەزدەکەن دەستێوەردان بکەن بۆ ئەوەی دەستکەوتێك لەو شوێنە بەدەست بهێنن، ئەوەی سەبارەت بە پەکەکە دەگوترێت، من ئومێدەوارم بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان تووشی هەڵەیەکی مێژوویی ئاوا نەبێت، بۆیە ئەوەی وەك ئێستا باس دەکرێت و پەکەکە بەو شێوەیە دەستێوەردان بکات، ئەوا بێجگە لەوەی باشووری کوردستان زیانی پێدەگات، ئەوا گورزێکی گەورەش لە پێگەی جەماوەی خۆیان لە باکوور دەدەن، لەبەر ئەوەی هیچ کوردێك قبووڵ ناکات ئەو نیمچە ئازادییەی لە باشوور بەدەست هاتووە، لەناو بچێت، بۆیە ئەگەر هەندێك لە سەرکردەکانی پەکەکەش بریارێکی وابدەن، ئەوا کەسانی کوردپەروەر و ئاقڵمەندی دیکە لە سەرکردایەتی پەکەکە هەن و پێموایە ئەوان قبووڵ ناکەن بابەتێکی وا ڕووبدات.


**ئەگەر ڕاپەڕین و پیرەمەگرون و هەڵەبجە و گەرمیان وەک بارزان سەیر نەکەم، من کورد نیم، ئێمە وا فێرکراوین کە دەبێت سەیری مەزڵوومییەتی ئەم میللەتە بکەین و بەرگری لە مەزڵوومییەتی ئەم میللەتە دژی زاڵمان بکەین، ئەوجا زاڵمەکە هەر کەس و دەوڵەتێک بێت**

**پارتی و یەکێتی لە سەر ئەرزی واقیع، لە بڕیاری سیاسی و لە یەکڕیزی نێوماڵی کورد بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پرسە گەورەکان، بۆ ئەوەی درز نەکەوێتە سنوورەکانی باشووری کوردستان، ئەرکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەسەر شانە و پێکەوەبوونیان هێزێکی گەورەیە بۆ پاراستنی کوردستان**

**ئەگەر هەندێک لەسەرکردەکانی پەکەکە بڕیارێکی وابدەن کە سەقامگیریی باشوور تێکبدەن، ئەوا کەسانی کوردپەروەر و ئاقڵمەندی دیکە لە سەرکردایەتی پەکەکە هەن کە ئەوان قبووڵ ناکەن بابەتێکی وا ڕووبدات**

# بەرز راگرتنی یادی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر

## وانەو پەند... پلان و بەرنامەی چاوەڕوانکراو



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

لەوەتەی مستەفا بارزانی ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد کۆچی دوایی کردووە، گۆڕانکارییەکی زۆر هاتۆتەئاراوە، گەلی کوردیش ئەزموونگەلێکی دەوڵەمەندی لە ڕێبازی خەباتی رزگاریخوازیدا بینیوە کە ئەو سەرکردەیە بۆ نەتەوەکەی و گەلانی ناوچەکە جێیهێشتووە، ئەوەتا میراتگرانی ئەو سەرکردەیە چەندین داستانی خەباتی رزگاریخوازیی تۆماردەکەن لەنێو گێژاوی ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی کە هەڕەشەن لەلایەن هێزەکانی تیرۆر کە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، هەروەها لەلایەن ئەوانەی ناحەزن و هەوڵدەدەن کێشەو گرفت بۆ کاروانی بنیادنان دروست بکەن لە کوردستانی نوێدا.

مۆڕاڵ و مۆرکی تەحەددا و سووربوون لەسەر بەردەوامبوونی کاروانی ئاوەدانی و بنیادنان شتێکی نامۆ نییە لای کورد، چونکە کورد دوای هەر تاوانێکی دڕندانەی کاولکاریی دوژمنان و ناحەزان چەندین جار شارەکانیان بنیادناوەتەوە، لە نێو جەرگەی ئەم کاروانەشدا کورد لەوانیش بارزانییەکان زیاتر پابەندن بە گیانی لێبووردەیی و بەهاکانی برایەتی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستیی لە دەوروبەری خۆیان، ئەوان لە جیاتی بەهاکانی تێکدان و کاولکاریی دوژمنانی مرۆڤایەتی و کورد، دێن ئاوەدانی و شارستانیی بڵاودەکەنەوە.

پابەندبوون بە هێمایەتیی مستەفا بارزانیی ڕێبەر تا ئێستاش وەك راستییەکی پەروەردەیی و سیاسیی چەسپاو لای کورد هێشتا بە زیندوویی ماوەتەوە، کە ئەمەش هانیان دەدات بەردەوام بن لەوەی ساڵانە پەیمان نوێ بکەنەوە کە لەسەر ڕێبازی برایەتیی لەگەڵ گەلانی ناوچەکە درێژە بە ژیان بدەن، بێ ئەوەی ناسنامەیان لەدەست بدەن، بەڵکو زیاتر پابەندن بە بوونی ئەو ناسنامەیە و بە مافی چارەی خۆنووسین و هەوڵدان بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوازی گونجاو بەرجەستەی بکەن.

بۆیە یادکردنەوەی کۆچی ئەو سەرکردە رزگاریخوازە دووپاتکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەییە کە بارزانیی نەمر گوزارشتی لێکردووە، کاتێ لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا قوربانی بۆ داوە، ئەو بە هەموو بەشەکانەوە داوای یەکێتیی نەتەوەو خاك و مافی چارەی خۆنووسینی کردووە وەك هەموو گەلانی ئازادیخوازی دیکەی سەر ئەم زەمینە. هەروەها ئەم یادکردنەوەیە وەك هێمایەکی دووپاتکردنەوە دەردەکەوێ سەبارەت بە هاوپەیمانیی برایەتی لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا و هەوڵدان بە هاوکاریی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دۆست، پردی پەیوەندییەکی بەتین

دابمەزرێنن لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتن و داننان بە یەکدی و یەکێتیی چارەنووسی نێونەتەوەیی.

ئەم شەڕەی ئەمڕۆ دژی هێزە تاریکپەرستەکان بەرپابووە، زیاتر پێویست بە تەحەددی و خۆڕاگریی پابەندبوون بە بەهاکانی ماف و ڕۆشنگەریی دەکات، بەڵام کاروانی هەموو بنیادنانێك دەخوازێت بەردەوام چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو بابەتییانەش ڕەخنەی ئاراستە بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کاروانەکە زیاتر ڕێگە بگرێت و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بێت. هەروەها پێویستیی بەوە هەیە بەردەوام بەدوای ئەو خاڵانەدا بگەڕێین کە کوردو بزووتنەوەرزگاریخوازە نەتەوەییەکەی یەکدەخات بە هەموو لایەن و جۆرەکانیەوە تاکو هەموویان پێکەوە کوردستان بکەنە بەهەشتێك بۆ گەلەکەیان.

دیارە ئەم جۆرە پیادەکردنە سیاسییە دیموکراسییە ڕێگە بەو دەرفەتانە نادات کە دوژمن دەیانقۆزێتەوە بە مەبەستی دزەکردن و درزخستنە نێو بەرەی کوردستانی کە بۆ ئەوان سەختە، مادامەکی ئەو سیاسەتە لەسەر میتۆدی بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی بەردەوام بێت بە گیانێکی دیموکراسییانەی سەرووی گفتوگۆو فرەییەوە، هاوکات ڕێگە بە شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی نادات لە مەیداندا تەڕاتێن بکەن.

ئێمە ئەمڕۆ کاتێ یادی سەرکردەو پێشەوای نەمر مەلا مستەفای بارزانی دەکەینەوە پێویستە چەندین ئەرکی پێشهاتی تازە تۆماربکەین لە بەر ڕۆشنایی ئەو میراتەی بۆ خەباتگێڕان لە هاوڕێ و میراتگرانی لەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی کە بۆی بەجێ هێشتوون:

١. ئەمڕۆ مشتومڕێکی زۆر لە بەغدا لە ئارادایە لەبەر ڕۆشنایی ئەو نارەزاییە میللییە لەهەمبەر سیاسەتی تایفەگەریی حکومەتی بەغدا، بۆیە پێویستە هەڵوێستی شارستانیانەو دیموکراسیی کوردستان لە بۆچوونەکاندا ئەو هەموو خەباتانە زیندوو بکاتەوە و نەهێڵێت بدزرێت و جارێکی دیکە ڕژێمێکی تایفەگەری بێتەوە بەرهەم کە تا ئەمڕۆ زیانێکی زۆری بە عێراقییەکان و بە کوردستان گەیاندووە، هەروەك ئەزموونەکە ئاماژەی بۆ دەکات.

٢. بەهێزکردنی ڕێچکەی یەکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ناکۆکیانەی لەم ساڵەی دواییدا هاتنەئاراوە و سەرکردایەتیی کوردیش توانای ئەوەی هەیە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوەو چارەسەری بۆ دەست نیشان بکات لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی کە هەیەتی.

٣. گەڕان بەدوای چاکترین هۆکاری وەدیهێنانی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، ئەویش بە چەسپاندنی بە شێوەیەکی فەرمی لە عێراقی فیدراڵدا یان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کە پێویستە ببێتە گەواهیدەری ئەم مافەو لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش ئەم مافە بچەسپێنێت.

٤. بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕۆشنگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەك کە تواناگەلێکی ئەرکی کاریگەریان پێ بدرێت لەنێو جەماوەری کوردستاندا نەبادا گوتارە گومانلێکراوەکان بە تایبەتیش تێکدەرو ئەوانەی دووبەرەکی و کێشە دەورووژێنن، بخزێنە ناو ئەم دەزگایانە.

٥. بەئاراستەکردنی دانووستان لەگەڵ بەغدا بە شێوەیەك کە کێشەی سامانە سروشتییەکان یەکلایی بکاتەوە بە ڕێگەی یاسا کە ڕێز لە مافی هەموان دەگرێت: پرسی نەوت و سامانە سروشتییەکان و چارەسەرکردنیان بە یاساگەلی ستراتیژی کە ئەم پرسە ڕێکبخات و کۆتایی بهێنێت بەو بێسەروبەرییەی کە هەندێ کەس لەناو پێکهاتەی بزووتنەوە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان دەرحەق ئەم ڕێبازە پیادەیان کردووە، لەگەڵ ڕێگەنەدان بەوەی کە مووچەی فەرمانبەرو کارمەندان بەم پرسە گرێبدرێت، لەبەر ئەوەی مووچە بریتییە لە پرسی رزق و ڕۆزیی و قووتی خەڵك کە پێویستە دابین بکرێت.

٦. بەردەوامبوون لە ئامادەباشیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی هێزە تیرۆریستەکان و کارکردن بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەنێو مۆڵگەکانیدا کە لەئێستادا لەسەر سنووری کوردستان خۆی مەڵاس داوە، بۆیە وا پێویست دەکات لە ڕەگەوە ریشەکێش بکرێت.

٧. دانانی پلان بۆ بنیادنانی دەوڵەت و برەودان بە پڕۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پلانەکانی پەرەپێدان و پێشکەوتن.

ئێمەش وەك هێزە ڕۆشنگەرەکانی عەرەبیی دۆستی گەلی کورد، پێمانوایە زیندووکردنەوەی ئەم یادە کە ئەمڕۆ پتر لە سێ دەیەو نیوی بەسەردا تێدەپەڕێت، بۆتە سەکۆیەك بۆ قسەکردن و بەدواداچوون و هەڵوەستەکردن لەسەر وانەو پەند و ئەزموونگەلە گرنگ و مەزنەکانی ئەم یادە، ئەم رەوشەش لەئێستادا وا دەخوازێت کە مەڵبەندی لێکۆڵینەوە و ئەکادیمیانەی زانکۆیی پسپۆڕی بۆ دابمەزرێت، تاکو ئەم ناوە دیارە (بارزانیی نەمر) هەڵبگرن، وەك ڕێزێك بۆ پلەو پایەی ئەو سەرکردەیە لە ڕێبازو کاروانی شۆڕشدا، هەروەها تاکو ئادگارەکانی ئەم ئەزموونە وانەکانی لە بنیادنانی دەوڵەت رەچاوبکرێن لە هەموو بوارەکانی گوتاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی. من خۆم بڕوام بەوە هەیە کە ئەو دیدارە ساڵانە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانە ئەو توێژینەوەو باسانەیان تێدا پێشکەش بکرێن کە خزمەت بە بنیادنان و پێشکەوتن و ئاشتیی کوردستان دەکات.

هەر بژی پرەنسیپەکانی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کە بارزانیی نەمر بەرزی کردبوونەوە وەك میراتێکی بەردەوام بەجێی هێشتن، کە لەو پرەنسیپانەوە کاروانی بنیادنانی ئاشتی لە کوردستان دەرفەتەکانی چاکترین سەرکەوتنی ئومێدبەخش بەدەست دێنێت.

---

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

**یادکردنەوەی مستەفا بارزانی دووپاتکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەییە کە بارزانیی نەمر گوزارشتی لێکردووە، کاتێ لە هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراودا قوربانی بۆ داوە، ئەو بە هەموو بەشەکانەوە داوای یەکێتیی نەتەوە و خاک و مافی چارەی خۆنووسینی کردووە**

**کورد دوای هەر تاوانێکی دڕندانەی کاولکاریی دوژمنان و ناحەزان چەندین جار شارەکانیان بنیادناوەتەوە، لە نێو جەرگەی ئەم کاروانەشدا کورد لەوانیش بارزانییەکان زیاتر پابەندن بە گیانی لێبووردەیی و بەهاکانی برایەتی و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستیی لە دەوروبەری خۆیان**

**ئەم شەڕەی ئەمڕۆ دژی هێزە تاریکپەرستەکان بەرپابووە، زیاتر پێویست بە تەحەددی و خۆڕاگری و پابەندبوون بە بەهاکانی ماف و ڕۆشنگەری دەکات، بەڵام کاروانی هەموو بنیادنانێک دەخوازێت بەردەوام چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و بابەتییانەش رەخنەی ئاراستە بکرێت**



### شێخ سەعید محەمەد زەکی شێخ سەعید بۆ گوڵان:

# بارزانیی نەمر تەنیا سەرۆک، یان ڕێبەرێک نەبووە بەڵکو قوتابخانەی فیکری نەتەوەیی بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستان

**جۆگرافیای خەباتی بارزانیی نەمر تەنیا بەشێکی کوردستان نەبووە، بەڵکو هەر چوار پارچەی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وایکردووە کە بارزانیی مستەفا وەك قوتابخانەی فیکری نەتەوەیی کورد و ڕێبازی کوردایەتی لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەیر بکرێت و ڕێبازی بارزانی ببێتە سەرچاوەی ئیلهامی خەبات بۆ سەربەخۆیی و سەفرازی. بۆ قسەکردن لەسەر ڕێبازی بارزانی و هەوڵەکانی ئێستای سەرۆك مسعود بارزانی بۆ سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی نێومالّی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و یەکخستنی تواناکان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو کوردستاندا، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ شێخ سەعید محەمەد زەکی شێخ سەعید سیاسەتمەدار لە پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** هاوکات لەگەڵ ئەم دیمانەیە ڕۆژی لە دایکبوونی مستەفا بارزانی-یە، ئەم سەرۆکە توانی لە هەر چوارپارچەی کوردستان سنوورەکان ببەزێنێت. ئایا کەسێتیی بارزانیی مستەفا لای ئێوە چۆن دەخوێنێتەوە؟**

- مستەفا بارزانیی نەمر تەنیا ڕێبەرێك و سەرۆکی پارتێکی سیاسی نەبووە لە باشووری کوردستان، بەڵکو قوتابخانەیەك بووە و ئەو سەرۆك و ڕێبەری نەتەوەیی هەموو کورد بووە لە هەر چوارپارچەی کوردستان، خەباتی ٣٠-٤٠ساڵەی ئێمەش لە باکووری کوردستان تەواوکاری هەمان ڕێباز بووە، بۆیە خەباتی بارزانیی نەمر بۆ ئێمە ڕێبازە و هەرگیز بە تەنیا وەك کەسێك، یان شەخسێك سەیری بارزانیی نەمر ناکەین، بەڵکو وەك قوتابخانە و ڕێبازی کوردایەتی سەیری دەکەین، هەر بۆیە جێگەی ئەو لە ناو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان جودایە و دەبێت هەموو کوردێك، یان نەتەوە پەروەرێك ڕێبازی بارزانی لە ڕۆح و مێژووی خۆیدا پارێزگاری لێبکات و لە سەر ئەو ڕێبازە هەنگاو هەڵبگرێت. ئامانجی ڕێبازی بارزانی سەرەنجام کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و سەربڵندە، بۆیە لای ئێمەش ئەم فیکر و ئایدیۆلۆژیایە، خەتی سەرەکیی سیاسەتی ئێمەیە وەك پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور و لە دەستپێکدا ڕێبازی بارزانی وەك بنەمای خەبات قبووڵ کردووە.

*** ئێوە وەك بنەماڵەی شێخ سەعید لە باکوور تاچەند لە مێژووی خەباتی بارزانی هاوکار بوون و چۆن سەیری ئەم خەبات و ڕێبازە دەکەن؟**

- لە ماڵباتی ئێمە وەك ماڵباتی شێخ سەعید، مەلا مستەفا بارزانی وەك ڕابەر و گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و بەو ڕێبەرەی دەزانین کە لەسەر ڕێبازی ئەو پەروەردە کراوین، ئێمە دەڵێین خەباتی مستەفا بارزانی بەردەوامیی شۆڕشی شێخ سەعیدە، ئەو ئاڵای شۆڕشی لە شێخ سەعید وەرگرتووە و بەردەوامی بە شۆڕش و مقاوەمەت داوە، خەباتەکەشی سەرکەوتوو بووە و بەرهەمەکەی ئەو سەرکەوتنانەیە کە لە باشوور بەدەست هاتوون، ئێستا هەر لە سەر ڕێبازی بارزانی بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ دەچن، بۆیە ئومێدی ئێمە ئەوەیە ڕێبازی بارزانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان پیادە بکرێت بۆ ئەوەی ئەو خەتە نەتەوەییە سەرکەوتن لە هەر چوار پارچە بەدەست بهێنێت.

*** لە ئێستادا بۆ باشووری کوردستان فرسەتێك هاتۆتە پێشەوە کە بۆتە جێگەی ئومێد بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی وەك سیمبولێك بۆ هەموو کورد لە جیهاندا دەرکەوتووە، ئایا لەم بارودۆخەدا چۆن دەتوانین هەموو هاوکاریین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە باشوور پارێزراو بێت و ببێتە کیانێك بۆ هەموو کوردستان؟**

- بۆ هەر کوردێکی وڵاتپارێز و نەتەوەیی، ئەرکی سەرشانیەتی ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان بپارێزێت و دەبێت بەهەموو شێوەیەك هاوکاریی سەرۆك بارزانی بکەین بۆ ئەوەی سەرکەتوو بێت، ئێمە دەزانین سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە تەنیا سەرکەوتن نییە بۆ باشوور، بەڵکو سەرکەوتنە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەمڕۆ دەبینین جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر سەربڵندانە لەسەر ڕێبازی نەتەوەیی بەردەوامە و ئاڵای کوردستانی هەڵکردووە، ئەمەش بۆ هەموو کورد جێی شانازییە و پێویستە ئێمە شانازی پێوە بکەین و پشتگیری سەرۆك بارزانی بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پشتگیری سەرۆك بارزانی واتە پشتگیریکردنی گەلی خۆمان، ئەمڕۆ جیهان لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەمریکا وەك نوێنەری ٤٠ ملیۆن کورد سەیری سەرۆك بارزانی

**خەباتی ٣٠-٤٠ ساڵەی ئێمەش لە باکووری کوردستان تەواوکاری هەمان ڕێباز بووە، بۆیە خەباتی بارزانیی نەمر بۆ ئێمە ڕێبازە و هەرگیز بە تەنیا وەک کەسێک، یان شەخسێک سەیری بارزانیی نەمر ناکەین**

**ڕێبازی بارزانی سەرەنجام کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و سەربڵندە، بۆیە لای ئێمەش ئەم فیکر و ئایدیۆلۆژیایە، خەتی سەرەکیی سیاسەتی ئێمەیە وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور**

**لە ماڵباتی ئێمە وەک ماڵباتی شێخ سەعید، مەلا مستەفا بارزانی وەک ڕابەر و گەورەی خۆمان سەیر دەکەین و بەو ڕێبەرەی دەزانین کە لەسەر ڕێبازی ئەو پەروەردە کراوین**

**بۆ هەر کوردێکی وڵاتپارێز و نەتەوەیی، ئەرکی سەرشانیەتی ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان بپارێزێت و دەبێت بەهەموو شێوەیەک هاوکاری سەرۆک بارزانی بکەین بۆ ئەوەی سەرکەتوو بێت**

**ئەمڕۆ جیهان لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەمریکا وەک نوێنەری ٤٠ ملیۆن کورد سەیری سەرۆک بارزانی دەکات، مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش دەریخستووە کە خەتی نەتەوەیی سەردەکەوێت**

**دەستکەوتی باشوور دەستکەوتی هەموو کوردستانە، بە هەزاران کادری دڵسۆزی پەکەکە ئێستا لە سایەی باشووردا حەساونەتەوە**

**گەشەی ئابووری باشووری کوردستان کاریگەری لەسەر باری ئابووری ٩-١٠ ملیۆن کوردی باکوور هەیە، بە هەزاران کامێۆن لە نێوان هەرێمی کوردستان و باکور کاردەکەن، ئەگەر پەکەکە ئەم بارودۆخە تێکبدات، هەڵە دەکات**

دەکات، مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانیش دەریخستووە کە خەتی نەتەوەیی سەردەکەوێت، ئێمە کۆتایی ساڵی هەشتاکانمان بینی کە کورد لە چ تەنگانە و زەحمەتێکدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرۆک بارزانی لەسەر خەتی نەتەوەیی بەردەوام بوو، سەرکەوت، سەرۆک بارزانی توانی بانگەشەی سەربەخۆیی بکات و بە جیهانی رابگەیەنێت کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، بۆ رۆژئاوای کوردستان داوای کردووە کە چارەسەرەکە لە چوارچێوەی فیدراڵی بێت، کە چەند ساڵێك پێش ئێستا داواکاری کورد لە رۆژئاوا تەنیا داواکردنی ناسنامە و مافی مرۆیی بووە، رۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی کورد لە باکوور گێڕاوە، هەروەها کە جەنابی سەرۆك چووە ئەنکەرا، ئەوە بۆ یەکەمجار بوو لەناو کۆشکی سەرۆکایەتی تورکیا ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت و یەکەمجار بوو کە رووداوی لەو جۆرە لە تورکیا رووبدات.

*** بەڵام ماوەیەکە بەداخەوە دەنگۆی ئەوەی هەیە کە پەکەکە دەستێوەردانی خراپ لە باشووری کوردستان دروستدەکات و گێچەڵی بۆ دروست دەکات، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوەی پەکەکە کوردانی باکوور نیگەران دەکات و زیان لە جەماوەری پەکەکە لە باکووری کوردستان دەدات؟**

- گرنگترین خاڵ لە ئێستادا ئەوەیە کە پەکەکە نکۆڵی دەکات و دەڵێت من ئەو کارەم نەکردووە، واتە ئەگەر دەستێوەردانیشیان کردبێت، زانیویانە هەڵەیەکی زۆر گەورەیان کردووە، بۆیە لێی پاشگەزبوونەوە، من روو دەکەمە ئەوانەی لە سەرکردایەتی پەکەکە بە شێوەیەکی ماقووڵ بیردەکەنەوە و پێیان دەڵێم: ئەگەر پەکەکە دەستێوەردان بکات و زیان بە گەلی ئێمە لە باشوور بگەیەنێت، ئەوا گەلی ئێمە لە هەرچوار پارچە و لەهەر شوێنێك کورد هەبێت، زەرەر دەکات، لەبەر ئەوە دەستکەوتی باشوور دەستکەوتی هەموو کوردستانە، بە هەزاران کادری دڵسۆزی پەکەکە ئێستا لە سایەی باشووردا حەساونەتەوە، لە رووی ئابوورییەوە گەشەی ئابووری باشووری کوردستان کاریگەری لەسەر باری ئابووری ٩-١٠ ملیۆن کوردی باکوور هەیە، بە هەزاران کامێۆن لە نێوان هەرێمی کوردستان و باکور کاردەکەن، ئەگەر پەکەکە ئەم بارودۆخە تێکبدات، هەڵە دەکات، هەروەها ئەمڕۆ پیلانی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەیە، راستە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ناتوانن راستەوخۆ دژایەتی باشووری کوردستان بکەن، بەڵام دەتوانن هەندێك هێزی کوردی هانبدەن لە بری خۆیان ئاژاوە دروست بکەن و شەڕی ناوخۆ لە کوردستان دروست بکەنەوە، لەوانەیە هەندێك کەسی ئەو حزبانە بکەونە ئەو هەڵەیەوە، بەڵام دەبێت هۆشیار بین و رێگە نەدەین شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا دروست بێت، دەبێت هەوڵبدەین ئەو دەستکەوتەی هەتا ئێستا پاراستوومانە پایەدار بێت و نابێت کارێك بکەین بکەوێتە مەترسییەوە.

*** سەرۆك بارزانی رۆڵێکی هێجگار گەورەی بۆ کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان گێڕاوە، زۆر مەبەستێتی کە کێشەی کورد لە تورکیا بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، هەروەها هاوکاریی رۆژئاوای کرد بۆ ئەوەی داعش نەتوانێت کۆبانێ داگیربکات، لە باشووری کوردستانیش ئێستا لە هەوڵی بیۆچاندایە بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ رابگەیەنێت، ئایا تاچەند سەرۆك بارزانی لەم قۆناخەدا توانیویەتی نوێنەرایەتی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا بکات؟**

- ئێمە دوعا دەکەین تەمەنی سەرۆك بارزانی درێژ بێت، ئێمە قەت سەیری سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی باشووری کوردستان ناکەین، بەڵکو ئەو سەرۆکی هەموو کوردستانە، لەبەر ئەوەی بۆ ئێستای کورد لە هەر چوار پارچە بەدیلی سەرۆك بارزانی نییە، لە کوردستانی تورکیا نزیکەی ٣٠ ملیۆن کورد هەن، ئەمانە بەشی هەرە زۆریان جگە لە سەرۆك بارزانی کەسی دیکەیان قبووڵ نییە، تەنانەت حکومەتی تورکیا ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە باسی کێشەی کورد لە باکوور بکات، ئەوا پەنا بۆ سەرۆك بارزانی دەهێنێت، هەروەها پەکەکەش کە گەیشتە ناچاری هەر داوا لە سەرۆك بارزانی دەکات، وەك دەبینین سەرۆك بارزانی لە رۆژئاوای کوردستانیش چەند خەمخۆری ئاشتی و یەکڕیزی نێوماڵی کورد بووە، هەروەها پێشمەرگەی ناردە کۆبانێ بۆ هاوکاریی رۆژئاوا، بۆیە رۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ هەموو کوردستان گرنگە نەك تەنیا باشووری کوردستان، جگە لە دەوڵەتانی ناوچەکە جیهانیش دانی بەوەدا ناوە کە قسە و هەڵوێستی سەرۆك مسعود بارزانی سەقامگیری تێدایە، واتە بۆچوونەکانی سەرۆك بارزانی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، بۆیە رێز لە بۆچوونەکانی دەگرن و قبووڵیانە.

*** راستە کێشەی کورد یەك کێشەیە، بەڵام هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە گرنگە حزبەکانی سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان رەچاوی ئەو تایبەتمەندییە بکەن و هەر پارچەیەك بەپێی تایبەتمەندیی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بۆ ئێستا پرسی کورد لە باکوور پێویستی بەوەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، بۆ باکوور تاچەند گرنگە پشتگیری هەدەپە بکەن بۆ ئەوەی وەك بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی تورکیا کێشەی کورد بەرەو پێشەوە بەرێت و زەمینیەك برەخسێندرێت بۆ ئەوەی ئۆجەلان ئازاد بکرێت؟**

- من حەزم دەکرد هەوادارانی دڵسۆزی پەکەکە بەرسڤی ئەم پرسیارەیان بدایەتەوە، وەك بینیمان لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی پار گەلی ئێمە لە باکوور پشتگیریەکی گەورەی هەدەپەی کرد و ریژەی ١٣٪ی تێپەڕاند و ٨٠ کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، بەڵام کە هەڵبژاردنی پێشوەختە کرایەوە و لەو ماوەیەدا پەکەکە کۆمەڵێك هەڵەی کرد، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کاریگەری لەسەر هەدەپە هەبێت و دەنگەکانی کەمی کرد، هۆکاری ئەمە لەبەر ئەوە بوو چەندین پەرلەمانتاری هەدەپە سەر بە پەکەکە بوون و ئەوانیش بڕیاری هەڵەیان دا، من تەواوی ئەندام پەرلەمانەکانی هەدەپە دەناسم و دەزانم هەندێکیان سەر بە پەکەکەن، پشتگیری بڕیارە هەڵەکانی پەکەکەیان کرد و شەڕیان هێنایە ئەو شارانەی کە هەموو باژێروانەکانیان بەدەست هەدەپەوەن، زیاتر لە ٣٠٠-٤٠٠ هەزار کورد ناچار بوون شاری خۆیان بەجێبهێڵن و بچنە شارەکانی دیکەی تورکیا، بەداخەوە لە کوردستانی تورکیا هەتا ئێستا بەدیلی پەکەکە نەبووە، بۆیە بەشی زۆری کورد نەیویستووە خۆی لەناو حزبە تورکییەکاندا کاندید بکات، یان نەیویستووە دەنگ بە حزبێکی تورکی بدات، بۆیە وای بە باش زانیوە هەرچۆنێك بێت هەر دەنگ بە پارتێکی کوردی بدات، بۆیە من دەڵێم ئەگەر بەدیلی پەکەکە دروست بێت، هەدەپە ناتوانت هەڵەی گەورە، یان موجازەفەی گەورە بکات، لەبەر ئەوەی کوردی باکوور لێی قبووڵ ناکەن و دەچنە لای پارتەکەی دیکە، ئەمە سەبارەت بە هەدەپە، سەبارەت بە پشتگیری ئۆجەلان بۆ ئازادکردنی، دیارە لەناو دەوڵەتی تورکیا، حکومەت هەموو شتێك نییە، دامەزراوە و هێزی دیکە هەن، کە لەو کاتەوەی بارودۆخەکە بەمشیوەیە نەیانهێشتووە ئۆجەلان قسە بکات، من دڵنیام ئەگەر ئۆجەلان ریگەی پێبدرایە قسە بکات، رازی نەدەبوو شەڕ بهێندرێتەوە نێو شارەکان، ئۆجەلان داوایەکی نییە تورك تووڕە بکات، ئەو داوای ئاشتی دەکات، بەڵام ئەو دامەزراوانەی تورکیا دوای کردەکانی پەکەکە نەیانهێشتووە ئۆجەلان قسە بکات، تورکیا نایەوێت ئۆجەلان کاری سیاسی بکات و بە هاوشێوەی باشووری کوردستان داوای فیدراڵییەت بکات.

*** ئێستا ژمارەیەکی هێجگار زۆری کوردانی رۆژئاوا، لە باشوور مەشق و راهێنانیان وەك پێشمەرگە تەواو کردووە و ئامادەن بگەڕێنەوە رۆژئاوا بۆ ئەوەی شان بەشانی پەیەدە رۆژئاوا بپارێزین، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، پەیەدە ریگری لە کوردی خۆی دەکات بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێیت و چۆن پەیەدە دەگاتە قەناعەت کە واز لە خۆسەپاندن بهێنێت؟**

- ئەگەر رۆڵ و هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبوایە، شەڕی ناوخۆ لە رۆژئاوای کوردستان دروست دەبوو، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئەو نەیهێشتووە بە هەزاران پێشمەرگەی رۆژئاوا کە لە باشوورن بۆ رۆژئاوا بگەڕێنەوە، جەنابی سەرۆك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قبووڵی نیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوا و لەوێ لەبری ئەوەی کوردستان بپارێزێت، شەڕی کوردکوژی بکات، ئەمە بەرپرسیاریەتییەکی گرانە و سەرۆك نایەوێت ئەو بەرپرسیاریەتییە بخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە برادەرانی ئێمە لە رۆژئاوا (پەیەدە) بە شێوەیەکی هەڵە بیردەکەنەوە و خۆیان لە خەتە نەتەوەییەکە دوور دەخەنەوە و دەیانەوێت تەنیا خۆیان بسەپێنن، ئەمەش وایکردووە، کوردی رۆژئاوا رۆژ لە دوای رۆژ دڵی لە پەیەدە سارد ببێتەوە، راستە پەیەدە لە رووی سەربازییەوە بەهێزە، بەڵام لە رووی هەست و سۆزی سیاسییەوە رۆژ لە دوای رۆژ لاواز دەبێت، لێرە ئەگەر ئێمە باسی جزیرە بکەین لە رۆژئاوا، ئەوا ئەگەر لەو ناوچەیە هێزێکی سیاسیی کوردی لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەبێت، ئەوا خەڵك هەمووی لە پەیەدە دوور دەکەونەوە، لەبەر ئەوەی کوردی رۆژئاواش وەك پارچەکانی دیکەی کوردستان، حەزی لە خۆسەپاندن و خۆفەرزکردنی هیچ لایەنێك نییە، بۆیە ئەگەر ئەم رەفتارانەی پەیەدە بەردەوام بن و پێیوا بێت بە هێزی سەربازی دەتوانێت بەردەوام خۆی بسەپێنێت، ئەوا دەبێت بزانێت لە رووی سیاسییەوە لاواز دەبێت و هەر کاتێك بەدیلی پەیەدە لەسەر ئەرز دروست بوو، خەڵك لێی دوور دەکەوێتەوە.

**ئەگەر رۆڵ و هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی نەبوایە، شەڕی ناوخۆ لە رۆژئاوای کوردستان دروست دەبوو، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئەو نەیهێشتووە بە هەزاران پێشمەرگەی رۆژئاوا کە لە باشوورن بۆ رۆژئاوا بگەڕێنەوە**

**دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ناتوانن راستەوخۆ دژایەتی باشووری کوردستان بکەن، بەڵام دەتوانن هەندێك هێزی کوردی هانبدەن لە بری خۆیان ئاژاوە دروست بکەن و شەڕی ناوخۆ لە کوردستان دروست بکەنەوە**

**لە کوردستانی تورکیا نزیکەی ٣٠ ملیۆن کورد هەن، ئەمانە بەشی هەرە زۆریان بێجگە لە سەرۆك بارزانی کەسی دیکەیان قبووڵ نییە، تەنانەت حکومەتی تورکیا ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە باسی کێشەی کورد لە باکوور بکات، ئەوا پەنا بۆ سەرۆك بارزانی دەهێنێت**

**دڵنیام ئەگەر ئۆجەلان رێگەی پێبدرایە قسە بکات، رازی نەدەبوو شەڕ بهێندرێتەوە نێو شارەکان، ئۆجەلان داوایەکی نییە تورك تووڕە بکات، ئەو داوای ئاشتی دەکات، بەڵام ئەو دامەزراوانەی تورکیا دوای کردەکانی پەکەکە نەیانهێشتووە ئۆجەلان قسە بکات**



# جەژنی نەورۆز لای زانایانی کورد



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گولان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

هەموو ساڵێك و وەك پیشەی سەدان ساڵی لەمەوبەری گەلەکەمان، لەسەر لوتکەی چیاکان و گرد و تەپۆلکە و شوێنە بەرزەکاندا، لە ئێوارەی رۆژی پێش نەورۆزدا، ئاگری سەرکەوتن دەکەینەوە، بۆ یادی سەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر و کۆتاییهاتنی لاپەڕەیەکی زوڵم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەکەماندا، ئەو نەتەوەیەی لەم رۆژە و لەم جەژنەدا بۆ تەواوی دنیا ئاشکرای دەکات کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی. هەر لەبەر ئەمەشە رژێمە دەسەڵاتدارەکان و دامودەزگا سەرکوتکارەکانیان هەمیشە و بە توندی رووبەڕووی ئەم ئاگرە بوونەتەوە، لە هەر کوێیەکیش کرابێتەوە هەوڵی کوژاندنەوەیان داوە. ناحەزانی گەل و نەتەوەکەشمان، هەرکاتێك لەم هەوڵە نارەوایەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابێت، پەنایان بردۆتە بەر (ئایین) و لە پەنای (ئایین)دا ویستوویانە جۆش و حەماسەتی گەلەکەمان بۆ بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکانی سارد بکەنەوە، لە رێگەی هەندێ قسەی نارەوای وەك ئەوەی کە رەواجیان پێ دەدا گوایە نابێت بە نەورۆز بگوترێت جەژن و نەورۆز لە مێژووی ئیسلامدا نەبووەو، نەورۆز ناشێت بۆ ساڵنامە و رۆژژمێر و، ئاگر کردنەوەی نەورۆز داهێنراوە و، زۆر شتی نارەوای تری وەك ئەم قسانە، ئەمەش لەکاتێکدا لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا تەواوی وڵاتان، رۆژێکیان بۆ ئاهەنگگێڕان تەرخان کردووەو، ناویشیان لێناوە (جەژنی نیشتمانی).

بەڵام بۆ ئێمەی کورد، کە نەتەوەیەکی دێرینی جیهان و ناوچەکەین و کوردستانیشمان لانکەی دووەمی مرۆڤایەتییە، هێشتا لێرە و لەوێ لەگەڵ داهاتنی جەژنی (نەورۆز)دا، کە جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردستان و سەری ساڵی تازەی کوردیمانە، گوێمان لە هەندێ قسەی وەك ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، دەبێت.

جا بۆ رەواندنەوەی ئەو تۆمەت و هەڵە و گومانانە سەبارەت بەم جەژنە نەتەوەییە گرنگەمان، وا چاکە یەکە یەکە وەڵامیان بدەینەوە:-



یەکەم: هێشتا هەندێك لە مەبەستی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر نەگەیشتوون کە دەفەرموێت:

(إن لكل قوم عيدا وهذا عيدنا) رواه البخاري ومسلم

بۆیە وا بڕیار دەدەن کە جگە لە هەردوو جەژنی (رەمەزان) و (قوربان) رۆژێکی دی نییە پێی بڵێن جەژن، ئەمەش لە راستیدا وا نییە، چونکە ئەگەر بڕوانینە ئەو سەرچاوانەی کە شەرحی (صحيح البخاري) دەکەن، وەکو (فتح الباري) و (عمدة القاري) و (ارشاد الساري)، ئەوا لە راڤەکردنی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێن:

(في قوله هذا عيدنا: وهو يوم الاضحى)

واتە: لێرەوە تێدەگەین کە لە هەر ئایینێکدا جەژنێك هەیە کە بە ناوێکەوە ناو دەنرێت، واتە جەژنی (رەمەزان) و (قوربان) ئەو دوو جەژنەن کە ئاینەکەمان بۆی داناوین و (جەژنی ئایینی) نەتەوەکەمانە، ئەو بۆنەو یاد و رۆژانەش کە تیایاندا گەل و نەتەوەکەمان لە زوڵم ستەم رزگار بووە، یان دەبێت، دەچنە ریزی جەژنە نەتەوەییەکانمانەوە.

(نەورۆز)یش کە لە دروستبوونی دەوڵەتی (ماد)ەوە، کردوومانەتە سەرەتای ساڵی کوردیمان، جەژنی نەتەوەییمانە.

بۆیە لە ئاینی ئیسلامدا دەتوانرێت بە هەر بۆنەیەکی دی بگوترێت جەژن، وەك جەژنی لەدایکبوون و جەژنی دایك و جەژنی ئافرەتان و جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانی و.. لەم بارەشەوە مامۆستا

(عبدالكريم حمادي الدبان) لە گۆڤاری (التربية الاسلامية)دا لەوەڵامێکدا دەڵێت:

(اما تسميته عيدا فليست حراما ولا مكروهة، الا اذا اعتقدوا ان ذلك اليوم عيد وضعه الشارع). واتە: ناولێنانی بە جەژن حەرام نییە (مکروە)یش نییە، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ئەو جەژنە بە جەژنێکی ئایینیی خواکرد بزانرێت.

لێرەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە هەردوو جەژنی (رەمەزان) و (قوربان) جەژنی ئایینین، چونکە خوای گەورە بۆ موسڵمانانی قەرار داوە، بەم پێیەش ئێمەی کورد، وەکو گەلێکی موسڵمان ئەو دوو رۆژە دەکەینە

جەژن و (نەورۆز)یش جەژنی نەتەوەییمانە و وەکو نەتەوەی کورد، ئەو رۆژە دەکەینە جەژن، چونکە رۆژی سەرکەوتنی گەلێك و لە دایکبوونی ئیرادەی نەتەوەییەك و سەربەخۆبوونی بڕیاریەتی، بۆیە هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا یادی دەکەینەوەو دەیکەینە جەژنێکی خۆکرد، نەك جەژنێکی خواکرد .

هەر ئەمەش یەکێکە لە پێناسەکانی وشەی (العید).

العيد: اسم لما يعود من الاجتماع العام على وجه معتاد عائد اما بعود السنة او بعود الاسبوع او الشهر او نحو ذلك) / (ابن تيمية: اقتضاء الصراط المستقيم)

هەروەها (ئیبنولمەنزور) یش دەڵێت:

( والعيد: كل يوم فيه جمع، والعيد عند العرب: الوقت الذي يعود فيه الفرح والحزن ، قال ابن الأعرابي: سمي العيد عيدا لأنه يعود كل سنة بفرح مجدد) ((لسان العرب)( ٩/٤٦١).

(راغیبی ئەسفەهانی)یش دەڵێت:

(والعيد مايعاود مرة بعد أخرى، وخص في الشريعة بيوم الفطر ويوم النحر ، ولما كان ذلك اليوم مجعولا للسرور في الشريعة كما نبه النبي (صلى الله عليه وسلم) بقوله (أيام أكل وشرب وبعال) صار يستعمل العيد في كل يوم فيه مسرة ، وعلى ذلك قوله تعالى: (أنزل علينا مائدة من السماء تكون لنا عيدا لأولنا وآخرنا وآية منك..)(المائدة:١١٤) (الراغب الأصفهاني) (مفردات ألفاظ القرآن)

دووەم: زۆربەی کات و لە ماوەی حوکمڕانیی ئیسلامیدا، ئەم بۆنەیە هەر زیندوو بووە و لە پاڵ هەردوو جەژنە ئایینییەکەدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، لە رۆژی (نەورۆز)یشدا خەڵکی خواردن و شیرینیان بە سەر یەکتردا بەخشیوەتەوە و ئاهەنگی گەورەشیان بۆ ساز داوە، واتە رۆژێکی ئەوەندە خۆش بووە، تا ئەو رادەیەی کە (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) حەزی کردووە هەموو رۆژێك (نەورۆز) بێت، وەك (عەبدولحەی کەتتانی) دەڵێت:

(جيء الى علي بفالوذج، فاكل منه ، وقال ما هذا؟ قالوا، نور النيروز، فقال: نوروزنا في كل يوم) / (التراتيب الادارية او نظام الحكومة النبوية)(عبد الحي الكتاني)

لە سەردەمی ئومەوییەکان-یشدا، (نەورۆز) کراوەتە سەرەتای ساڵ و باج و دەرامەتی دەوڵەتیش بە پێی سەرەتای ساڵ و لە نەورۆزدا کۆکراوەتەوە.

هەر لێرەشەوە، ئەو ناوچانەی کە لە وەرزی بەهاردا بەروبوومیان نەدەهاتە بەرهەم و ئامادەی باجدان نەدەبوون، دەیانویست (نەورۆز) نەکرێتە سەری ساڵ، یان دوابخرێت و بکەوێتە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینەوە، کە داواکەشیان جێبەجێ نەدەکرا، دەچوون تۆمەت و قسەی ناڕەوایان بۆ (نەورۆز) هەڵدەبەست. ئەم راستییەش ئاماژەی بۆ کراوە لە لایەن ئیمامی (بەیرونیی)یەوە (البيروني)یەوە کە دەڵێت:

**کردنەوەی ئاگری نەورۆز تەنیا رەهەندێکی سیاسی هەیە و، نیشانەو هێمایەك بووە بۆ گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی (کاوە) بە ناوچەکانی دەوروبەری و، ئێستاش هەر هەمان ئەو رەهەندە سیاسییەی جارانی هەیە**

(ان الملاك اجتمعوا في عهد هشام بن عبدالملك الاموي، وشكوا الى عامله (خالد بن عبدالله القسري) و شرحوا له ما يجدونه من الصعاب و سألوه ان يؤخر (النوروز) شهرا فأبى) / (الاثار الباقية)(البيروني) (٢١٦ – ٢١٧).

سەبارەت بە هۆکاری ئەم داوایەشیان دکتۆر حەسەن ئیبراهیم دەڵێت:

(لان التقويم الجديد قدم يوم النوروز، فكان يجيء والزرع اخضر ، في الوقت الذي يجب ان يدفع فيه الضرائب)/

( تاريخ الاسلام)( د. حسن ابراهيم حسن)(٣٥٥).

لە سەردەمی عەبباسییەکان-یشدا، نەورۆز کراوەتە گرنگترین جەژنی رەسمی و لەم بارەیەوە دکتۆر حەسەن ئیبراهیم دەربارەی نەورۆز دەڵێت:

(اصبحت من اهم اعيادهم الرسمية في العصر العباسي الاول)/( تاريخ الاسلام)(ج٢)( د. حسن ابراهيم حسن).

بۆ دڵنیابوونیش لەوەی کە هەردوو جەژنی (رەمەزان) و (قوربان)مان ناونا بە جەژنی ئایینیی موسڵمانان، لە لاپەڕە (٣٥٤)ی هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت:

(وكان الخلفاء يحتفلون بالعيدين احتفالا دينيا، فيؤمون الناس في الصلاة ويلقون عليهم خطبة في فضائل العيد و ما يجب على المسلمين اتباعه للمحافظة على شعائر الاسلام)/( تاريخ الاسلام)( د. حسن ابراهيم حسن)(٣٥٤).

هەروەها (عەبدولموعتی ئەلسەییاد)دەڵێت:

(شارك الخلفاء العباسيون في إحياء شعائر النوروز، وأدخلوا سننه الى قصورهم ، واعتبروه عيدا رسميا يحتفل به كل عام ... ومن السنن التي ظهرت في العصر العباسي هي: إشعال النار وصب الماء وتقديم الهدايا وإقامة مجالس الطرب )/ (النوروز وأثره في الأدب العربي عبدالمعطي فؤاد الصياد ، بيروت ص(٩)

واتە: خەلیفە عەبباسییەکان بەشدارییان دەکرد لە زیندووڕاگرتنی نەورۆز و دروشم و رێورەسمەکانیشیان دەبردە نێو کۆشکەکانیانەوە و بە جەژنێکی فەرمییان ناساندووە و کە هەموو ساڵێك ئاهەنگی تێدا گێڕدراوە، لەو دروشم و رێورەسمانەش کە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا دەرکەوت: ئاگرکردنەوە و ئاوڕشتن و دیاری بەخشینەوە و گۆرانیگوتن بوو.

هەروەها ئیمامی تەبەری دەڵێت: (قال (الطبري) في حوادث سنة ٢٨٢ هجرية بشأن ايقاد النار وصب الماء: ( فلما كانت عشية يوم الجمعة نودي على باب

سعيد بن يكسين صاحب الشرطة بالجانب الشرقي من مدينة الاسلام بأن أمير المؤمنين قد أطلق للناس في وقود النيران وصب الماء ففعلت العامة من ذلك ماجاوز الحد ، حتى صبوا الماء على أصحاب الشرطة في مجلس الجسر )/ ( تاريخ الرسل والملوك ، الطبري ، ج١ ، ص ٥٣) واتە: (کە سەر لە ئێوارەی رۆژی هەینی بوو، لای دەروازەی (سەعیدی کوڕی یەکسین)ی بەرپرسی پۆلیسەوە لە دیوی رۆژهەڵاتی شاری سەلامەوە بانگدرا کە ئەمیرولموئمینین مۆڵەتی ئاگرکردنەوە و ئاوڕشتنی بە خەڵك دا، ئەوسا خەڵکی بە جۆرێکی لە ڕادەبەدەر ئەم کارەیان کرد کە کار گەیشتە ئەوەی ئاویان بەسەر پاسەوان و پۆلیسەکانیشدا دەرشت).

دەبا ئێمەش زیاتر لە جاران بایەخ بەم بۆنە نەتەوەییە و تەواوی بۆنە نەتەوەییەکانی ترمان بدەین و تیایاندا شانازی خۆمان بە کوردستانی بوونمان دووپات بکەینەوە، کە ناسنامەیەکی خواکردە و خۆی پێی بەخشیوین.

سێیەم: جێگەی خۆیەتی لێرەدا و لەبەر زۆر هۆی زاتی و بابەتی، جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ساڵنامەی کوردی و بەکار هێنانی لە فەرمانگە و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و لە ژیانی رۆژانەی کارو ئیشدا، هەنگاوێکی مێژووییە و پێویستە کاری بۆ بکرێت، چونکە ساڵنامەی کوردی زیندووکردنەوەی مێژووی سەدان ساڵەی لەمەوبەری نەتەوەکەمانەو، لە رووی ئاو و هەوا و کەش و بارودۆخیشەوە بۆ کوردستان زۆر گونجاوە، بەکارهێنانیشی ئاسایی و ئاسانترە، ناوی مانگەکانیشی دەلالەت لە بارودۆخی ئەو چەند رۆژە دەکەن، بۆ نموونە:

(نەورۆز) و (گوڵان) و (جۆزەردان) مانگەکانی بەهارن و، (پوشپەڕ) و (خەرمانان) و (گەلاوێژ) مانگەکانی هاوینن و، (رەزبەر) و (گەڵارێزان) و (سەرماوەز) مانگەکانی پاییزن و، (بەفرانبار) و (رێبەندان) و (رەشەمە) مانگەکانی زستانن.

شەش مانگی یەکەمی ساڵەکەش، رۆژەکانی هەر مانگێکی (٣١) رۆژە و، شەش مانگی دووەمی ساڵەکەش، رۆژەکانی هەر مانگێکی (٣٠) رۆژە، جگە لە (رەشەمە) کە (٢٩) رۆژەو، چوار ساڵ جارێك دەبێتە (٣٠) رۆژ.

چوارەم: بۆ ئەوانەش کە دەیانەوێت بەرگێکی ناشەرعی بکەن بە بەری بۆنە نەتەوایەتیەکانماندا، وەك ئەوەی کە هەندێك کەس دەڵێن ئاگری نەورۆز رەهەندێکی دینی هەیە و بۆ پەرستن کراوەتەوە، کە ئەمەش بۆچوونێکی هەڵەیە و دوورە لە راستییەوە، چونکە دۆست و دوژمن لەو راستییە دەگەن کە کردنەوەی ئاگری نەورۆز تەنیا رەهەندێکی سیاسی هەیە و، نیشانەو هێمایەك بووە بۆ گەیاندنی هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی (کاوە) بە ناوچەکانی دەوروبەری و، ئێستاش هەر هەمان ئەو رەهەندە سیاسیەی جارانی هەیە، تەنانەت بێگانەیەکی وەکو (د.کۆنتەر وشنەر) دەڵێت: (الكن عملية اشعال النيران عند الكورد، هي عملية سياسية بحتة، فهي اشارة واضحة على رغبة الكورد في اعلان كونهم شعبا مستقلا بذاته.. ولذلك المغزى السياسي تتم مراقبة عملية اشعال النيران و منعها ومطاردة القائمين بها من قبل اجهزة الشرطة والامن في البلاد المعنية)/ (احفاد صلاح الدين الايوبي)(د. كونتر وشنر)(ترجمة: عبدالسلام مصطفى)

بەڵام وەك هەمیشە زانا و دانای گەلەکەمان راستیی مەسەلەکەیان زانیوە، بۆیە دەبینین مێژوونووسی گەورەی کورد (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) نامەیەکی دڵدانەوەو پشتگیریی بۆ (پیرەمێرد) حەکیمی کورد دەنێرێت،کە دەقی ئەم نامەیەش لە ژمارە(١)ی ساڵی (١٩٤٣)دا لە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاوکراوەتەوە و ئەمەش چەند دێڕێکێتی:

( هێندێك کەس لەم فیکرو عیلمە باشەی تۆ تێنەگەیشتن و بوختانی بێ مەعنایان بۆ کردی و بۆیەیەکی سیاسییان لێداو نەیانهێشت لەسەر ئەم فیکرە بڕۆی، زۆر ناحەق بوون . نەورۆز جەژنی ئاتەشپەرستی نییە و نابێت تەفسیرێکی بێ رێ و جێی دینی بدرێتێ ).

لێرەوە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو راستییە قورئانییەش بکەین کە ئاگر وەك هەر نیعمەتێکی دیکەی خوای گەورە، دەکرێت لە باشەدا و دەشکرێت لە خراپەدا بەکار بهێنرێت، بۆیە ئاگر لە خودی خۆیدا نیعمەتە و زۆر سوودی هەیە وەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت:

(أَفَرَأَيْتُمُ النَّارَ الَّتِي تُورُونَ ﴿٧١﴾ أَأَنتُمْ أَنشَأْتُمْ شَجَرَتَهَا أَمْ نَحْنُ الْمُنشِئُونَ ﴿٧٢﴾ نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِّلْمُقْوِينَ ﴿٧٣﴾ ) (الواقعة )

واتە: یەکەم سوودی ئاگر ئەوەیە کە (بیرخەرەوە) یە و دۆزەخ وەبیر مرۆڤەکان دێنێتەوە، بەوەی بەراوردێك لە نێوان ئاگری دنیا و قیامەتدا دەکرێت، دووەمیش ئاگر سوودمەندییە بۆ کەسی برسیی و رێبوار و موسافیر کە ئاگر بۆ رووناککردنەوە و خۆگەرمکردنەوە و ئاگادارکردنەوە و بانگکردنی رێبوارانی دی لە شەودا بۆ شوێنی ئاگرەکە بەکاردەهێنرێت.

زۆریش گرنگە ئاماژە بەو راستییە زانستی و ژینگەییە بدەین کە پێویستە ئاگرکردنەوە هێما و رەمزیی بێت و لەچەند شوێنێکی دیارکراوی شارەکاندا بێت و بەداری وشك بکرێتەوە و دوور لە بەکارهێنانی

**ساڵنامەی کوردی و بەکار هێنانی لە فەرمانگە و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و لە ژیانی رۆژانەی کارو ئیشدا، هەنگاوێکی مێژووییە و پێویستە کاری بۆ بکرێت، چونکە ساڵنامەی کوردی زیندووکردنەوەی مێژووی سەدان ساڵەی لەمەوبەری نەتەوەکەمانە**

تایە و لاستیك كە دەبنە مایەی پیسبوونی ژینگە، پێویستیشە لە سەیران و گەشتەكانی بەهار و نەورۆزیشدا پاكوخاوێنی ژینگە بە هەند هەڵبگرین و زیان بە ژیان و ژینگە نەگەیەنین و، هەمووشمان پابەندی ڕێنماییە ژینگەییەكان بین.

لێرەوە لە هەموو ئەمانەی پێشەوە، بۆمان دەركەوت كە ئاگری نەورۆز ڕەهەند و ئاماژەیەكی سیاسییە و هێمای سەربەخۆیی ناسنامەی نەتەوایەتیمانە و (نەورۆز)یش جەژنی نەتەوەیی گەلەكەمانە و هەردوو جەژنی (ڕەمەزان) و (قوربان)یش جەژنی ئایینیی نەتەوەكەمانە و (ساڵنامەی كوردی)یش بەرجەستەكردنی خواستێكی مێژوویی نەتەوەییمانە.

**نەورۆز لە دیدی زانایانی ناوداری كوردستانەوە**

گەلی كوردی موسڵمان لە هەموو زەمان و سەردەمێكدا، كار و كردەوە و ڕەفتار و گوفتار و بۆنە و ئاهەنگ و شین و شایی و خۆشی و ناخۆشییەكانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیاری شەرع و لە ڕێگەی زانایانی لێزان و خوێندەواریشەوە، وەڵامی پرسیارەكانی وەرگرتۆتەوە.

(مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ساڵح) نامیلكەیەكی (١٩) لاپەڕە (١٤-١٩)یشی بە زمانی عەرەبییە و ژمارەی سپاردنی (٥١٧)ی ساڵی (١٩٧١)ی زایینی دراوەتێ و لە چاپخانەی (كامەرانی) لە سلێمانی چاپكراوە.

نووسەر لە پێشەكی كتێبەكەیدا دەڵێ: (هەر لە زووەوە و لە كاتێكی كۆنەوە، وتە و باسی ئاگری نەورۆز كە هاتبێتە پێشەوە و پرسیاری دروستیی و نادروستیی بەجێهێنانی یاسای نەورۆز كرا بێ، بەشێكی كەم لە خوێندەوارە زانا بەڕێزەكانمان وەڵامی ڕاستەقینەی دروستیان داوەتەوە، بەڵام بەداخەوە كە وەڵامەكەیان هەر بەدەم بووە، نەخراوەتەوە سەر كاغەز هەتا دەنگی دروستیی بەناو گەلا بڵاو بێتەوە، و خەڵك بەتایبەتی هۆزی كورد بە بڕیارەكەیان، بیروباوەڕی ڕوون بووبێتەوە، وە دڵ دامەزراو بوو بێ) *(بڕوانە ل٣).

پاشان دەڵێت: (دوای گەڕان و لێكۆڵینەوە لە پەڕاوە ئایینییەكان، سوپاس بۆ خوای مەزن، و بە یارمەتی ئەو، ئەوا بڕیاری ئاگركردنەوەو شادیكردنی جەژنی نەورۆزم لە پەڕاوە ئایینییەكانا بە مەزهەبی شافیعی و مەزهەبی حەنەفی دەرهێنا، وە بە زمانی كوردی و عەرەبی بڵاومكردەوە، هەتا هەموو كەس، چی كورد و چی برا عەرەبە بەڕێزەكانمان سوود و كەڵكی لێ وەربگرن). (ل٤-٥).

پاشان هەر لە بەشە كوردییەكەی نامیلكەكەدا دەڵێت: (ئەم جەژنەش وەكو هەموومان ئەیزانین جەژنی یادكردنەوەی ڕۆژێكە كە ڕۆڵەی كوردی نەبەز كاوەی ئاسنگەری دلێر قەومێكی ڕزگار كرد لە جەوری زوحاكی خوێنمژی بەدناو...). (ل٦)

پاشان دەڵێت: (بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە خۆشە كە بە زووترین كات بڵاوبێتەوە بە هەموو وڵاتانا، لە هەموو جێگایەكدا بەتایبەتی لە شوێنە بەرزەكاندا ئاگر كرایەوە، هەتا دێ دوورەكانیش گورج پێ بزانن). (ل٧)

پاشان دەنووسێت: (بەم ڕەنگە تێگەیشتین كە ئەم ئاگرەی كە ئێستا لە نەورۆزدا ئەكرێتەوە، یادی ئەو ئاگرییە كە لەو كاتەدا هەواڵی پێ بڵاو كراوەتەوە، وە ئاگرپەرستیی و ئاگری مەجوسیەت نییە و بەو ناوەوە ناكرێتەوە...). (ل٧)

پاشان دەڵێت: (ئەڵێن ئاگركردنەوە لە نەورۆزدا مەجوسیەت و ئاگرپەرستییەو ئەمەش كوفرە.) + (جەژنكردن لەڕۆژی نەورۆزدا چونكی ڕێكەوتی جەژنی مەجوسییەكان دەكات، ئاگر كردنەوە پەیڕەویكردنە بۆ مەجوسییەكان...). (ل٩) + ( تێكەڵبوونی ژن و پیاو). (ل٩)

پاشان دەڵێت: (ببێنە سەر وەڵامدانەوەی ئەو سێ هۆیە كە جەژنی نەورۆزی پێ كفر، یان حەرام كرابوو): + (ئاگركردنەوە خۆی بۆ خۆی لە هیچ كاتێك و لە هیچ شوێنێكدا نە كفرە و نە حەرامە، چونكی ئەگەر ئاگركردنەوە لە حەددی زاتی خۆیا كفر، یان حەرام بوایە، ئەبوو دیانەتی ئیسلامی ئەو ئاگرەی كە برا عەرەبە بەڕێزەكانمان چەنای چەن ساڵە لە پێش ئیسلامییەتەوە هەتا ئێستا لەسەر جێگا بەرزەكان كردوویانەتەوە بۆ میوانداری، هەتا خەڵك بەدەم ئاگرەكەوە بچێت و ببێ بە میوانیان، ئەبوو دیانەت ئەو ئاگرەی حەرام بكردایە، وە مەنعی بكردایە. دووبارە ئەبوو دیانەتی ئیسلامی ئەو ئاگرانەی حەرام بكردایە، كە ئەكرانەوە لەسەر كێوەكان و لە جێگای بەرز بۆ نیشانەی بینینی مانگی یەك شەوە، یان بۆ گەیاندنی هەواڵی جەژنەكان، وەكو لە كێوی (گڵەزەردە) ئاگر ئەكرایەوە بۆ بینینی مانگ، لە سلێمانی بەو ئاگرە ڕۆژوویان ئەگرت، یان جەژنیان ئەكرد..). (ل٩) + (ئەڵێن جەژنی نەورۆز ڕێكەوتی جەژنی مەجوسییەكان ئەكات. من ئەڵێم جاری جەژنی مەجووسی لە یەكەم ڕۆژی ئەوڵی بەهارا نییە، بەڵكو بەلانی كەمەوە (دە) ڕۆژ لە پێش جەژنی نەورۆزایە. لەلایەكی ترەوە با بڵێین جەژنی نەورۆز ڕێكەوتی جەژنی مەجووسی ئەكات. ڕێك ئەكەوێ كە جەژنی دینی خۆشمان جەژنی ڕەمەزان، یان قوربان ڕێكەوتی نەورۆز ئەكەن، ئەبوو دیانەتی ئیسلامیی خۆشیی لەو جەژنانەدا كە ڕێكەوتی نەورۆز ئەكەن حەرام بكردایە، قەت لە هیچ پەڕاوێكی ئایینیدا شتی وات دیوە، یان لە هیچ زانایەكی ئایینی وتەی وات بیستووە؟). (ل١١)

**دە با ئێمەش زیاتر لە جاران بایەخ بەم بۆنە نەتەوەییە و تەواوی بۆنە نەتەوەییەكانی ترمان بدەین و تیایاندا شانازی خۆمان بە كوردستانی بوونمان دووپات بكەینەوە، كە ناسنامەیەكی خواكردە و خۆی پێی بەخشیوین**

+ (هۆی سێیەمت تێکەڵبوونی ژن و پیاوە، بەڵێ منیش لەگەڵتام کە تێکەڵبوونی ژن و پیاو بەو چەشنە حەرامە، بەڵام ئەم تێکەڵبوونە حەرامێکی (عارضی) یە، واتە لەولاوە پەیدا ئەبێ و دێتە سەر جەژنەکەمان، ئەگینا جەژنەکەمان لە خۆیا حەرام و ناڕەوا نییە، ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی کەوە ئەگەر تۆ شتی (عارضی) واتە -لەولاوە پەیا بوو- ئەکەی بە بەهانەی حەرامیی ئیشێ کە لە خۆیا حەڵاڵە، ئەبێ جەژنە دینییەکانی خۆشمان وەکو جەژنی ڕەمەزان و قوربان و جەژنی خەتەنەکردن و ژنهێنان و مەولوودکردن، هەموویان حەرام بکەی لە بنەڕەت .

بە خوات سوێند ئەدەم کام جەژن و شادییەك لەم جەژنە دینییانەمان تێکەڵ بوونی ژن و پیاوی تیا نییە؟ لەگەڵ ئەمیشا بیستووتە لە زانا دینییەکان کە (فتوای) بڕیاری حەرامی ئەم جەژنانەیان دابێ؟..). (ل١١)

ئینجا (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ساڵح) ئەم قسانەی خۆی لە دەقێکی عەرەبیدا دادەڕێژێ بەم شێوەیە لەسەر کاغەزێك (کە وێنەیەکم لە لایە) دەڵێت:

(اذن فخروج شعب الى يوم النوروز و اظهار الفرح والسرور فيه للسبب الذي بيناه بدون وجود اي قصد من المقاصد السيئة وبدون وجود كفار يدخل معهم ويتحاببهم او يتهادى معهم او يدخل متعبداتهم وبدون ان يجيء ببال احد، احدى هذه المنكرات ، كيف يكون كفرا وقد قال (صلى الله عليه وسلم) (إنما الاعمال بالنيات وإنما لكل امريء ما نوى) ولا سيما ان الشعب الكردي بصورة عامة ليس معروفا بسوء العقيدة، بل انه اكثر تمسكا بالديانة الاسلامية من باقي الشعوب والقوميات الاخرى، فكيف يكون احتفالهم بعيدهم النوروز، الخالي من تلك المنكرات ، اثما فضلا عن كونه كفرا.؟.

هذا ما استنتجته من الكتب وارجو من سادة العلماء الكرام لفت نظري اذا يرون مخالفة شرعية فيما ذكرته، وتأييدي فيما اذا كنت مصيبا ولكم الاجر والثواب).

١٩٧٠/٣/٣١

عبدالله صالح اسماعيل

الكاتب الاول الاضافي في محكمة جزاء كركوك

فەرموون با بزانین وەڵامی زانایانی بەڕێز چۆن بوون (وێنەی وەڵامەکانم بە خەتی دەستی زانایان لەلایە).

١ – شێخ محەمەدی خاڵ: بە دەستخەتی خۆی لە بەرواری ١٩٧٠/٤/١٦ نووسیویەتی بۆی:

(خوێندەوارانی خۆشەویست: ئەمەی جەنابی مەلا عەبدوڵڵا نووسیویەتی ڕاستە و ڕێکی ئارای زانایانی ئیسلامە).

٢ – شێخ مستەفا شێخ نەجیب قەرەداغی، مامۆستا لە مزگەوتی (مەلا عەبدولڕەحمان عازەبانی) نووسیویەتی:

(ان ماجاء عليه الفاضل (الملا عبدالله) من عدم الكفر والاثم والحرمة الذاتية حق لاريب فيه، نعم ان موافقته دائما لشعار عباد المجوس يقضي الى كونه مكروها كما تكره الصلاة في الاوقات لموافقة عباد الشمس ، والعلة المذكورة موجودة هنا، هذا ما لدي والله تعالى اعلم).

٣ – عەبدولحەمید ئەتروشی (قازی یەکەم) لە بەغدا دەڵێت:

(لقد اطلعت على ما كتبه الاستاذ ملا عبدالله، فوجدته موافقا للاصول الشرعية فأهنؤه على ذلك ، وفقه الله لكل خير).

٤ – شێخ محەمەد قەرەداغی بەڕێوەبەری (معهد)ی سلێمانی ئەوساو، مامۆستا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ئەوسا، دەڵێت: (ان ما حرره الاستاذ الفاضل عبدالله صالح اسماعيل هو الموافق للحق المطابق لواقع الدين الاسلامي الحنيف السمح. هذا الدين الذي جاء للعرب والعجم والاحمر والاصفر والابيض والاسود. انه دين يسر وسرور ودين علم وعقل يبشر الناس ولا ينفرهم يقربهم ولا يبعدهم، يوحدهم ولا يفرقهم، دين واضح المعالم سهل التقبل، فطرة الله التي فطر الناس عليها، هذا الدين ارفع من ان يعتبر امثال هذه الامور (الاحتفال بالاعياد القومية والوطنية) كفرا، بل وحتى اثما و حراما، ومن يقول خلاف ذلك فانه لم يفهم روح الاسلام ولا تعاليم شريعته السمحاء).

٥ – مەلا سەید حەسەن ئیمامی مزگەوتی (نائب اوغلی) کەرکووك لەو زەمانە، نووسیویەتی:

(ان ما حرره الملا عبدالله موافق لدين الاسلام وغير موجب للكفر والاثم، ولا نكفر احدا من اهل القبلة، ولذا وقعت عليه).

٦ – مامۆستا حاجی مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی مامۆستا لە مزگەوتی (مەولانا خالید) لەو کاتە (١٩٧٠/٤/١٣) دەڵێت:

(ان ما حرره الفاضل الملا عبدالله افندي من التفصيلات الرائعة والتحقيقات الفائقة لا غبار عليها..).

٧ – مەلا عەبدولڕەحیم میرزا، مامۆستا لە مزگەوتی (شێخ سەلام) لەو زەمانە لە بەرواری (١٩٧٠/٤/٢) نووسیویەتی:

(ما حرره الملا عبدالله، حفظه الله، موافق للكتب المعتمدة في مذهبي الشافعي والحنفي، وينبغي الاعتماد عليه..).

٨ – حاجی مەلا مەعروف عەبدالکەریم-ی مامۆستای ئەوسا لە مزگەوتی (بن تەبەق) دەڵێت:(ان ما حرره الفاضل الملا عبدالله، وفقه الله، موافق للكتب المعتمدة في مذهبي الشافعي والحنفي فيلزم

**خەلیفە عەبباسییەکان بەشدارییان دەکرد لە زیندووڕاگرتنی نەورۆز و دروشم و ڕێوڕەسمەکانیشیان دەبردە نێو کۆشکەکانیانەوە و بە جەژنێکی فەرمییان ناساندووە و کە هەموو ساڵێک ئاهەنگی تێدا گێڕدراوە**

**مەلای گەورە:ئەمڕۆ ڕۆژێکە پڕ نوور، دونیا ماڵە لە سروور، ژاڵە دەدرەوشێتەوە، لالە دەگەشێتەوە، دارو درەخت دەپشکون، بەر و سەمەر دەردەکەون، فەلەک خێوەتی زوبەرجەدی هەڵداوە، زەمین کەوای ئەتڵەسی سەبزی گوڵگوڵیی لەبەر کراوە، ئافتابی عالەم درەخشانە، خورشیدی خاوەری بە ئەشیعەی زەهەبیی زەڕئەفشانە، نزیکە بڵێم ئەرز و سەما کەوتیتە ڕەقس و سەما، ئەمە چ باس و خواسە؟ چ ئەسەر و چ خەبەرە؟ بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی مورادە، نەورۆزی گەلە، حەقە، ڕۆژی زۆر موبارەکە، ئەوەڵی بەهارە، یەکی ئیعتیدالی لەیل و نەهارە، جەژنە جەژنی ئوممەتە، جەژنی مەحەببەت و ئولفەتە**

الاعتماد عليه لكن قد يترتب عليه الاثم في سائر الحفلات والسرورات بأمر خارجي ، اعاذنا الله من الكفر والعصيان وحفظنا من سائر الذنوب).

٩ – حاجی مەلا عەبدولسەلام-ی مامۆستای ئەوسا لە مزگەوتی مامۆستا (مەلا حوسێنی پیسکەندی) ئەو زەمانە، نووسیویەتی: (ان ما حرره الفاضل الملا عبدالله، وفقه الله، موافق للكتب المعتمدة...).

ئەمانەی لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کردن، رای زانایانی بەڕێزی ئەو سەردەمەی ساڵی (١٩٧٠) بوون لە بارەی ئەو روونکردنەوەی مامۆستا (مەلا عەبدوڵڵا ساڵح) سەبارەت بەوەی کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردە و ئاگری نەورۆزیش ئاماژەی سەرکەوتنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرە بە سەر زوڵم و ستەمدا، نەورۆزیش سەری ساڵی نوێی کوردییە، خۆی لەخۆیدا بۆنەیەکی ڕەوایە و ئەگەر شتی نائاسایی و ناپەسەندیش – خوا نەخواستە – لەهەر بۆنەیەکدا ڕووبدات، نابێت بەو هۆیەوە، بۆنەو جەژنێکی نەتەوەیی گەلەکەمان لەکەدار بکەین.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئاماژە بەچەند زانیارییەکی دیکەی پێویست و پەیوەست بە نەورۆزەوە بکەم لەوانە:

یەکەم:

هەندێك لە خوێنەران لە نێو کتێبە کۆنەکاندا ڕێیان لە هەندێ (فتوا) دەکەوێت کە دژ وەستاوەتەوە لەگەڵ نەورۆز، ئەوانە دێن هەمان ئەو قسانە دەڵێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا و لەشەریعەتی ئیسلامدا (الفتوى تقدر زمانا و مكانا و اشخاصا) بنەمایەکی زۆر ڕەسەنە.

بۆ نموونە: ڕاستە (ابن تيمية) لەگەڵ ئاهەنگی نەورۆز و میهرەجان و ئەوانی تردا نییە، بەڵام با بپرسین: بۆچی لە زەمانی ئیمامی عەلی و ماوەی حوکمی ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا، گرفتیان لەگەڵ نەورۆزدا نەبووە؟ بۆچی لە زەمانی (ابن تيمية)دا، نەورۆز بە (سلبی) قسەی لەسەر هەبووە، لە کاتێکدا دەڵێن (ابن تيمية) خۆی بە ڕەچەڵەك کوردە ؟!

لەوەڵامدا دەبێت بزانین کە ئەو (دوو) سەردەمە لە یەکدی جودا بوون، بۆیە دوو هەڵوێستی شەرعیی جیاواز هەبووە لە زەمانی ئیمامی عەلی و ئەمەوییەکان و عەباسییەکاندا، ئیسلام دەوڵەت بووە، بەهێز بووە، ڕێگە نەبووە بۆ (بیدعە و خورافات) بۆیە کەس لەوە نەترساوە بە هۆی نەورۆزەوە خەڵك ئاگر بپەرستێت. بەڵام (ابن تيمية) کوڕی زەمانێکی دیکەیە، کاتێك دەوڵەتی عەبباسی ڕووخا، ساڵی (٦٥٦)ی کۆچی بەرامبەر (١٢٥٨)ی زایینی بووە، واتە مەغۆل هات و هۆلاکۆ هات و دەوڵەت نەما و، عەقیدە کەوتە خەتەرەوە، (ابن تيمية) دوای (٦) شەش ساڵ لە ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی لەدایك دەبێت و، لە سایەی سەردەمە تاریکەکانی مەغۆلدا پێدەگات لەو سەردەمەدا ڕاستی کردووە کە پێویستە عەقیدە بپارێزرێت و ئاگری نەورۆز و عەقیدە و عیبادەتی مەجوس نەبادا تێکەڵ ببن لای خەڵکی سادەی سەردەمی مەغۆل، بۆیە (فتوى)ی ئاوای داوە بۆ ئەو زەمانە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە کتێبی (اقتضاء الصراط المستقيم)یش وەك هەر کتێبێکی دی شیکردنەوەو لێکدانەوە و شەنکردنی بۆ کراوە لەلایەن زانایانەوە، بۆنموونە: هەردوو بەڕێزان (د. عبدالرحمن عبدالجبار) و (الشيخ عبدالله الغنيمان) سەرۆکی بەشی خوێندنی باڵاو، مامۆستا لە زانکۆی ئیسلامیی لە شاری (المدينة المنورة) ئەم کتێبەیان دووبارە خوێندۆتەوە و کورتیان کردۆتەوە بە ناوی:(مهذب اقتضاء الصراط المستقيم)

کە تیایدا دەڵێن: (أست غني عن الفصل الخاص بالتشبه بالأعاجم والتشبه بالأعراب لأنها قضايا خلافية). واتە ئەو بەشەمان لادا کە باس لە( تشبه) دەکات بە ئەعراب و عەجەم، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی خیلافییە. سەبارەت بەوەش کە (عەبدوڵڵای کوڕی عەمر) گوتبێتی: (من بنى بأرض المشركين وصنع نيروزهم ومهرجانهم وتشبه بهم حتي يموت ،حشر معهم يوم القيامة) ل (٩٨) دەڵێن: ئەوە بە مانای ئەوەیە کەسێك بە ڕەهایی خۆی بکات بە ئاگرپەرست و دارولئیسلامی جێهێشتبێت و بە قەناعەتەوە چووبێتە خاکی موشریکین، دیارە بەم کارەی کافر دەبێت.

بۆیە زانایان باسی ئەوەشیان کردووە کە لەیەکچوون لەگەڵ خەڵکی دیکەدا لە هەموو شتێکدا نییە، بۆیە لە (الدر المختار)دا هاتووە کە:

(ان التشبه لايكره في كل شيء ، بل في المذموم وفيما يقصد به التشبه)(١/٩٢٤).

واتە: لە ئەوی دی چوون لە هەموو شتێکدا مەکروە نییە، بەڵکو لەوشتانەدایە کە زەمکراون، لەوشتانەشدایە کە بە نییەتی (تشبه) دەکرێن.

دووەم: لە تورکیاش کاتی خۆی ئیتتیحادییەکان ناوی گوندەکەی بەدیعوززەمان سەعیدی کوردییان لە نەورۆزەوە گۆڕیوە بۆ نوورس، بۆیە لە ژمارە(١٠١٨) ی گۆڤاری (گوڵان)ی بەرواری (٢٠١٥/٣/١٦)دا ئەم بابەتەم بڵاوکردەوە بەم ناونیشانە: سەعید نوورسی؟ یان نەوڕەسی؟ یان نەورۆزی؟

کە تێیدا نووسیبووم: (ئەو ماوەیەی دەکەوێتە دوای نیسانی ساڵی ١٩٠٩وە هەتا کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی تورکیای نوێ، ماوەیەکە کە بەناو لە سەر دەوڵەتی عوسمانی ژمارداراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ماوەی فەرمانڕەوایی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکە توندڕەوە نەتەوەییەکانە کە تیایدا زۆرێك لە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوە غەیرە تورکەکانیان تێدا

سرییەوە.

ئیتیحادییەکان لە نیسانی ساڵی ١٩٠٩دا سوڵتان عەبدولحەمید-یان لادا و ئەحکامی عورفییان راگەیاند و دادگای سەربازییان بۆ دادگاییکردنی نەیارەکانیان پێکهێنا، کە یەکێکیان بەدیعوززەمان سەعیدی کوردی بوو بە هۆی نووسینەکانیەوە لە رۆژنامەی وۆڵقان (بورکان) ئەو کاتەوە.

هەرچەندە ئیتیحادییەکان دوای ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدیان لادا، یاسای چاپەمەنییەکانی ساڵی ١٩٠٩یان دانا و لە سەرەتادا ئازادییەکی باشیان بە رۆشنبیران و نووسەران دا، بەڵام دواتر بە هۆی چوار هەمواركردنەوەی زۆر توندەوە، بوونەوە بە دەسەڵاتێکی سەرکوتکار دژ بە کەلتوور و ناسنامەی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی نێو تورکیای ئەوسا

هەموارکردنەوەی یەکەم لە ٩ی ئاداری ١٩١٠

هەموارکردنەوەی دووەم لە ٢ی ئابی ١٩١١

هەموارکردنەوەی سێیەم لە ساڵی ١٩١٢

هەموارکردنەوەی چوارەم لەئابی ١٩١٤

بڕوانە:

الدكتور مليح صالح شكر( تاريخ الصحافة العراقية في العهدين الملكي والجمهوري) ، بيروت ٢٠١٠ ، الدار العربية للموسوعات

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە بوو کە کاتێك ئیتیحادییەکان لە نیسانی ساڵی ١٩٠٩دا سوڵتان عەبدولحەمیدیان لادا، زۆر گۆڕانکاریی کەلتوورییان بە نەفەسی شۆڤێنییانەوە لە بەرژەوەندی نەتەوەی تورکدا ئەنجام داوە، لەوانە گۆڕینی ناوە کوردییەکانی زۆرێك لەشوێنەکانی کوردستانی باکوور، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا لە چوارچێوەی سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتیدا ناوی هەندێك لەو شوێنانە گۆڕاونەتەوە بۆ ناوە پێشووەکانیان، لەوانەش ئەو گوندەی کە مامۆستا بەدیعوززەمانی تێدا لەدایکبوو، ناوەکەی کرابووە بە گوندی (کەبیرلی)، هەتا لە ساڵی ٢٠١٢دا کرایەوە بە (نورس). بەڵام ئەوەی سەرنجی منی راکێشا ئەو زانیارییە نوێیە بوو کە لەکتێبێکی تایبەت بە ژیاننامەی مامۆستا بەدیعوززەماندا هاتووە بە زمانی عەرەبی کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:

بديع الزمان سعيد النورسي

(١٢٩٤/١٣٧٩هـ – ١٨٧٧/١٩٦٠م)

وأثره في الفكر والدعوة

تأليف: حسن عبد الرحمن بكير

المبحث الأول: المرحلة الأولى من حياته

الفصل الأول: حياة بديع الزمان سعيد النورسي

ولد سعيد النورسي سنة ١٢٩٤هـ الموافقة لسنة ١٨٧٧ميلادية في قرية (نورس)، التابعة لولاية (بتليس) الواقعة في شرق الاناضول بكردستان تركيا . (ص ٣٩)

واتە: (سەعید نورسی لە ساڵی ١٢٩٤ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی١٨٧٧ی زایینی لە گوندی (نورس) ی سەر بە ویلایەتی بەتلیسی رۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا لەدایك بووە) (لاپەڕە٣٩ )

لە خوارەوەی ئەم لاپەڕەیەدا لە پەراوێزدا وشەی نورس شیدەکاتەوە و نووسیویەتی:

أصلها من كلمة (نوروز) ، وهو عيد الربيع لدى الأكراد ، وقد حرفت هذه الكلمة إلى(نورس) في أواخر الدولة العثمانية

(أنظر: عبد القادر بادللي ، بديع الزمان سعيد النورسي)(٥٨٣/١)(م . أ

واتە: بنەڕەتی وشەی نورس دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (نەورۆز) کە جەژنی بەهارە لای کوردان، وشەی نەورۆز تەحریف کراوە بۆ نورس لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا

سەرچاوەی ئەم قسەیەشی بریتییە لەم سەرچاوەیە:

(عبدالقادر بادللی: بديع الزمان سعيد النورسي) (٥٨٣/١) (م .أ)

لێرەوە بە پشتبەستن بەم سەرچاوەیە، جێگەی خۆیەتی کە لێکۆڵەرانی کورد لە راستیی ودروستیی ئەم زانیارییە - کە بۆ من نوێ بوو- وردتر بکۆڵنەوە بە مەبەستی گێڕانەوەی نازناو و ناوی راستەقینە بۆ خوالێخۆشبوو بەدیعوززەمان و گوندەکەی.

سێیەم:

ڕای مەلا محەمەدی جەلی زادە، ناسراو بە مەلای گەورەی کۆیە

زانایانی کورد وێڕای ئاشنابوونیان بەم قسانەش، بەڵام چونکە زانیویانە نەورۆز رەهەندی ئایینیی دژ بە ئیسلامی نەبووە، بۆیە دەبینین مەلا محەمەدی جەلی زادە، ناسراو بەمەلای گەورەی کۆیە لەبەر دەرکی سەرای کۆیە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٣٨ دا، وتارێکی دا کەتیایدا وتی:

(ئەمڕۆ رۆژێکە پڕ نوور، دنیا ماڵە لە سروور، ژاڵە دەدرەوشێتەوە، لالە دەگەشێتەوە، دارو درەخت دەپشکون، بەر و سەمەر دەردەکەون، فەلەك خێوەتی زوبەرجەدی هەڵداوە، زەمین کەوای ئەتڵەسی سەبزی گوڵگوڵیی لەبەر کراوە، ئافتابی عالەم درەخشانە، خورشیدی خاوەری بە ئەشیعەی زەهەبیی زەڕئەفشانە، نزیکە بڵێم ئەرز و سەما کەوتیتە رەقس و سەما، ئەمە چ باس و خواسە؟ چ ئەسەر و چ خەبەرە؟ بەڵێ ئەمڕۆ رۆژی مورادە، نەورۆزی گەلە، حەقە، رۆژی زۆر موبارەکە، ئەوەڵی بەهارە، یەکی ئیعتیدالی لەیل و نەهارە، جەژنە جەژنی ئوممەتە، جەژنی مەحەببەت و ئولفەتە).

**ئەو ناوچانەی کە لە وەرزی بەهاردا بەرووبوومیان نەدەهاتە بەرهەم و ئامادەی باجدان نەدەبوون، دەیانویست (نەورۆز) نەکرێتە سەری ساڵ، یان دوابخرێت و بکەوێتە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینەوە، کە داواکەشیان جێبەجێ نەدەکرا، دەچوون تۆمەت و قسەی ناڕەوایان بۆ (نەورۆز) هەڵدەبەست**

# سیاسەتی هەرێمی کوردستان و قەیرانی ئابووری-دارایی

● (٢-٢)



د. شێرزاد نەجاڕ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

● **ساڵانی نەهاتی**

بارودۆخی سیاسی و ئابووریی هەرێم و بەر لە دە ساڵ سەقامگیر و ئەرێنی بوو، هەروەها ئاسۆکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی مایەی گەشبینی بوون، بەڵام ئەم بارودۆخە تەنیا پلەیەکی دیاریکراوی سەرکەوتنی تایبەت بە پرۆژەکانی نوێبوونەوەی بەخۆوە دی. لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٤ ئاکارەکانی رووداني قەیرانی ئابووری بە ئاشکرا دەرکەوتن، بەڵام حکومەتی هەرێم ئاگاداری ئەو ئاماژانە نەبوو، بۆیە رێکارە پێویست و خێراکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی (قەیرانی داهاتووی ئابووری) پشتگوێ خست کە رووبەڕوویان دەبێتەوە، لێرەدا ئەو قسەیەی (هارۆڵد لاسوێل-١٩٠٢-١٩٧٨) پرۆفیسۆری ئەمریکی لە زانستی سیاسەت دێنێتەوەیاد لە کتێبە بەناوبانگەکەی Politics: Who Gets What، When، How (١٩٣٦) کە دەڵێت: سیاسەت ئەوەیە کە یەکێك چی دەستکەوێت و کەی و چۆن؟. هەروەها ئەرکی سیاسەت چارەسەری کێشەی ئێستا نییە، بەڵکو ئەرکی سیاسەت ئاگاداربوونە لەو کێشانەی کە لە ئایندەدا روودەدەن و پێش ئەوەی پەرەبسێنن چارەسەریان بۆ دادەنرێت.

بەم شێوەیە کاتێ قەیرانەکە قووڵتربۆوە، حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە دانانی پلانێك بۆ دیراسەتکردنی کێشەکە( دوای سەرهەڵدان و ئاڵۆزبوونی) و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە، لەبەر ئەوە پلانی چاکسازیی رەوشی دەزگاکانی حکومەتی خستەڕوو لە بوارەکانی: مووچەو کرێ، خوێندنی باڵا، تەندروستی، وەبەرهێنان، بازاڕی کار. دەکرێ ئەم هەوڵانە بە چاکسازیی نەخۆش «ill-fate reform» وەسف بکرێت لەبەر ئەوەی:

* رادەیەکی دیاریکراوی لە سەرکەوتن هەبوو.

* نەبوونی کاریگەریی و دەسەڵات و هێزی حزب و گروپەکانی فشار و بەرژەوەندییەکان کە هەوڵدەدەن داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن، دواتر ئەوانە دژی هەر هەوڵێك دەوەستنەوە کە بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت و خزمەتگوزارییەکانن، چونکە ئەمە مانای لەدەستدانی سوود و پلە و پایەکانیانە لە بواری سیاسەتدا.

فشاری قەیرانی سیاسی لە هەرێم دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی پلانێك بۆ چاکسازیی گونجاو پێشکەشبکرێت، هەروەها شکست هێنان لەو حاڵەتەدا ببووە فاکتەرێکی سەرەکیی لە سەرهەڵدانی دیاردەی کەمتەرخەمی و شکست لە ئاست سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێم، چونکە زۆرینەی هاووڵاتیان هەست بەوە دەکەن کە حکومەت شکستی هێناوە لە چاککردنی ژیانی رۆژانەیان، ئەوەش کاریگەریی هەبوو بۆ سەر چاککردنی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و حکومەت.

لەسەرووی ئەو کێشانەی کە تەگەرەیە بۆ پەیداکردنی پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانیدا، کێشەی گەندەڵیی ئابووری- داراییە لای هەندێ لە سیاسەتوان و حزبەکانیان کە هەرەسی بە دەزگای حکومی هێناوە، ئەو کێشەیە رێگەی بۆ هەندێ حزب ئاسانکرد بۆ قۆستنەوەی دۆخەکە، تاکو رەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتی حکومەت بکەن و داوابکەن چاو بە رێکخستنەوەی حکومەتدا بخشێنێتەوە و شەفافییەت بێنێتەدی و مۆراڵێکی تازە لە ژیانی سیاسیدا بدۆزێتەوە.

لە هەمبەر ئەو بارودۆخەدا حکومەت دەستی کرد بە کەمکردنەوەی خەرجی و مووچە و کرێ، بەڵام رووبەڕووی بەربەستێکی لەناکاو بووەوە، ئەویش دابەزینی نرخی نەوتە لە جیهاندا، ئەمەش

بە ئاشکرا کاریگەری هەبوو بۆ سەر کەمبوونەوەی داهاتی هەرێم، کە نەتوانێت خەرجی و پابەندبوونەکانی حکومەت دابین بکات، بۆیە ناچاری کرد ڕێوشوێنی توند بگرێتە بەر لە کەمکردنەوەی مووچە لە ڕێگەی بڕینی بەشێك لەو مووچانە.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان نە لە ڕووی دەروونییەوە، یان لە ڕووی زانیارییەوە ئامادە نەبوو مەترسییەکانی قەیرانی ئابووری قبووڵ بکات، لەبەر ئەوە ئەو حاڵەتە کاریگەری هەبوو بۆ سەر ڕەوشی کەلتووریی سیاسی، کە ئاکارەکانی گۆڕینی بە ئاشکرا تێدا بەدەرکەوت، کە دواتر حاڵەتێکی گوێ پێ نەدان و سستی و پەراوێزخستنی پێوە دیاربوو.

ئەو ماوەیەی ڕابردوو دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و گۆڕینی میتۆد، بەڵام حکومەت و بژاردەی سیاسی و حزبەکان ئەم دەرفەتەیان نەقۆستەوە، بەڵکو لە گرتنەبەری دەستپێشخەریی پێویست شکستیان هێنا، بە تایبەتیش لەو بەڵێنانەی کە بە هاووڵاتیانیان دا.

ئەو ماوەیەی پێشوو زیادبوونی ڕێژەی گوێپێنەدانی سیاسی political apathy بەدەرکەوتووە، هەروەها لەدەستدانی متمانە لەنێوان حزبە سیاسییەکاندا و ڕزگاربوون لە وەهمەکانی سیاسەت. بۆیە سەیر نییە ئەگەر سەرنج لەوە بدەین کە کۆمەڵگەی هەرێم هیچ بیرۆکەو ئارەزووی ڕوون و ئاشکرای لە گۆڕانکاریدا نەبووبێت، ئەزموونی زیاتر لە دوو دەیە دەربارەی (مەحسووبییەت) بە ئاشکرا کاریگەریی هەبوو بۆ سەر گوتاری سیاسی کە داهزرانی سیاسی و نامۆبوون دووپات دەکاتەوە، بیرۆکەی دەستکەوتنی قازانجی خێراو ئاسان و مافی کەسانێك لەوەی پێویستە بگەنە دەزگای حکومی، ئەوانە دەستییان بەسەر کۆمەڵگەدا گرتووە، هاوکات بەسەر بواری سیاسیدا.

ئەو دۆخەی ئێستا وای کرد مەحسوبییەت چ لە ناوەڕۆکدا یان بە ڕاشکاوی قبووڵبکرێت، دەرئەنجامیش تێکەڵییەکی مەترسیدار هاتە ئاراوە لەنێوان نەمانی متمانەی سیاسی و نامۆبوون لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵوێست وەرگرتن بەوەی کە سیستەمی حومکڕانی دەکرێ بۆ بەرژەوەندیی تاکێك یان کۆمەڵە تاکێك بقۆزرێتەوە و سیستمی دەستکەوت spoils پەیڕەوبکرێت، قەیرانی ئابووری – دارایی وەك (لەرزینێك) وایە لە کۆمەڵگەی هەرێمدا کە ناچاری کردووە کە لە ماوەیەکی کورتدا قەناعەت بەوە بێنێت کە جەختکردنەوەو ئەو شتانەی لە کۆندا پەیڕەوکراون پێویستە پشتگوێ بخرێن.

## • سەرهەڵدانی قەیرانی پێشبینیکردن بە قەیرانی سیاسی

زاراوەی قەیرانی ئابووری ئاماژەیە بۆ قەیرانی قەرزاربوونیی دارایی هەرێم و بەکارهێنانی ئەو زاراوە وەك سیاسەت زیاتر ئاڵۆزە، چونکە ئاماژەیە بۆ قەیرانی شەرعییەت a legitimacy crisis، هەروەها بۆ قەیرانی حکومەت و بۆ قەیرانی حزبە سیاسییەکان، بە هەر حاڵ، زاراوەکە تەمومژاوییە و پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتری پێوانە هەیە کە دەکرێ لەڕێی ئەو پێوانانەوە زاراوەکە ڕوون بکرێتەوە، حکومەتی هەرێم لە پەرچەکردارەکان و گرتنەبەری ڕێککاری توندا زۆر خاو بوو.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، هیچ کام لەو حزبە سیاسییانە باسیان لە جددییەتی مەترسیی بارودۆخی ئابوورییان لە هەرێم نەکردو پێشبینیی ئەوەیان نەکردووە کە هەرێم لە لێواری هەرەس نزیك دەبووەوە، حکومەتیش هیچ ڕێکارێکی نەگرتەبەر، تەنیا کاتێ هەستی کرد کە بە ڕاستیی ڕووبەڕووی قەیرانێکی توندی ژێرخان دەبێتەوە، کە دەکرێ بە (قەیرانی لەناکاوی تەمومژاوی) ناوبنرێت، چونکە حکومەت هیچ ئاماژەیەکی لا نەبوو سەبارەت بە ڕوودانی ئەو قەیرانە...!

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی ٢٠١٥دا حکومەت هەستی کرد کە پێویستە ڕێکارگەلێك بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە کە بەڕاستی زۆر درەنگ بوو، لە ئاکامدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی پێشوەختەی ڕەوشێك لە نیگەرانی و بێ متمانەیی، هەروەها ڕای گشتیش ئامادەنەبوو بەرگەی ئەنجامەکانی ئەو ڕێکارانە بگرێت، حکومەتی هەرێم کاتێ دانی نا بە فراوانیی ئەو کێشەیە، بە شێوەیەکی ئایدیاڵی بیری کردەوە کە پەنابباتە بەر قەرزی دەرەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام بێ ئەنجام بوو، لەبەر ئەوەی بابەتەکە پەیوەندیی هەیە بە حکومەتی فیدراڵەوە، بۆیە پەنای بردە بەر چەند ڕێکارێك کە بە تواناو کارامەیی خۆی تەنیا پشت بەخۆی ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ئەم ڕەوشە لە ڕەوشی ناوەخت و لەناکاویی دەچوو، بەڵام هیچ ڕێکارێکی نەگرتە بەر بۆ ئەوەی بە ئاشکرا ڕایبگەیەنێت، کە دەکرا ببێتە ڕێگەیەك بۆ ڕزگارکردنی هەرێم لەم دۆخە لاوازییە.

لەهەمان کاتدا پەرلەمان هیچ ڕۆڵێکی نەبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، تەنانەت هیچ ڕێکارێکی نەریتیی نەخستەڕوو کە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانە

**لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠١٤ ئاکارەکانی ڕوودانی قەیرانی ئابووری بە ئاشکرا دەرکەوتن، بەڵام حکومەتی هەرێم ئاگاداری ئەو ئاماژانە نەبوو، بۆیە ڕێکارە پێویست و خێراکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی (قەیرانی داهاتووی ئابووری) پشتگوێ خست کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە**

**کاتێ قەیرانەکە قووڵتر بووەوە، حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە دانانی پلانێک بۆ دیراسەتکردنی کێشەکەو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە، لەبەر ئەوە پلانی چاکسازیی ڕەوشی دەزگاکانی حکومەتی خستەڕوو لە بوارەکانی: مووچەو کرێ، خوێندنی باڵا، تەندروستی، وەبەرهێنان، بازاڕی کار**

**لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی ٢٠١٥دا حکومەت هەستی کرد کە پێویستە ڕێکارگەلێک بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە کە بەڕاستی زۆر درەنگ بوو، لە ئاکامدا بووە هۆی بڵاوبوونەوەی پێشوەختەی ڕەوشێک لە نیگەرانی و بێ متمانەیی**



**پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نەبوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، تەنانەت هیچ رێکارێکی نەریتیی نەخستەروو کە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکان پەیرەو دەکرێت، لەوانەش پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی گەندەڵی**

**ئەوەی کێشەکەی قووڵتر کردەوە، هەوڵدانی حکومەتی هەرێم بوو بە پیادەکردنی سیاسەتی لیبراڵییەتی تازە لە بواری ئابووریدا کە بەتەنیا ناکۆک نەبوو لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەتی حزبە فەرمانڕەواکان، بەڵکو ناکۆکیشە لەگەڵ پاشخانی مێژوویی و فیکریی کارە پەیرەوکراوەکانی پێشووی ئەو حزبانە**

ئابوورییەکان پەیڕەودەکرێت، لەوانەش پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی گەندەڵی، بۆیە پەرلەمان نەیتوانی رۆڵی خۆی ببینێت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل، دواتر پەرلەمان وەك دەزگایەکی هەڵبژێردراو لەلایەن میللەتەوە لە دەرەوەی قەیرانەکە مایەوە، هەرچەندە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان هەوڵیان دا رۆڵ بگێڕن، بەڵام ئەو رۆڵانە کاریگەر نەبوون، دەکرێ ئەم خەمساردییە لە هەڵوێستی پەرلەمان بە ترس لە جەمسەربەندیی سیاسیی هەرێم و لە سیستەمی حوکمڕانیی لێکبدرێتەوە، هەروەها کەمکردنەوەی ئاسۆی هاوپەیمانیی سیاسی و جارێکی دیکە ئاراستەکردنی رای گشتی کە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پێی دەگوترێت (قسەڵۆکی سیاسی political gossip) چونکە گفتوگۆو دانووستانە سیاسییەکان بێ بەرهەم و بێ ئەنجام دەبن، لە لایەکی دیکەوە چالاکیی لیژنەکانی پەرلەمان و حکومەت دەبێتە هۆی چەقینی رووبەڕووبوونەوەی سیاسی و سەرهەڵدانی دوژمنکاریی و نەیاریی سیاسی political antagonism و پشێویی سیاسیی ناپێویست، بەدواداچوونی ئەو عەیب و لاساریانە کەشوهەوایەکی سیاسی دەخوڵقێنن کە پڕیەتی لە لێکدانەوەی هەڵەو تۆمەتبارکردنی یەکدی لەنێوان حزب و بژاردە سیاسییەکاندا، هاوکات ئەو بابەتە پێویستی بە لێکگەیشتنی سیاسی هەیە سەبارەت چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی لە چوارچێوەی حوکمی یاسادا، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن سوودیان لەو دۆخە نیگەرانە وەرگرتووە، ئەویش بە ئاراستەکردنی رەخنەو پرسیار و تۆمەت دەربارەی بوونی حاڵەتی گەندەڵی کە پێویستە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، چونکە هەرێم گەیشتۆتە ئاستی حاڵەتی مایەپووچی bankruptcy، لەگەڵ ئەوەشدا حزب و بژاردە سیاسییەکان نەگەیشتنە لێکگەیشتنێکی هاوبەش، دواتر ئەو قەیرانە ئابوورییە داراییە قەیرانێکی راستەقینەی لە سیستەمی حوکمڕانیی هەرێم و لە خودی ئەوحزبانەدا هێنایە ئاراوە،( لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بکەم بۆ ئەوەی لەو ساڵانەی دواییدا لە ئێرلەندا روویدا لە قەیرانێکی سەختی ئابووری، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ناکۆکیی سیاسی لەنێوان حزبە سیاسییەکان هەبوو، کەچی بە جیددی هەوڵیان دا کۆدەنگیی بکەن بۆ ئیدارەدانی قەیرانەکەو چارەسەرکردنی ).

زۆر پێویست بوو کە هەرێم بەپێی توانا بگەیشتایە حاڵەتی کۆدەنگی و رێککەوتن لەسەر چۆنێتیی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری- دارایی کە هەرێمی گەیاندە ئەو دۆخە نەخوازراوە، بە شێوەیەك پلانی ئابووری- دارایی لەدەست دا و چەند بڕیارێکی دەرکرد کە پەیوەستن بە کەمکردنەوەی مووچەو شایستەکانی خانەنشینی،لە ئاکامدا حاڵەتێکی تێکچوونی بارودۆخی ئابووریی بەدوادا هات لای هاووڵاتیان.

ئەوەی کێشەکەی قووڵترکردەوە، هەوڵدانی حکومەتی هەرێم بوو بە پیادەکردنی سیاسەتی لیبراڵییەتی تازە لە بواری ئابووریدا کە بەتەنیا ناکۆك نەبوو لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەتی حزبە فەرمانڕەواکان، بەڵکو ناکۆکیشە لەگەڵ پاشخانی مێژوویی و فیکریی کارە پەیڕەوکراوەکانی پێشووی ئەو حزبانە.

لەهەمان کاتدا ئەوەی کە سەرنج رادەکێشێ لە سەروبەندی ئەو قەیرانە ئابووریە، ئەوەیە کە بیرو بۆچوونەکانی ئازادیخوازیی چەپ دەربارەی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هاوکاریی هیچ دەنگۆیەکی چاوەڕوانکراوی لای رای گشتی نەبوو، دیارە هەڵگرانی ئەو بیروبۆچوونانە ناتوانن خەڵکەکە قایل بکەن و بە ئاراستەی روودانی گۆڕانکارییە قووڵەکانی نێو کۆمەڵگە و سیاسەت بیانجووڵێنن.

لەم جۆرە بارودۆخەدا وەك بارودۆخی هەرێم پێویستە ئامانجە کەسییەکان و نەیاری و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان بەلاوە بنرێن، ئەو قەیرانەش دەریخست کە ئەو حزبە سیاسییانە توانای راهێنانی خەڵکیان نییە لەسەر ئەو



قەیرانە، یان بتوانن کۆمەڵێك پێشنیاری سەرتاپاگیر وەك سیاسەت پێشکەش بکەن، بۆیە دەرکەوت کە توانای ئەو حزبانە سنووردارە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسیدا، بە دڵنیاییەوە ئەو حزبانە تواناو کارامەییان هەیە کە شتی باش پێشکەش بکەن بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم، بۆیە بەڕێوەبردن و راوێژکردن کلیلی بنەڕەتین لە گوتاری سیاسیدا، هەروەها توخمی ئەرێنی و گرنگن لە گوتارەکانی ئەو حزبە سیاسییانە، بەڵام تەنیا ئەوە بەس نییە لە پێشکەشکردنی دیدگای ستراتیژیی ئایندە، لەبەر ئەوە شتێکی لەناکاو نەبوو کە حاڵەت و هەڵوێستی نامۆبوون و بەسووك سەیرکردن و بێ متانەیی نەك هەر لەهەمبەر حکومەت سەرهەڵبدەن، بەڵکو لەبەرامبەر حزبە سیاسییەکان و بژاردەی حوکمڕان، هەندێ لەو پێشنیارانەی چاکسازی کە لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە پێشکەشکراون دەکرێ وەربگیرێن، بەڵام هەندێکی دیکە زۆر درەنگ خرانەڕوو، بۆیە هەنگاوەکانی چاکسازی سستییان تێکەوت و دواتر بژاردە سیاسییەکان راستگۆییان لەدەست دا بەهۆی لاوازیی داهێنانەکانیان و رووبەڕووی دۆخێکی سەخت و ئاڵۆز بوونەوە کە پەیوەستن بە پرۆسەی گەڕاندنەوەی متمانە بە دامەزراوەکانی ئێستای حکومەت، بۆیە دۆخەکە پێویستی بە چاکسازیی گشتی و سەرتاسەری هەیە.

**دەرئەنجام**

قەیرانی ئابووری — دارایی هەرێم لەهەمان کاتدا رەنگدانەوەی قەیرانێکی قووڵی و ژێرخانیی سیاسییە و کاریگەریی زۆر قووڵی چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە، بۆیە لەدەستدانی زنجیرەیەك لە گفتوگۆو رووبەڕووبوونەوەی فیکری و پڕۆژەی سیاسیی عەقڵانی، قەیرانەکە لەسەر ئاستی سیاسیی زیاتردەکات، هاوکات سیاسەتی (نابەسیاسیکردن depolitizatio) قووڵدەکاتەوە، گرێدانی قەیرانی سیاسی بە قەیرانی ئابووری دۆخێکی (تێکەڵیی و دەستێوەردان)ی بەرهەمهێناوە و لە ناوەڕۆکدا خزمەتی ئەو قسەیە دەکات کە هەموو حزبە سیاسییەکان و سیاسەتمەداران لە هەمان چینن.

ئەم بارودۆخەی هەرێم تەحەددایەکی تەواوی لای خەڵکێکی کەم دروستکرد لەبەرامبەر شەرعییەتی سیستەمی حوکمڕانی، کە دەریانخست کە پەککەوتنی دیموکراسی لە حوکمدا بەندە بە لێکدانەوەیەکی بێئومێدی و نیگەرانی دەربارەی ئایندەیەك نادیاردا، دیارە بەڵگەی زۆر هەیە بەوەی کە ئاراستەی گشتیی لە حاڵەتی قەیرانی ئابووری بە ئاراستەی بیروهزری شۆڕشگێڕانەیە. ئەمەش وانەیەکی گرنگە لە مێژوو کە پێویستە فێری بین.

**هەندێ لەو پێشنیارانەی چاکسازی کە لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە پێشکەشکراون دەکرێ وەربگیرێن، بەڵام هەندێکی دیکە زۆر درەنگ خرانەڕوو، بۆیە هەنگاوەکانی چاکسازی سستییان تێکەوت و دواتر بژاردە سیاسییەکان راستگۆییان لەدەست دا**



### ستیڤن گۆڵوب ئابووریناسی بواری پەرەپێدان بۆ گوڵان:

# کۆریای باشوور بە دژایەتیی گەندەڵی و شەراکەتی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت هاتە ریزی وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاوا

ستیڤن گۆڵوب بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئابووریدا لە زانکۆی یاڵ بەدەستهێناوە، ئێستاش پرۆفیسۆری هەمان بوارە لە بەشی ئابووریی کۆلێژی سوارسمۆر، وانەبێژی ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان و بانکداری و پەرەپێدانە. بۆ تیشکخستنەسەر چۆنیەتی دارشتنی ستراتیژیەتێکی کارای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناجێگیری نرخی نەوتدا، گوڵان لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان و وڵاتانی دوای شەڕ ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبنەوە، لە کاتێکدا کە سەرقاڵی بنیادنانی ژێرخانی وڵاتەکەیانن. بە تێڕوانینی ئێوە، باشترین ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا کە گەندەڵی کێشەیەکی گەورەیە، ئەمە گومان هەڵناگرێت، بۆیە سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرکردایەتی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، واتە دەبێت سەرکردە باڵاکان نموونە و پێشەنگ بن لەم ڕووەوە. هەروەها گرنگە ئابوورییەکی کراوە بهێندرێتەئاراوە، ئەمەش هانی وەبەرهێنەران دەدات بۆ ئەوەی بەشدار بن و ئەوانیش داوای حکومڕانییەکی باشتر بکەن. کەواتە بوار ڕەخساندنیش بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی گرنگە. لە هەمان کاتدا پێویستە کە سەرۆك و سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان کەسانی گەندەڵ نەبن و زامنی ئەوە بکەن کە کاری ڕاست و دروستیان ئەنجام داوە و خۆیان لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلاون. جێی داخە کە چارەسەرێکی سیحری بۆ ئەم کێشەیە لە ئارادایە. هەروەها بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی ئازادیش گرنگە کە پەردە لە سەر ئابڕووچوونەکان لادەدات، لەبەر ئەوەی تاوەکو مەودای ئازادی و کرانەوە زیاتر بێت باشترە.

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەوەیە کە یاسا بەکاردەهێنن بۆ هاندانی وەبەرهێنان بۆ ئەوەی ڕووبکەنە وڵاتەکە و وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، ئەمەش گەندەڵی لێدەکەوێتەوە. کەواتە چۆن دەکرێت گۆڕانکاری لە کەلتووری هاندەر بە گەندەڵی بۆ کەلتووری دژ بە گەندەڵی ئەنجام بدرێت؟**

- هەروەك ئاماژەم پێکرد، دەبێت بەرپرسە باڵاکانی حکومەت ئەم پرسە بکەنە ئەولەوییەتێکی نیشتمانی و چاوپۆشی لێنەکەن و دەزگای چاودێری دروست بکەن، ئەمەش کارێکی قورسە، کە تۆ دەزگایەکی –چاودێری- دروست بکەی و ببینیت دەزگاکە خۆشی گەندەڵە، لەبەر ئەمە کارێکی ئاسان نییە. هەروەها پێویستە کار لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا بکرێت، لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی نێودەوڵەتی دراو و ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی تیشك بخرێتەسەر ئەم پرسە و ئەو کەسانە ئیحراج بکرێن کە لەگەندەڵییەوە تێوەگلاون و زیندانی بکرێن، واتە دەبێت توند بن و سەرکردەکان لەسەر ئەم پرسە بە جددی کار بکەن. بۆ نموونە ئێستا نەیجیریا سەرۆکێکی نوێی هەیە و باس لەوە دەکات بە گژ گەندەڵیدا دەچێتەوە، کە دەبێت ببینین چەند ڕاستگۆ و جددییە لە هەوڵەکانیدا. هەروەها گرنگە پاڵنەرەکانی گەندەڵی نەهێڵێت، بۆ نموونە، بەوەی حکومەت دەسەڵاتێکی تەقدیری گەورەی نەبێت... کەواتە گرنگە کە سیاسەتێکی کراوە بگرێتەبەر و یاسا و ڕێساکانی بواری ئەوە نەدات خەڵکی بەرتیل بدەن. هەروەها پێویستە ڕێسای زۆر سادەت هەبێت بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی و بواری ئەوە نەبێت گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ حکومەتدا بکەن، چونکە ئەو کاتە دەرفەتی ئەوە دروست دەبێت بەرتیل بە بەرپرسانی حکومەت بدرێت. دووبارەی دەکەمەوە چارەسەرێکی سیحری لە ئارادا نییە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد یاسا و ڕێساکانتان سادە بێت و پێشوازی لە وەبەرهێنانی دەرەکی بکەن و ڕێگە بە هەبوونی حاڵەتی ئیستیسنا مەدەن. سوودی بوونی وەبەرهێنانی دەرەکیش- ئەگەرچی ئەگەری ئەوەش هەیە دووچاری گەندەڵی بن- لەوەدایە کە ستانداردی بەرزی کارکردنیان هەیە، ئەمەش دەبێتە مایەی هاندانی کارکردنی ناوخۆیی، کە دەکرێت کوردستانی سوودێکی زۆر لە وەبەرهێنانی دەرەکی وەربگرن.

*** لە ئەزموونی کۆریای باشووردا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەبینین ئەم وڵاتە سەرکەوتوو بوو لە پەرەپێدانی ستراتیژی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بە پشتیوانی پیاوانی کار و کۆمپانیاکان. بە بۆچوونی ئێوە تا چ ڕاددەیەك گرنگە کە هاوکاری لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا ئەنجام بدرێت، بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە زۆر گرنگە، کۆریای باشوور نموونەیەکی زۆر باشە کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد، لە ساڵانی پەنجاکاندا کۆریا وڵاتێکی زۆر گەندەڵ بوو تا ئەو کاتەی سەرۆك پارك چانگ دەسەڵاتی گرتەدەست و بڕیاری دا هەموو شتێك بگۆڕێت. ئەو کاری لەگەڵ بزنسکارەکان دەکرد، بەڵام ئەو بزنسکارانەی گەندەڵ بوون فڕێی دابوونە زیندانەوە. کەواتە دەبێت لە سەرۆکەوە دەست پێبکات کە بە ڕوونی ڕایبگەیەنێت چیتر چاوپۆشی لە گەندەڵی ناکرێت، سەرۆك پارکیش لە کۆریای باشوور باشترین نمونەیە لەم ڕووەوە و بەڵگەی ئەوەیە کە دەکرێت شتەکان بگۆڕدرێن، لەبەر ئەوە کۆریای باشوور زۆر

**دەبێت سەرکردە باڵاکان نموونە و پێشەنگ بن بۆ دژایەتیکردن و بنبڕکردنی گەندەڵی و گرنگە ئابوورییەکی کراوە بهێندرێتە ئاراوە، جێی داخە کە چارەسەرێکی سیحری بۆ ئەم کێشەیە لە ئارادایە نییە**

**پێویستە کار لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا بکرێت، بۆ ئەوەی تیشک بخرێتەسەر پرسی گەندەڵی و ئەو کەسانە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون، ئیحراج و زیندانی بکرێن**

گەندەڵ و زۆر بێکەڵك بوو. زۆر کەس لە ساڵانی پەنجاکاندا باوەڕیان نەدەکرد کۆریا ببێتە وڵاتێکی سەرکەوتوو. هەروەها بە دڵنیاییەوە دەبێت کار لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکەیت. لەبەر ئەوەی کەرتی تایبەتی ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پەرەپێداندا. هەروەها پێموایە پێویستە لە ئێستادا لەگەڵ کەرتی تایبەتی دەرەکیدا کار بکەن، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا ئێمە لە دنیای جیهانگەراییدا دەژین. لە لایەکی دیکەوە پێویستە هانی پێکەوەکارکردنی وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆیی بدەن. کەواتە بێگومان دەبێت حکومەت زۆر کراوە بێت لە ئاست کەرتی تایبەتدا.. بەڵام دەبێت وریا بین، چونکە هەندێ جار سەفقاتی تایبەت لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکرێت و نابێت ڕێگە بدرێت کەرتی تایبەت ببێتە هێزی دەستی بەرپرسە باڵاکان، کەواتە تەنیا بوونی کەرتی تایبەت بەس نییە، بەڵکو دەبێت بوار بۆ بەشێکی بەرفراوان بڕەخسێندرێت لە کەرتی تایبەتدا و نابێت تەنیا کۆمپانیا گەورەکان گرێبەستە حکوومییەکان ببەنەوە. ئەمەش پێویستی بە مەعریفەیەکی ئابووری باش هەیە، هەروەها پێویستی بە کارکردن لەگەڵ سەرجەم کەرتەکاندا هەیە، واتە نەك هەر تەنیا بزنسە گەورەکان لە پێوەندییان لەگەڵ حکومەتدا سوودمەند بن.

**تەنیا بوونی کەرتی تایبەت بەس نییە، بەڵکو دەبێت بوار بۆ بەشێکی بەرفراوان بڕەخسێندرێت لە کەرتی تایبەتدا و نابێت تەنیا کۆمپانیا گەورەکان گرێبەستە حکوومییەکان ببەنەوە**

*** لە پرۆسەی بە گژداچوونەوەی گەندەڵیدا یاسا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت، بەتایبەتی لە پێوەندی بە هێنانەئارای شەفافییەت و خۆلادان لە گەندەڵی و سزادانی کەسە گەندەڵکارەکان. ئایا تا چ ڕاددەیەك دارشتنی نوێ بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی یارمەتیدەر دەبێت؟**

- هەروەك دەزانن زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان یاسای نوێ دەردەکەن، بەڵام ئەمە هەوڵێکی بێهودە دەبێت، واتە هەڵدەستن بە دەرکردنی یاسایی نوێ و دروستکردنی دەزگای حکوومی-بۆ ئەم مەبەستە-، بەڵام من زۆر بە گومانم لەم کارانە. پێموایە ئەمە پتر پەیوەستە بەوەی چ کارێك دەکەیت، نەك ئەوەی چی دەڵێیت. بۆیە پێویستە یاسای ڕوونت هەبێت، بەڵام دەبێت لە هەمان کاتدا ئەو یاسایانە زۆر سادە بن، کە هەموو کەس بزانێت پێویستە لە سەری چی بکات. ئەو یاسایانە خراپن کە ئاڵۆزن و دەسەڵاتێکی زۆر بە حکومەت دەدەن. لەبەر ئەوە دەکرێت یاسای نوێ تەنیا پاساوێك بێت بۆ درێژەدان بە کارە خراپەکانی ڕابردوو، یان خراپتریش، هەندێ جار دەزگایەکی تایبەتمەندیان هەیە و دێن و دەڵێن با دەزگایەکی نوێ دابمەزرێنین، بە زۆری ئەمە بیرۆکەیەکی خراپە، چونکە دەبێت کار لەسەر کاراکردنی دەزگاکەی پێشووتر بکەن. لەبەر ئەوە دروستکردنی دەزگای نوێ کات بە فیڕۆدانە و دووبارەکردنەوەی دەزگاکانی پێشووترە. کەواتە دەبێت بەرپرسە باڵاکان نموونە و پێشەنگ بن و پێویستە سەروەری یاسا باڵادەست بێت و یاسا بەسەر هەمواندا و بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت. لەبەر ئەوە هێنانەئارای سادەیی و شەفافییەت گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە.

**کۆریای باشوور نموونەیەکی زۆر باشە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، لە ساڵانی پەنجاکانی سەردەی رابردوو کۆریای باشور وڵاتێکی زۆر گەندەڵ بوو تا ئەو کاتەی سەرۆک پارک چانگ دەسەڵاتی گرتەدەست و بڕیاری دا هەموو شتێک بگۆڕێت**

*** لە زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، گەورەبوونی کەرتی گشتی و بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی دەوڵەت دەبێتە هۆی زیادکردنی خەرجییەکانی حکومەت، بە چەشنێك خەرجییەکان لە داهاتەکانی زیاتر دەبن. کەواتە چۆن دەکرێت بەسەر ئەم دۆخەدا زاڵ بین؟ ئایا بچووککردنەوەی حکومەت و دۆزینەوەی هەلی نوێی کار بۆ خەڵك هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەکان کە بیکەنە ئەولەوییەتی کاری سیاسیی خۆیان، هەروەها گرنگە کە ڕاوێژکاری تەکنیکی دەرەکی بەدەست بهێنن، با بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو هاوکاریتان بکەن، واتە سوود لە باڵاترین شارەزایی تەکنیکی وەربگرن لەم ڕووەوە، واتە با شارەزای نێودەوڵەتی هاوکارتان بن لە دەستنیشانکردنی ئەوەدا کە حکومەت چی پێویستە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، هەموو ئەمانە بەندە بە سەرۆك و بەرپرسە باڵاکانەوە کە ئایا ئامادەی ئەنجامدانی ئەم کارەن؟ واتە ئەمە پێویستی بە بوونی ئیرادەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەنجامدانی.

*** ئەو وڵاتانەی لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە، وەك نەوت، دەوڵەمەندن، ئەوا تەنها**



**پشت بە تاکە سەرچاوەیەك دەبەستن، بەڵام کاتێك نرخی نەوت بە شێوەیەکی کتوپڕ دادەبەزێت، ئەم حکومەتانە دووچاری تاسان دەبن و ئەمەش دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ حکومەت. بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت سیاسەتی چاکسازیی ئابووری لەو وڵاتانەدا بخرێتەگەڕ کە پشت بە نەوت دەبەستن؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت پاشەکەوتی لێبکەن، تەنانەت وڵاتێکی وەك سعودیەش پاشەکەوتی لێدەکات، ئەگەرچی زۆریشی لێ خەرج دەکات، کەواتە دەبێت پاشەکەوت بکرێت و ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە نرخی نەوت بەرز و نزم دەکات و جێگیر نییە. خۆ ئەگەر هاتوو ئەو داهاتەشت خەرج کرد، ئەوا دەبێت لە بنیادنانی ژێرخاندا خەرجی بکەیت، نەك لە دامەزراندنی خەڵك و هاوکارییە حکوومییەکاندا، دەبێت دەست لە هاوکارییەکانی حکومەت هەڵبگیرێت، چونکە ئەمە ناکارایە و خەرجییەکی زۆری دەوێت. کەواتە کاتێك نرخی نەوت زۆر بەرز دەبێت، ئەوا داهاتێکی زۆر خەرج مەکەن، هەروەها خەرجییەکانیش با لە بواری وەبەرهێناندا بن و تەنیا لە بواری بەکاربردندا نەبن. چونکە ئەگەر نرخەکانیش دابەزین، ئەوا ناکەوێتە دژوارییەکی گەورەوە. ئەنجامدانی ئەم کارەش قورسە لە ڕووی سیاسییەوە.

چونکە هەر حکومەتێك بگریت، کە داهاتی زۆری لەبەردەستدا بێت، خوازیاری خەرجکردنیەتی. لەبەر ئەوە گرنگە یاسای و ڕێسایەکی ڕوون هەبێت کە بە گوێرەی ئەو یاسایە ئەگەر نرخی نەوت لە ٤٠ یان ٥٠ دۆلار تێپەڕی، ئەوا دەبێت ئەو داهاتەی لە سەرووی ئەو نرخەوە بەدەست دەهێندرێت لە سندوقێکدا هەڵبگیرێت و لەوەبەرهێنانی درێژخایەندا بخرێتەگەڕ. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر ڕوونە، بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە جێبەجێکردنی قورسە.




*** تا چ ڕادەیەك پشتبەستن بە سەرچاوە مرۆییەکان هاوکار دەبێت لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا؟ هەروەها چۆن دەکرێت وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆییەکاندا بکرێت؟**

- پێویستە ئامانجی دوورمەوداتان جۆراوجۆرکردنی ئابووری بێت، پێویستە داهاتی نەوت لە پەروەردە و وەبەرهێناندا بەکار بهێندرێت. ئەگەر بێتو نایەکسانییەکی کەمتر و دەرفەتێکی زیاتر بۆ خەڵك بڕەخسێندرێت، ئەوا ڕەنگە بواری گەندەڵیش کەم بکرێتەوە. چونکە ئەگەر تەنیا ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی داهات گەندەڵی بێت، ئەوا پەنای بۆ دەبەن. کەواتە تاوەکو وەبەرهێنانی زیاتر بکەن لە بواری پەروەردە و بنیادنانی ژێرخاندا ئەوا هەلی ئەوە دەڕەخسێنیت خەڵکیش پەرە بە بەهرەی کارکردنی خۆیان بدەن. هەروەها ئەگەر کۆمپانیاگەلێکی زۆرتان هەبێت کە خەڵکی دابمەزرێنن، ئەوا مانای وایە دەرفەتی زیاترتان ڕەخساندووە. لەبەر ئەوە لەبری خوڵقاندنی بازنەیەکی بەتاڵ، بازنەیەکی بەرهەمدار دروست دەکەن کە بریتی دەبێت لە پەروەردە و خوڵقاندنی هەلی کار و بزنس و بنیادنانی ژێرخان، ئەمە لەبری ئەوەی تەنیا پشت بە نەوت ببەستن و نوقمی گەندەڵی بن. لەبەر ئەوە گرنگە داهاتی نەوت بۆ بەرەودان بە سەرچاوەی مرۆیی بەکار بهێندرێت، کە بە دڵنیاییەوە پەروەردە زۆر زۆر گرنگە، بە هەمان شێوە کە گرنگە وەبەرهێنان لە زانکۆکاندا بکرێت.





# ناکۆکیی ماڵی شیعه ڕێی سەربەخۆیی ساناتر کرد



**شازاد ئەنوەر**

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

*وەك چاوەڕێ دەکرا و چەندین جار ئاماژەی بۆ کراوە، ماڵی شیعە لە نۆژەن پەچەی لە سەر ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان خۆیان هەڵدایەوە و پێش ناچێ لەمڕۆدا بتوانن چیتر دیزە بەدەرخونەی بکەن.

شیعەی سیاسیی عێراق دوای رزگاری لە چنگی ڕژێمی فاشی بەعس بە سەر دوو ڕوانیندا دابەش بوون، بەشێکیان پێیانوایە ڕێگەی ئێرانیزم و پان ئێرانیزم لە بەرژەوەندییاندایە و دەستکەوتەکانیان دەپارێزێ (وەکو حزبی دەعوە بە هەر دوو باڵەکەی جەعفەری و مالیکی) لاکەی تر وای دەبینێ وێڕای دۆستایەتی ئێران، بەڵام نابێ تەواو پاشکۆ ببن و لاکردنەوە لە جیهانی عەرەبی سوننە چاکترە لە نێو کۆمەڵگەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی جێیان خۆش دەکات. ئەم دوو ڕوانینە لە ئێستادا وەك دوو تیر وانو یەکتر دەبڕن، بەواتا ماوەیەکی درێژە هاوتەریب ڕێ دەکەن و بەریەك ناکەون، وەلێ پێدەچێ ئەو قۆناغە کۆتایی هاتبێت و چیتر بواری پەردەپۆشکردنی ئەو هەموو قەیرانە سیاسی و ئابووری و دۆسێی فەسادی بێشومار جێی بۆ نەمابێتەوە و یەکتر ببڕن، چۆن..؟

*لەیەك کاتدا باڵی سیاسیی ئەنجومەن بەسەردەستەیی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم و سەدرییەکان بە ڕابەرایەتی موقتەدا سەدر بەرامبەر پان ئێرانیزمەکان وەستانەوە، یەکەمیان بە هێمنی و سیاسییانە بە عەبادی سەروەزیری گوت: بفەرموو ئێمە وەزیرەکانمان دەکشێنینەوە و جەنابت سەرپشك بە لە پێکهێنانی حکوومەتێکی کارای تەکنۆکرات، دووەمیان جادەی هەژاند و سەدان هەزار کەسی هێنایە سەر شەقام و دڕی بە شەوە زەنگی ترس و تاریکی دا و ئیتر چیدی خەڵك لە مافیا ترسناکەکانی مالیکی و هەندێ لایەنی حەشد ناترسن و بە دەنگی بەرز دەڵێن: نەخێر بۆ گەندەڵی و گەندەڵکاران و ئیتر بەسە.

هەرچی تەرەفی بەرامبەرە جۆش داماوە، واتا نە دەتوانێ ڕووبەڕووی شەپۆلی نارەزاییەکان ببێتەوە و خۆپیشاندانی میلیۆنی ئەنجام بدات، نە خۆی لە تەپوتۆزی گەندەڵی دەتەکێنێ و قەراری ساغڵەمی یەکلاکەرەوە بۆ چاکسازی بدات، هۆکارەکەش دیار و ڕۆشنە، حزبی دەعوە (لە جەعفەری-یەوە تا مالیکی) بە ئەندازەیەك دەستیان لە بە هەدەردانی ماڵی گشتی تێکەڵە کە نازانن لە کوێوە دەست پێبکەن، چونکە بە هەر ڕێگایەکدا بڕۆن دەرەنجام چارەنووسی خۆشیان بەوێدا تێدەپەڕێ، بۆیە وەك پێشبینی دەکرێ و زۆر لە سیاسی و چاودێران ئاماژەی پێدەدەن، عەبادی ناتوانێ لە دروشم زیاتر گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ئەنجام بدات و بەم چەشنە ڕۆژانە کێرڤی نارەزایەتی بەرز دەبێتەوە و ئاقیبەت دوور نییە سەری عەبادیش بخوات.

*ئەمڕۆ عێراق دوای (٢٠٠٣) بە هەستیارترین قۆناغی سیاسیدا تێدەپەڕێ و ناکۆکیی شیعە و شیعە، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هەرێمایەتی، بێمتمانەیی ناوخۆ، شەڕی داعش، نەگونجانی کوردستان و بەغدا و.. تاد، بەرۆکی گرتووە. بۆیە دەرگا لەسەر هەموو ئەگەرەکان کراوەیە، بە ئەگەری نەك سێ هەرێمایەتی، بگرە لەوەش هەراشتر.

لە ئێستادا شیعەی سیاسی و تەنانەت سوننەش تەواو گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کورد لەگەڵ ئەوانەدا چیتر هەڵناکا، وەك هەندێکیان دەڵێن دوای هێنانە دەرەوەی گاز و نەوت لە کوردستانی فیدڕاڵ کەرکووکیش کێشە نییە و با بخرێتەوە سەر کوردستان و خۆیان چۆن بڕیار دەدەن بە ئاسایی وەردەگیرێت. بە کورتی دەستمان لەیەکتر بەرداوە، شیعە بۆ خۆی چی بڕیار دەدا بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەیە، دوو خاڵی گەوهەری هەیە کە نابێ بە هیچ کلۆجێك بۆ ساتێك دوابخرێ. یەکەمیان: بەپەلە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کوردە (جا بە هەر جۆرە قوربانی و سازشێکی خۆمان بۆ خۆمان بێ)، دووەمیان: خێراتر کارکردنە بۆ ڕیفراندۆم و پاشان بڕیاری چارەنووسسازی یەکلاکەرەوە، ئەمەش بەو پێودانگەی هیچ کات لە سەدەی ڕابردوو هەلی زێڕینی لەم چەشنە بۆ کورد هەڵنەکەوتووە کە لە ئەمەریکاوە تا ئوستڕاڵیا فەخرمان پێوە بکەن و پێشمەرگە و شەڕی دژی تاریکی ببێتە وێردی سەر زوبانی سەرانی جیهان و لە ئاستیدا ڕابمێنن. نەخشەی ناوچەکەش ڕۆژبەڕۆژ و تیژتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، خەریکی وەرچەرخانە، بۆیە بەهەدەردانی هەر چرکەساتێك واتای زیان گەیاندن بە چارەنووسی خۆمان دەگەیەنێ.

# گرنگیی نوێکردنەوەی هاوپەیمانێتی پارتی و یەکێتی



سەربەست بامەڕنی

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ململانێی حزبی لە کوردستان و ئەو قەیرانە سیاسییەی کە لە ئارادایە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی دەستێوەردانی ئیقلیمی لە لایەك و هەوڵدانی چەند لایەنێکی گرنگ لە حکومەتی فیدراڵ بۆ تێکدانی سەقامگیریی هەریم لە لایەکی دیکەوە درووست بووە، چونکە پرۆسەی دیموکراتی کە لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، بە هەموو شێوەیەك دژی سروشتی ئەو رژێمانەی دەوروبەرمانە، نەخاسمە لە بواری بزاوتی نیشتمانی کوردستانی بۆ گەیشتن بە مافە خوراوەکان، لەوانەش مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی سیستمی فیدراڵیی عێراقی، نەك بە تەنیا بە هۆی مامەڵەکردنی حراپ لەگەڵ هەرێم، بەڵکو سەرنەکەوتنی لەسەر ئاستی عێراق بە شێوەیەکی گشتی هۆکاری ئەو داڕووخانە بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رژێمە سەرکوتکارە توندڕەوە ئایینی و تایفەگەرییەکان لە ناوچەکە ڕێگەنادەن بە لەدایکبوونی مێرگێکی دیموکراتی سکۆلار کە سەقامگیری و ئاسایش و گەشەسەندنی ئابووری و ئاشتەوایی ناوخۆیی لەسەر سنوورەکانی بەرقەرار بێت، ئەم مێرگەی کە بە پرۆسەی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە را و رای بەرامبەر جیا دەکرێتەوە و تەنیا راگەیاندنی کوردی باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەم گەشەسەندنە جۆرییە لە بواری ژیان کە بە گرنگترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت.

لێرەوە ئەم بارودۆخە وا دەخوازێت کە هەردوو حزبی سەرەکی لە هەرێم، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە شێوەیەکی بابەتییانە مامەڵە لەگەڵ ئەو قەیرانە سیاسییە بکەن و بەپێی بەرنامەیەکی نیشتمانی گشتگیر کار بکەن و شەقامی کوردستانیش پشتیوانیان بن، کە هەر ئەمەشیان لێ چاوەڕێ دەکات لە ئەنجامی ئەزموونی درێژیان لە ژیانی سیاسی چ لەو قۆناغەی کە پێی دەوترا شەرعییەتی شۆڕشگێڕی، یاخود ئێستا کە بە شەرعییەتی یاسایی و دەستووری وەسف دەکرێت، چونکە بەڕێوەبردنی هەرێم و پیادە کردنی دەسەڵات بێگومان پێویستی بە چاوپۆشین لە تێڕوانینی حزبایەتی تەسکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوەکان، لەو کاتەی کە ناوچەکە بە گشتی بە گۆڕانکاریی بونیادیی بەهێز و پەرەسەندنی بنەڕەتیدا تێپەڕ دەبێت، کە وا دەخوازێت تا بەرزترین ئاست یەکڕیزیی نیشتمانی و گوتاری یەکگرتوو بپارێزرێت لە کاروباری سیاسی پەیوەست بە دوارۆژی هەرێم و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان.

رێککەوتنی هەردوو هێزی سەرەکی و پێشوازیکردنیان لە دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێم و ئەو بنکە جەماوەرییە بەرفراوان و پێوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتەکانی و شارەزایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، باشترین گەرەنتییە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە سیاسی و دارایییەی کە هەیە و وەستان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانانەش کە دەیانەوێ شکست بە ئەزموونی هەرێم و حکومەتەکەی و ئەو پرۆسە دیموکراتییە تازەیە بهێنن، ئەرکی هەمووانە و بێگومان شەقامی کوردی روحم بە هیچ لایەنێك ناکات کە دارەکە لە ناوەڕاستەوە دەگرێت و لە شوێنی خۆی وەستاوە لەنێو قۆزاخەی ناوخۆیی توندڕۆیی لە جیاتی هاوکاری و کرانەوە و بەرپەرچدانەوەی هاوبەش بۆ گرفتەکانی هەرێم و ئەو مەترسییانەی کە لە ئێستادا رووبەڕووی دەبنەوە و لە پێشەوەیاندا دەستدرێژیی دەرەکیی ئەو دوژمنەی کە بە دەوڵەتی ئیسلامی ناسراوە و چەند جموجوولێکی گوماناوی هەرێمایەتی، نەك تەنیا دژی هەرێم و دەستکەوتەکانی، بەڵکو دژی میللەتی کورد بە گشتی و کێشەی رەوای کە سەر لە نوێ بە شێوەیەکی بەهێزتر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و هاوکێشەکانی ناوچەکە زەق بۆتەوە.



**جۆن چاڵکرافت خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سکوڵی ئیکۆنومی لە زانکۆی لەندەن، لە توێژینەوەکانیشیدا بایەخ بە مێژو و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ دەدات، بەتایبەتی لە وڵاتانی میسر و سووریا و لوبنان، بۆ هەڵسەنگاندن و هەڵوەستەکردن لە سەر ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، هەروەها شەڕە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچەیە و پێویستیی پشتیوانیکردنی زیاتری کورد لە شەڕی دژ بە تیرۆریستاندا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەتوانین کێشەی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێنینەوە بۆ شێوازی داڕشتنی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، کە نەتوانراوە پێکهاتەی ناوچەکە لە سەروەختی دروستکردنی ئەم دەوڵەتانەدا ڕێکبخرێن، لەبەر ئەوەش ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و سەرکەوتوو بن، لەم ڕۆژگارەشدا بواری ئەوە نەماوە بە شێوازی زەبر و زەنگ حوکمڕانی بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەو دۆخەدا ناوچەکە پێویستی بە سیستمێکی نوێی دەوڵەت نییە؟**

- پێموایە ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، دوایین جار کە سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا هاتەئاراوە بریتی بوو لە ڕۆژگاری دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. ئەو سنوورانە لە سەروبەندێکدا کێشران کە بریتی بوون لە خۆبەدەستەوەدانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورکی و دابەشبوونی سووریا و عێراق و ریگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و دەرکەوتنی بزووتنەوەی زایۆنیزم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستینی ژێر ئینتیدابدا. کەواتە ئەمە مێژوییەکی پڕ لە توندوتیژی و ناکۆکی بوو. لە ئێستاشدا بیرۆکەی

## جۆن چاڵکرافت

### پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سیستمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرچاوەی توندوتیژی و ناسەقامگیری بووە

دووبارە دارشتنەوەی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا بەندە بەوەی چی لە هزری ئەو کەسانەدایە کە بەم کارە هەڵدەستن.مێژووی دارشتنی سنووری دەوڵەتان مێژوییەکی ئیجابی نییە. هەر کاتێك حاڵەتی سەرکەوتن و بەردەوامبوونی دارشتنی سنوورەکانمان بەدی کردبێت، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بووە کە بزاوتێکی بەربڵاو هەبووە و سەرکردەکان توانیویانە پەرە بە بەدیلی بنیادنەر بدەن و دامەزراوەکانی دەوڵەت دروست بکەن، کە ئەو دامەزراوانەش توانیویانە ئەدایەکی ئابووری و کەلتووری و سیاسی باشیان لە ئاست هاووڵاتیاندا هەبێت. کەواتە ئەگەر دەوڵەتێك ئەمانەی دەستەبەر نەکردبێت، ئەوا لە رووی مێژوییەوە کەمتر سەقامگیر بووە.

*** لایەنێکی دیکەی ئەو بارودۆخە پڕ لە پشێویەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە، ئەوەیە شەڕە ناوخۆییەکان چیتر لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانەدا نامێننەوە کە تێیاندا هەڵدەگیرسێن، ئەگەر بۆ هۆکاری درێژەکیشان و نەبڕانەوەی شەڕە ناوخۆییەکانیش بگەڕێین، ئەوا دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەیە کە پتر مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکانی کێشەکاندا کراوە، نەك رەگ و ریشەکان، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ڕەنگە کۆتایی پێهێنانی شەڕی ناوخۆیی کارێکی مەحاڵ بێت بە بێ چارەسەرکردنی هۆکارە سەرەکییەکانی، ئێوە لەوەدا پێکاوتانە کە بە دڵنیاییەوە سیاسەت و دیپلۆماسی ئەمەریکا و رووسیا کەمتر پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشە گەوهەرییەکان کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی، بگرە لەوەش خراپتر ئەمەریکا و رووسیا رۆڵیان لە خراپترکردنی بارودۆخەکەدا بینیوە، بە تایبەتی لە سووریا. کەواتە راستە کێشەی گەورە هەیە کە پەیوەستن بە پێوەندی نێوان جیۆپۆلەتیك و ئەوەی ئەمەریکا و رووسیا دەیکەن، یاخود ئەوەی هێزە ئیقلیمییەکانی وەك سعودیە و تورکیا و میسر و ئێران دەیکەن، کە شەڕی بەوەکالەتیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرپا کردووە. خۆ ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەن، ئایا هۆکاری سەرەکی دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی لە ئێستادا چییە؟ لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە شەڕی ناوخۆیی سووریایە کە لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە لەئارادایە، لەگەڵ عێراق کە بە ماوەیەکی کەم دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەڵگیرسا، چونکە دەکرێت ئەم دوو وڵاتە بە یەکتر بەراورد بکرێن، چونکە

هەردووکیان وڵاتێکی فرەڕەنگن کاتێك سنوورەکانیان دارێژرا، هەردووڵاشیان کەمینە و ناسیۆنالیزمیان هەیە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی تایفەگەرییان هەیە و هەردووڵایان لە لایەن حزبی بەعسەوە حوکمڕانی دەکران و ئێمە دەزانین عێراقیش بە رادەیەکی زۆر تێکشکێنرا لە دوای داگیرکردنیەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و سووریا کەم تا زۆر بە هۆی راپەڕینە جەماوەرییەکانی ساڵی ٢٠١١ـەوە تێکشکێنراوە، کەواتە ئایا هۆکاری ریشەیی شەڕی ناوخۆیی لەم دوو وڵاتەدا چییە؟ ئایا داگیرکارییە؟ یان هۆکارەکە ئەوەیە کە لە هەردوو وڵاتدا حوکمڕانی تاکەکەسی هەبووە و بۆ پاراستنی حوکمڕانییەکەیان پەنا بۆ ئەندازەیەکی گەورە لە سەرکوتکاری و داپڵۆسین براوە؟ رەنگە ئەمە پتر کێشە سەرەکییەکە بێت کە ئەم دوو دەوڵەتە توانای ئەوەیان لە دەستدا بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی خەڵکەکەیان، چونکە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا عێراق هەڵمەتێکی بەرپا کرد لە دژی کورد کە نزیك بوو لە جینۆسایدەوە، ماوەیەکی زۆریش بوو شیعەکانی سەرکوت دەکرد، هەروەها سووریاش لە ساڵی ١٩٨٢ لە شاری حەما زەبروزەنگێکی زۆری بەکارهێنا. کەواتە ئەمانە دەوڵەتێك بوون لەسەر توندوتیژی بنیادنرابوون، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ببنە دەوڵەتگەلێکی لەرزۆك و ئەم لەرزۆکییەش زەمینەیەکی لەبارە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی. وڵاتێکی وەك میسر جیاوازە، ئەگەرچی مەترسیی هەڵکشانی ناکۆکی توندوتیژییش لە ئارادایە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو چارەسەرە ئەمنییەوە کە عەبدولفەتاح ئەلسیسی لە میسردا سەپاندویەتی.

*** سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش چەندین هێرش و پەلاماریان لە دژی ئەو رێکخراوە تیرۆریستە ئەنجام داوە، بەڵام هێشتا ئەم رێکخراوە توانای ئەوەی لەدەست نەداوە خەڵکی نوێ بهێنێتە ریزەکانیەوە، لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا چۆن دەتوانین چاوەڕوانی سەرکەوتنی سیاسەتی لەقاڵبدانی تیرۆریستان بکەین؟**

- شێوازی ئەنجامدانی ئەوەی ئەمەریکا ناوی لێنا شەڕی دژ بە تیرۆر لە دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، هۆکارێکی گەورە بۆ ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە بوو لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و تێکشکاندنی دەوڵەتەکە و پێناسەکردنێکی ئەمنی بۆ کێشەکە و حیساباتە ستراتیژییەکان کە راستییەکانی سەر ئەرزی واقیعی لەبەرچاو نەدەگرت. رژێمی عەلمانی سەدام حوسێن دژی سەلەفییەتی وەهابی و ئەو گرووپە رادیکاڵانە بوو کە لە ئیخوان موسلمینی میانڕەو جیاببوونەوە و تێکشکاندنی ئەم دەوڵەتەش پانتاییەکی گەورەی دا بەو تاقمانە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیان، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی لە سعودیە ئەو کارە بکەن لە ساڵی ٢٠٠٤دا، لەبەر ئەوە دەرفەتگەلێکی کەم هەبوون بۆ جیهادیزمی سەلەفی لەسەر شێوازی ئەلقاعیدە. بەڵام عێراق دەرفەتی سیاسی نوێی رەخساند. لەبەر ئەوە ئەو گرووپانە بەوە خەڵك دەهێننە ریزەکانیانەوە کە دەڵێن: ئەوەتا رۆژئاوا بانگەشەی ئەوە دەکات خوازیاری دیموکراسییە، بەڵام ئەوەتا بۆردۆمانمان دەکات و هێز بەکار دەهێنێت، کەواتە رۆژئاوا گەندەڵە و پێویستە شوێن ئێمە بکەون. کردارەکانی ئەمەریکاش کە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەنجامیان دەدات، ئەم قسانە دووپات دەکاتەوە. بە تێڕوانینی من ئەمە ئامرازێکی بەهێزە بەدەست بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر بهێننە ریزەکانیانەوە.

*** لەو هەل و مەرجە ئاڵۆزەی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشاوە، تەنیا کوردەکان توانیویانە هێزێکی کارا و کاریگەر بن بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، لە لایەکی دیکەوە تا ئێستا کورد لە ململانێ و ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە تێوەنەگلاوە، پێتوانییە کورد شایستەی ئەوە بێت کە بۆ تێکشکاندنی یەکجارەکی تیرۆریستان پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیی زیاتری بکرێت؟**

- من نازانم لە باڵاترین ناوەندەکان سیاسەتی دەرەکیدا چ حیساباتێك لەم بارەیەوە کراوە. ئەگەر لە رووی کۆمەڵناسییەوە قسە بکەین، ئەوا ئەم جۆرە تیرۆریزمە مانایەکی زۆری نییە، زۆرێك لە گرووپەکان ئیدی پەیوەست بن بە دەوڵەتەوە و بەشێك بن لە حکومەت، یان بەشێك نەبن لە حکومەت بۆ مەرامی سیاسی خەڵکانی مەدەنی دەکوژن، ئەمە شتێکی باوە و هەر لە سەردەمی جاکوبەوە لە نەوەتەکانی سەدەی هەژدەدا روویداوە لە شۆڕشی فەڕەنسیدا، هەروەها وینستۆن چێرچڵ هانی بەکارهێنانی تیرۆری دا لە عێراقدا لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا بۆ حوکمڕانی کردنی ئەو وڵاتە. لەبەر ئەوە سیاسەتدارێژەرانیش نازانن تیرۆر چییە. رۆژێك موجاهدینی خەڵق لە عێراق وەك گرووپێکی تیرۆریستی وەسف دەکران و رۆژێکی دیکە ئەو وەسفەیان بەسەردا دانەدەبڕی،

ئەگەر لە ناوچەکە بڕوانین، ئەوا دەوڵەتێکی ئیتنۆکراتی هەبێت ئەوا ئیسرائیلە کە ئامانجی ئەوەیە ببێتە دەوڵەتێکی جوولەکە کە جیاکاری دەکات لە دژی دانیشتووانی عەرەب، ئەمە کێشەیەک دروست دەکات

شەرعییەتی سعودیە لەسەر ئیسلامێکی تایفەگەری بنیادنراوە، ئەم جۆرە ئیسلامەش هەناردەی ناوچەکە کراوە و بە ناوچەکەدا بڵاوکراوەتەوە

شیعەکانی عێراقیش رەوتی جیاواز لە خۆدەگرن و جیاوازی هەیە لە نێوان نەجەف و کەربەلا و لێکدانەوەی جیاواز دروست بووە دوای سەرهەڵدانی رەوتی بە سیاسیکردنی ئیسلامەوە

بەڵام ئەوەی پێوەندی بە چالاکیی کوردانەوە هەبێت لە تورکیا و سووریا- کە من شارەزاییەکی کەمترم هەیە لە بارەی عێراقەوە- ئەوا بەرنامەیەکی پێشکەوتوویان هەیە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێك کە بە رادەیەکی گەورە سیاسەتێکی دیموکراتییانەیە، چونکە خاوەنی حوکمڕانییەکی نامەرکەزی و فێمێنیزمن، ئەمە بەلای منەوە جێی بایەخ و سەرنجە ئەگەر پرسیاری پەیوەست بە چالاکی کوردان دەکەیت، لە ناوچەکەدا.

*** ئایا چۆن لە ئاڵۆزی و کێشەکانی نێوان شیعە و سوننە دەڕوانیت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە پێوەندی نێوان شیعە و سوننەوە، ئەوا ئەمە پتر لە روانگەیەکی تایفەگەرییەوە سەیرکراوە، کە لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ەوە زۆرێك لە ناکۆکییەکان وەك ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە لێکدراونەتەوە، واتە چۆن ئەم هەلومەرجە هاتەراوە، بۆ نموونە، ئەگەر سوننەکان لە لوبنان بۆردومانی ئامانجە شیعەکان بکەن، ئایا چی بەدی دەکەین؟ لە راستیدا ئاماژەدان بە رۆڵی سعودیە بەدی دەکەین. ئەمە لە کاتێکدا لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی لوبناندا- لە نێوان ساڵی ١٩٧٥ بۆ ١٩٩٠- ئەم دیاردەیە بەدی نەدەکرا، سوننەکانی بەیروت و تەرابلوس لەو رێکخراوە سوننییانەدا خۆیان رێکنەدەخست کە مەدەنییەکانیان دەکردە ئامانج، هەروەها حزبوڵاش لەدژی ئیسرائیل دروست بوو و دواتر بزووتنەوەی ئەمەل هاتەئاراوە. کەواتە سیاسەتی شیعەکان ئاڵۆز بوو، بە هەمان شێوە سیاسەتی سوننەکانیش. هەروەها شیعەکانی عێراقیش رەوتی جیاواز لە خۆدەگرن و جیاوازی هەیە لە نێوان نەجەف و کەربەلا و لێکدانەوەی جیاواز دروست بووە دوای سەرهەڵدانی رەوتی بە سیاسیکردنی ئیسلامەوە، کەوابێت مێژووی ناوچەکە تەنسا مێژووی ناکۆکییەکی نەبڕاوەی نێوان شیعە و سوننە نییە، ئەم تایفەگەرییەش لە هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراودا هاتەئاراوە و زیاتر بە هۆی سەلەفیزمی وەهابیزمەوە دروست بوو کە ئەمە رەوتێکی تەواو تایفەگەری و دژە شیعەیە، ئەمە ئەو بناغەیەی بوو کە شەرعییەتی سعودیەی لەسەر بنیادنرا لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا، کەوابێت شەرعییەتی سعودیە لەسەر ئیسلامێکی تایفەگەری بنیادنراوە، ئەم جۆرە ئیسلامەش هەناردەی ناوچەکە کراوە و بە ناوچەکەدا بڵاوکراوەتەوە، دواتر ئەمە تێکەڵ بوو بە پرسی جیۆپۆلەتیك و شەرعیەتی ناوخۆی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و دەستێوەردانی هێزە گەورەکان. ئێران تەنیا پشتیوانی شیعەکان ناکات، بۆ نموونە ئێران سیاسەتێکی جیاوازی گرتەبەر لە ئەفغانستاندا و لە راستیدا پشتی کردە شیعەکانی ئەو وڵاتە، چونکە ئێران وەك دەوڵەتێك رەفتار دەکات کە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی هەیە، کەواتە ئەم مۆرکە تایفەگەرییە سنوورداره ئەگەرچی ناکۆکی توند و توندوتیژی گەورەش هەیە بە ناوی تایفەگەرییەوە ئەنجام دەدرێن.

*** ئایا پێتوانییە تایفەگەری سەرچاوەی ناسەقامگیری و درێژەکێشانی کێشەکان بن؟**

- لە راستیدا ئەگەر تۆ لە عێراق بڕوانیت ئەوا لە ساڵانی بیستەکاندا کاتێك بەریتانا عێراقی داگیرکرد، ئەوە مەرجەعییەتێکی شیعە بوو کە فەتوای دەرکرد بۆ موسڵمانان بە شەرعییەتدان بە هەڵگرتنی چەك بۆ بەرگری لە خۆکردن، واتە مەرجەعییەتەی شیعەکان رۆڵێکی زۆر گرنگی بینی لە دروستبوونی ناسیۆنالیزمی عێراقی، بەڵام دواتر لە لایەن بەریتانیا و فەیسەڵەوە دوورخرانەوە، ئەم دۆخەش تا دوای ١٩٥٨ درێژەی کێشا، واتە لە دەسەڵاتی سیاسی دوور خرانەوە و هەمان حاڵەت رووبەڕووی کوردەکانیش کرا، کە بێبەش کران لە ناسیۆنالیزمی کوردی، یان بڵێین لە مافی خۆبەڕێوبەری —ئۆتۆنۆمی-، ئەمە ئەو دۆخە بوو کە بەرپرسیار بوو لە هاتنەئارای شەڕ و ناکۆکی، نەك مەسەلەکە ئەوەبێت کە کورد و شیعە و سوننە لە بنەڕەتدا رقیان لە یەکتر بێت و نەتوانن پێکەوەبژین، لەبەر ئەوە دەبێت سەیری رەهەندی سیاسی کێشەکە بکەین. هەروەها من باوەڕم وایە کە لێکجیاکردنەوەی تایفەگەری زەمینەخۆشکەرە بۆ ناسەقامگیری و ناکۆکی بەردەوامی. خۆ ئەگەر لە ناوچەکە بڕوانین، ئەوا دەوڵەتێکی ئیتنۆکراتی هەبێت ئەوا ئیسرائیلە کە ئامانجی ئەوەیە ببێتە دەوڵەتێکی جوولەکە کە جیاکاری دەکات لە دژی دانیشتووانی عەرەب، ئەمە کێشەیەك دروست دەکات، یان ئەگەر لە پاشایەتی سوننی لە بەحرەین بڕوانیت، ئەوا ئەوان دژایەتی شیعە دەکەن، بەڵام ئایا ئەمە ناکۆکییەکی سوننی-شیعەیە، یان خانەوادەیەکی حوکمڕانە هەڵدەستێت بە سەرکوتکاری و جیاکاری دژی هەوڵەکانی بەشێکی بەرفراوانی خەڵکەکەی -لە نێواندا شیعە- بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی نوێنەرایەتی، لەبەر ئەوە من پتر ئاماژە بە سیاسەت دەدەم، نەك بە پرسی تایفەگەری بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە بنەڕەتییانە.

**بیرۆکەی دووبارە دارشتنەوەی سیستمی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا بەندە بەوەی چی لە هزری ئەو کەسانەدایە کە بەم کارە هەڵدەستن**

**هەر کاتێک حاڵەتی سەرکەوتن و بەردەوامبوونی دارشتنی سنوورەکانمان بەدی کردبێت، ئەوا هۆکارەکەی ئەوە بووە کە بزاوتێکی بەربڵاو هەبووە و سەرکردەکان توانیویانە پەرە بە بەدیلی بنیادنەر بدەن و دامەزراوەکانی دەوڵەت دروست بکەن، کە ئەو دامەزراوانەش توانیویانە ئەدایەکی ئابووری و کەلتووری و سیاسی باشیان لە ئاست هاووڵاتیاندا هەبێت**

**سیاسەت و دیپلۆماسی ئەمەریکا و رووسیا کەمتر پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کێشە گەوهەرییەکان کە بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی، بگرە لەوەش خراپتر ئەمەریکا و رووسیا رۆڵیان لە خراپترکردنی بارودۆخەکەدا بینیوە**



### قەیرانگەلێکی زۆر تەنگی بە عێراق هەڵچنیوە...

# ئایا بە شۆڕشێکی سەرتاسەری یان کودەتایەکی سەربازی رزگاری دەبێت؟

**راپۆرتی گوڵان**

ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتییە راستییەکی ئاشکرای بەرهەمهێناوە، ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی عێراق کۆتایی هاتووە! پێویستە حکومەتێکی بەپەلەی رزگارکەر پێکبهێندرێت، تاکو هەر نا بتوانێت تۆزێك ئەو حوکمڕانییە بجووڵێنێت. ئەو هەموو کێشانەی بە دوای یەکدا لە عێراق روویانداوە، بەو حاڵەتە گەیشتن کە قۆناغی هەڵوەشانەوەی یەکجارەکی خەریکە سەرهەڵدەدات، بەڵام تۆ بڵێی هێزێك هەبێت لەو قەیرانە رزگاری بکات؟ بۆیە هەموو را و بۆچوون و راپۆرتە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان ماوەیەکە هۆشیاریی دەدەن کە پێویستە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق چاك بکرێتەوە، بەڵام کەس نییە هەر بیریشی لێ بکاتەوە، لەبەر ئەوە رەوشەکە بەوە گەیشت کە گشت دەرگاکان دابخرێن و عێراق بە یەکجاری دووچاری تەنیایی و دوورەپەرێزیی و ململانێی تایفەگەری و ئایینزایی و سیاسی ببێتەوە.

هەموو ئیدارەیەکی سەرکەوتوو لە هەر وڵاتێکدا بێت، دەبێ چاك بزانێت کە کێشە و گرفتەکان کۆتاییان نایەت، لەبەر ئەوە پێویستە هەمیشە ئامادە بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو تەگەرە و سەختی و ئاستەنگێك، دەبێ هەست بەوە بکات کە بە لێدوان و پڕۆپاگەندەی بریقەدار کێشەکان چارەسەر نابن و سەرهەڵدانی هەر

کێشەیەکیش مانای شکست ناگەیەنێت، لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام نابێ هەر کێشەیەك کە دێتە پێشەوە بەری لێ نەگیرێت و زوو فریای نەکەوین، چونکە دواتر ئەم کێشەیە کێشەی دیکەشی بەدوادا دێت تا دەگاتە ئاستی قەیران، کە ئەو کاتە پێویستی بە چارەسەری قورس و توانا و لێهاتوویی و سامان و بیرکردنەوەی قووڵ دەبێت. لە وڵاتاندا چارەسەری ئەمە بە بیر و بۆچوون و راوێژ دەکرێت، بەڵام لە عێراقدا نە ئەو شارەزاییە هەیە، نە ئەو راوێژە پسپۆڕییە هەیە کە بتوانرێت بە هۆیانەوە سەر لەم قەیرانانە دەربکرێت کە لە ئێستادا وڵات بەرەو دارمان و هەرەس دەبات.

وڵاتێکی وەك عێراق ئەوە بۆ چەندین ساڵە خۆشیی بە خۆیەوە نەدیوە، لە ئاکامی ئەو سیاسەتە رەها و ئاڵۆزەی بڕیاربەدەست و حکومەتانەی کە هەر بە لاوازی و دوور لەهەستی نیشتمانی حوکمڕانیی وڵاتیان کردووە، دیارە ئەمەش لەبەر نەبوونی ئیرادەیەکی راستەقینە و نیازێکی پاکی نیشتمانی و نەبوونی شارەزاییەکی تەواوە لە بەڕێوەبردنی وڵات، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە دەستێوەردانی دەرەکی بێتە نێو عێراقەوە و پیاوانی ئایینی دەست بە سەر حوکمڕانیدا بگرن و بەرژەوەندییە ئایینیی و مەزهەبییەکان بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانەوە گرێ بدرێن، لە ئاکامدا گەندەڵی و بێسەروبەریی ئیداری سەری هەڵدا و سامانی گشتی بەهەدەر برا و خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت پشتگوێ و فەرامۆش و پەراوێزخران.

قەیرانی راستەقینەی وڵات لە نێوان سەرانی ئایینزای شیعە پەرەی سەندووە، ئەمەش لەبەر بەرژەوەندیی جیاوازە، لەوانە پاوانخوازیی دەسەڵاتی ئەمنی و ئابووری، ئەوە بوو لەم دواییەدا یەکێك لەو سەرکردانە کە موقتەدا سەدر بوو بە ئاشکرا داوای خۆپیشاندانێکی ملیۆنیی فراوانی کرد دژ بە گۆڕانکاریی وەزارەت کە حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەت لەوەتەی چەند مانگێکە خەریکی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانەیە، سەرەڕای ئەمەش موقتەدا سەدر بایکۆتی کۆبوونەوەی هاوپەیمانیی نیشتمانیی کرد کە بە سەرۆکایەتیی عەبادی لە کەربەلا بەڕێوەچوو، ئەم کوتلەیەش گەورەترین کوتلەی سیاسییە و خاوەن ژمارەیەکی زۆری کورسیی پەرلەمانی عێراقە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بارودۆخی عێراق زیاتر رووەو پشێوییە و کردەوە تیرۆریستییەکانیش هەر بەردەوامن و ئابوورییەکەشی بەرەو هەرەسهێنانە، بۆیە ئابووریناسان دووپاتی دەکەنەوە کە عێراق دوای چەند مانگێك تەنانەت ناشتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات، لەلایەکی دیکەوە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لە سێیەکی خاکی عێراق بەردەوامە، دەستێوەردانی ئێرانیش لە کاروباری عێراق جگە لە سعودیە و تورکیا هێشتا درێژەی هەیە، ئەمە وێڕای رکابەریی نێوان سیاسەتوانان کە هەر یەکەیان دەیەوێت ئەوی دیکە لەناو ببات، ئەم وڵاتە تەنانەت لە رووی زانست و رۆشنبیری و هونەریشەوە رۆژبەڕۆژ دوادەکەوێت و بڕیاربەدەستانی عێراق خەریکی ململانێ و کاولکارین لەجیاتی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە.

رووداوو کارەساتە گەورەکە لەوەدایە کە حکومەت رووەو هەرەسهێنانەو بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتی لێپێچینەوەی لە گەندەڵکاران نەماوەو چەندین ساڵە بە سەدان دۆسیێ و کەیسی تاوانی گەورەی بەرپرسان لە دادگاکان کەوتوون، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەستن بە بەفیرۆدانی سامانی گشتی و شووشتنەوەی پارە و دزی و بەتاڵانبردن و پاوانخوازی و کێبڕکێی دەسەڵات.

زۆر لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق و باڵادەستان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم ساڵساڵێکی شووم و پڕ لە رەشبینی دەبێت لە رووی ئابوورییەوە کە بە درێژایی مێژووی عێراق بەم شێوەیە نەبووە، ئەمەش بە هۆی مایەپووچبوونی وڵات و نەمانی پارە یە کە رەنگە دوای هەشت مانگی دیکە ئەم دیاردەیە سەرهەڵبدات، تەنانەت ئەگەر نرخی نەوتیش بەرزبێتەوە، ئەوا لەبەر نەبوونی پلانی تۆکمەی ئابووری و دیدگای زانستی و راستەقینەی ئابووری ئەوا رەوشەکە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، ئەگەر خراپتر نەبێت. وێڕای ئەمەش هەندێ لە چاودێران پێیانوایە کە عێراق بەهۆی بوونی هێزی میلیشیایی زیاتر دووچاری ململانێ دەبێتەوە، کە رەنگە لەم رووەوە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەدەست بدات، چونکە ئەو هێزانە لە پێکهاتەکانی شیعە دروستبوونە و لەنێو خۆشیاندا رکابەری و ململانێی توند لە ئارادایە، کە هەر یەك لەو هێزانە هەوڵی ئەوە دەدات دەست بەسەر دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکاندا بگرێت.

ناکرێ ئایندەیەکی رەشی دیکە پشتگوێ بخرێت کە خەریکە روو لە عێراق دەکات، ئەویش ئەوەیە کێ حوکمڕانیی وڵات دەکات ئایا هەر ئەو دەموچاوە کۆنانە عێراق لەو قەیرانانە رزگاردەکات، کە بە درێژایی ١٣ ساڵدا ئەمەیان پێ نەکراوە؟ چونکە ئەوەی زانراوە هیچ یەك لەو حزب و هێزە سیاسییانەی لەلایەن حزبە ئایینی و شیعە مەزهەبییەکانەوە داڵدەدراون بە هیچ شێوەیەك ئەوی دیکەی قبوڵ نییە، ڕێگەش نادەن لە دەرەوەی ئەوان هیچ حزبێکی دیکە جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، بۆیە ئەو وڵاتە مەگەر بە پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکراتی بێلایەن بەڕێوەبچێت، کە ئەمەش زۆر ئەستەمە سەربگرێت، کەواتە لە کۆتاییدا ئەوەندە ماوە کە بڵێین دووچاری دۆخێکی ناجێگیر و بێسەروبەر بووە تەنیا بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرتاسەریی میللی، یان کودەتایەکی سەربازی لەو هەموو قەیرانانە رزگاری بێت.

**راو بۆچوون و راپۆرتە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان ماوەیەکە هۆشیاریی دەدەن کە پێویستە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق چاك بکرێتەوە، بەڵام کەس نییە هەر بیریشی لێ بکاتەوە، لەبەر ئەوە عێراق بە یەکجاری دووچاری دووبەرەکی و پەرتبەرتی و ململانێی تایفەگەری و ئایینزایی بووە**

**لە عێراق نە ئەو شارەزاییە هەیە، نە ئەو راوێژە پسپۆڕییە هەیە کە بتوانرێت بە هۆیانەوە سەر لەم قەیرانانە دەربکرێت کە لە ئێستادا وڵات بەرەو دارمان و هەرەس دەبات**

**زۆر لە دەسەڵاتداران و باڵادەستانی عێراق دان بەوەدا دەنێن کە ئەمساڵ ساڵێکی شووم و پڕ لە رەشبینی دەبێت لە رووی ئابوورییەوە کە بە درێژایی مێژوو بەم شێوەیە نەبووە، ئەمەش بە هۆی مایەپووچبوونی وڵات و نەمانی پارەیە**

**هەندێ لە چاودێران پێیانوایە عێراق بە هۆی بوونی هێزی میلیشیایی زیاتر دووچاری ململانێی زیاتر دەبێتەوە، کە رەنگە لەم رووەوە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەدەست بدات**